# چۆن و بۆچی ببمە

# باڵیۆش؟

# چۆن و بۆچی ببمە

# باڵاپۆش؟

**ئامادەکردن و نووسینی:** شاگوڵ مەغدید حسێن

**دیزاینی بەرگ:** زریان موحەمەد

**دیـزایــــــــنی تێکست:** زریان موحەمەد

**تـیـــــــــراژ:** ١٠٠٠ دانە

**چـــــــاپ:** چاپی یەکەم

**ژمـارەی سـپاردن:** لـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکانی ڕاپەڕیـن ژمـارەی سـپاردنی (٢٩٨٠)ی سـاڵی (٢٠٢٥)ی پێـدراوە

**شـوێـنی چـاپ:** ناوەندی ڕێنوێن

**مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە**

RENWEN

+964(0)750 126 96 89 - +964(0)751 140 88 68

hakem1423@yahoo.com - renwen2009@yahoo.com

**سلێمانی - بازاڕی کاسۆمۆڵ - نهۆمی دووەم / دوکانی ژمارە ٤٥**

# چۆن و بۆچی ببمە

# باڵاپۆش؟

١٠٠ خاڵ بۆ وازهێنان لە ناپۆشتەیی و بوون بە باڵاپۆش

لەگەڵ چەند بابەتێکی گرنگی دیکەی پەیوەست پێیەوە

زیاتر بزانە

RENWEN

پەروەردگارت دەفەرموێت:

﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ (النور: ٣١)

با ئافرەتانی ئیماندار جوانیی خۆیان دەرنەخەن.

فەرمانی باڵاپۆشی ڕێزێکی ئیسلامە بۆ ئافرەت.

باڵاپۆشی پەرستشە نەک عادەت و کلتوور.

باڵاپۆشی ئافرەت بە پۆشاکی تەقوا و ئیمان دەڕازێنێتەوە.

# پێشکەشە بە

ڕۆحی پاکی باوکم مامۆستا مەلا مەغدید کە هەمیشە دەیگوت: کتێبم لە ڕۆحی خۆم زیاتر خۆشدەوێت.

دایک و خوشک و براکانم کە فێرکار و پەروەردکارم بوون بۆ چاکە.

مامۆستاکانم کە بەهۆیانەوە زمانی عەرەبی و زانستە شەرعییەکان و فێربوونیشم زیاتر خۆشویست.

بە فێرخوازە خۆشەویستەکانم کە فێرخوازی قورئانی پیرۆزن

هەر هاوڕێ و دۆست و ئازیزێک کە بە وشەیەکیش بێت هاندەرم بوون.

هەر خوێنەرێک کە بە خۆشەویستی و گرنگییەوە ئەم نووسینە دەخوێنێتەوە.

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێپایان بۆ خوای گەورە کە ڕێنوێنیی کردم و فێری کردم.

سوپاس بۆ هەر مامۆستایەک ئەگەر وشەیەکیشی فێرکردبم .

سوپاس بۆ مامۆستایانی بەڕێز: (م. محمد بابکر حمد) و( د. حسین محمد نوری) کە ئەرکیان کێشا و پێداچونەیان بۆ کتێبەکە کرد.

سوپاس بۆ دایک و خوشک و براکانم کە ئاسانکار و هاندەر و یارمەتیدەرم بوون.

سوپاس بۆ هەر کەسێک کە بە ڕەفتارێک یا هەڵسوکەوتێکی جوان ئیلهامێکی پێ بەخشیبم و چاکەیەکی لێ فێربووبم. هیوادارم هەموویان لە پاداشتی ئەم کێبەدا بەشدار بن.

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاسی بێپایان بۆ ئەو پەروەردگارەی کە تۆوی حەزکردن بە چاکەی لە ناخی مسوڵماناندا چاندووە، ڕێگای ڕاستی نیشانداون و ڕێنوێنیی کردوون بۆی.

درووود و سڵاو بۆ سەر گیانی پاکی خۆشەویستترین و جوانترین و پاکترین مرۆڤ پێغەمبەری ئازیزی دڵان ﷺ (صل الله عليه وسلم)، بەقەد دروستکراوەکانی خوا، بەقەد جوانی و گەورەیی ئاکارەکانی سڵاوی لێ بێت، ڕەحمەت و بەرەکەت بڕژێت بەسەر گیانی پیرۆزی وەک چۆن بوونی هەمووی ڕەحمەت و بەرەکەتە...

پاشان سڵاوی خوا لە تۆ خوێنەری ئازیز...

بە ناوی خوای گەورە یەکەم نووسینم دەستپێدەکەم. ئەو خوایەی هەموو خێر و چاکە و جوانی و باشی و بەخششێک لەوەوەیە، ئەم نووسینەم لە خۆیەوە بۆ خۆیەتی. هیوادارم بە گەورەیی خۆی لێم قبووڵ بفەرموێت. چونکە هەم بیرۆکەکان هەم جێبەجێکردنیان بە یارمەتی و هێزپێدان و هاوکاریی ئەوە.

بوونە مایەی خێر و سوودبینینیش لەم کتێبە هەر لە خۆی داوا دەکەین...

لە ساڵانی (٢٠٢٠) بە دواوە لەماوەی گوتنەوەی وانەی قورئاندا چەند خاڵێکی هاندەرانەم دەنووسی لەبارەی باڵاپۆشی و، پێم گرنگ بوو وەک چەند وانەیەکی پەروەردەیی پێشکەشی بکەم بە فێرخوازەکانم. دەمویست ئەو فەرمانە خواییە -باڵاپۆشی- بەو گەورەییەی کە هەیە، بەو جوانییەی کە هەیە، بەو گرنگی و پێویستییە کە هەیە نیشانیان بدرێت. دەمویست باسێک لە گەورەیی ئافرەتەکانی دەوری پێغەمبەرمان ﷺ بکەم. لە ناخی دڵمەوە دەمویست کارێک بکەم باسی ئەو مرۆڤە جوانانە جارێکی دی زیندوو ببنەوە لەناومان و بیانکەین بە سەرمەشقی کچانمان لە هەموو ڕویێکەوە. دەمویست باڵاپۆشی بە مانا ڕاستەقینە و فراوانەکەی باس بکەم تا هەموان بزانن باڵاپۆشی تەنیا سەرپۆشێک نییە، بەڵکو یەکێکە لە هۆکارەکانی بەختەوەری و سەربەرزیی دنیا و قیامەت، باڵاپۆشی بیروباوەڕە، پەرستشە، ڕەوشتە، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی جوانە... ئیدی خوای گەورە زیاتر یارمەتیی دام و وردە وردە خاڵی زیاترم نووسی و بەڵگە جوانەکانی ناو قورئان و فەرموودەم بۆ زیادکردن لەگەڵ وەرگێڕانی چەند بابەتێک. تاوەکو نووسینی ئەم کتێبەی بەردەستتان بە کۆتایی گەیشت. سوپاس و ستایش بۆ خوای باڵادەست.

ئەم کتێبە بە شێوازێک نوسراوە وەک ئەوەی خوێنەر

بدوێنێت و قسەی لەگەڵدا بکات و پرسیاری لێ بکات و وای لێ بکات هەست بە گەورەیی و گرنگی و لە هەمان کاتدا ئاسانیی بوون بە باڵاپۆش بکات و پێکهاتووە لە (١٠٠) خاڵ کە لە دوو بابەتدا کۆکراونەوە. هەروەها چەند بابەتێکی دیکەی گرنگ کە بۆ ئەو خوشکانەش بەسوودە کە باڵاپۆشی تەواو نین یان بڕیاری باڵاپۆشیی یەکجارییان نەداوە. هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە مایەی سوود و خێر بۆ خوشکانی هاوزمانم و خۆشەویستیی باڵاپۆشی و ئیسلامەتی لە دڵی خوێنەرانیدا بچێنێت و ئاسانکارییەک بێت بۆ بڕیاردان و بەردەوامبوونیان لەسەر ئەم پەرستشە گەورەیە.

شاگوڵ مغدید حسێن

ڕانیە – ٢٠٢٥

بۆچی خوای گەورە باڵاپۆشیی واجب کرد؟

باڵاپۆشی پەرستشێکی بەرز و جوانە کە واجب کراوە لەسەر ئافرەت. ئەو فەرمانە خواییەیە کە باوەڕنەبوون پێی مسوڵمان لە بازنەی مسوڵمانێتی دەباتە دەرەوە، هەروەها یەکێکە لە جوانترین و پێویستترین و بەرزترین سرووتەکانی ئایینی ئیسلام و بە گاڵتەکردن و بەپێویست نەزانین و ڕازینەبوون پێی دووبارە کەسەکە لە بازنەی باوەڕداریێتی دەباتە دەرەوە. کەواتە گرنگە بزانین بۆچی واجب کراوە؟

بەپێی ئەوەی مرۆڤ دروستکراوێکە جیاواز و گەورەتر و ڕێزلێگیراوترە لە هەر دروستکراوێکی دیکە، خوای گەورە بەرنامە و ڕێبازێکی پاک و جوان و تەواو ڕاست و ڕێکوپێک و بێهەڵەی بۆ داناوە، تێیدا هەندێ شتی لێ قەدەغە کردووە و هەندێ شتیشی کردۆتە ئەرکی سەرشانی و واجبی کردووە لەسەری، ئەمەش لەپێناو ئەوەی بەرزتر و ڕێزلێگیراوتر بێت و لە دروستکارەکەی نزیکتر بێتەوە. بە ئامانجی ئەوەی هەم لە دنیا و لەسەر زەوی ژیانێکی شایستە و ڕێکخراو بژیێت و هەم لەو دنیاش بەرهەمەکەی بچنێتەوە و سەرفرازی هەردوو دنیا بێت.

باڵاپۆشیش یەکێکە لەو پەرستشە گەورانەی خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر ئافرەتانی مسوڵمان، لەبەرئەوە پێویستە هەموو تاکێک زانیاری لەبارەی (جلوبەرگی شەرعی) هەبێت و لە هەمووی گرنگتر زانیاریی لەبارەی گرنگیی ئەم پەرستشە هەبێت و بزانێت بۆچی ئەم پەرستشە واجب کراوە؟

بۆچـی مسـوڵمان -بەتایبـەت ئافرەت- پێویسـتە لەسـەری خـۆی داپۆشـێت؟ چونکـە پیاویـش واجبـە لەسـەری خـۆی داپۆشـێت، بـەڵام جیـاواز لـە ئافرەت، بۆیـە هەبوونـی زانیـاری بـۆ مسـوڵمان زۆر گرنگـە بەتایبـەت لـە شـتێکی ئـاوا گرنگـدا -کـە پەرستشـێکە بـۆ خـوای گـەورەیـە- ئەگـەر بەبـێ هەبوونـی زانیاری پەرستشـەکە ئەنجـام بـدات زۆر نزیکـە ئامانجەکـە نەپێکێـت و کارەکـەی بێپاداشـت بێـت.

هەروەهـا خـوای باڵادەسـت دروسـتکار و پـەروەردگاری ئێمەیـە و هـەر ئـەو شـایەنی ئەوەیـە یاسـا و ڕێسـا بـۆ ژیانمـان دابنێـت، شـتانێکمان لـێ قەدەغـە بـکات و شـتانێکیشـمان لەسـەر واجـب بـکات، وە خـۆی بڕیـاردەر و بەڕێوەبـەرە و شـایستەیە بـۆ ئـەوە، هەروەهـا ئێمـە دروسـتکراوێکی ئەویـن و ئـەو دروسـتکار و بەدیهێنـەری ئێمەیـە، هـەر خـۆی دەزانێـت باشـترین بەرنامـە چییـە بـۆ ئێمـە و چ بەرنامـە و ڕێبـاز و شـێوازێکی ژیانیـش زیانمـان پێدەگەیەنێت. جگـە لـەوەی زۆر بەسـۆز و میهرەبانـە و، لـە دایـک و باوکمـان بۆمـان بەسـۆز و میهرەبانتـرە و، هەمیشـە چاکـە و خێـری بۆمـان دەوێـت. بەڕاسـتی بەندەکانـی خـۆش دەوێـت، هـەر خـۆی ئـاگاداری غەیـب و پەنهـان و داهاتـوو و سـەرەنجامی کارەکانـە. زۆر وردەکار و زانـا و دانـا و شـارەزایە بـە هەمـوو شـتێک. بەڕاسـتی (اللـە ﷻ) خوایەکـە شـایەنی پەرسـتنە، شـایەنی ئەوەیـە ملکەچـی بیـن و فەرمانەکانـی جێبەجـێ بکەیـن، نـەک بـە حـەز یـا عەقڵـی خۆمـان ڕێبازێـک بـۆ ژیانمـان دابنێیـن؛ چونکـە عەقڵـی

مرۆڤ سنووردارە  و ناکرێ بەتەنیا پشتی پێ ببەسترێت، هەر ئەمەشە مانای (مسلم-مسولْمان) واتە ئەو کەسەی ملکەچی خوایە و خۆی داوەتە دەست فرمان و بڕیارەکانی خوای گەورە.

باڵاپۆشی هەروەک پەرستشەکانی دیکە ئەگەر بە زانیارییەوە و بە نیەتێکی پاک و تەنیا لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورە ئەنجام بدرێت و دڵیش بەتەواوی وابەستەی دنیا نەبووبێت، ئەوا بە ویستی خوا دەبێتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی دەستکەوتنی خێر و چاکە و ئاسوودەیی و بەختەوەریی دنیا و قیامەت.

هەموومان دەزانین حوکمی حیجاب واجبە هەروەها کێش ئەو حوکمەی دەرکردوە، بەدڵنیاییەوە (الله ﷻ).

زۆر گرنگە بزانین تەنانەت ئەگەر حیکمەت و هۆی واجببوونی حیجاب یا هەر پەرستشێکی دیکەش نەزانین، پێویستە وەک مسوڵمانێک هەر فەرمانبەرداری (الله ﷻ) بین. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا﴾ الأحزاب: ٣٦، واتە: بۆ هیچ پیاوێکی ئیماندار یان ژنێکی ئیماندار نییە، کاتێک کە خوا و پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێک بدەن، ئەوان سەرپشک بن (لە ئەنجامدانی ئەو کارە؛ چونکە) ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی ئەوە ئیتر بەئاشکرا گومڕا و سەرلێشێواوە.

❀ ❀ ❀

ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە بینینی مرۆڤ بۆ بینینی جوانیی ئافرەت بگۆڕێت لە بینینێکی شەهوانییەوە بۆ بینینێکی مرۆڤانە. بەشێوەیەکی تر ئیسلام دەیەوێت لە ڕێگەی بەرگ و پۆشینێکی جوانەوە جوانییە شەهوانییەکان بگۆڕێت بۆ جوانییە ئینسانییە ڕێزدارەکان.

❀ ❀ ❀

## حیکمەت و هۆکارەکانی واجببوونی حیجاب

١. باڵاپۆشی پەرستشێکە و خۆشەویستی و ڕازیبوونی خوای گەورە و سەرفرازیی دنیا و قیامەتی پێ بەدەست دێت.

٢. باڵاپۆشی بۆ پاراستنی ئافرەتە پێش هاوسەرگیری لە خراپەکاران و دوای هاوسەرگیری لە تێکچوونی شیرازەی خێزانەکەی بەهۆی پێدانی ڕێز و ویقار پێی.

٣. باڵاپۆشی پارێزەری پرچ و پێستی ئافرەتە لە پیری و تێکچون و نەخۆشی (بەهۆی هەندێ شت وەک تیشکی خۆر).

٤. بەهۆی پاڵاپۆشییەوە ئافرەت دەتوانێت بەئاسوودەیی و ئازادانە و بەبێ کێشە بچێتە دەرەوە و لەو بوارانەدا کە توانای هەیە و گونجاون بۆی خزمەت بە کۆمەڵگەکەی بکات.

٥. هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی خێزانەکان و پەیوەندییە خێزانییەکان و پتەوبوونیان.

٦. هۆکارێکی کاریگەرە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە داڕووخانە ڕەوشتییەکان-وەک ئەوەی دەیبینین لە وڵاتە نامسوڵمانەکان- هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەپاکی مانەوەی کۆمەڵگە.

٧. ئەو ئاسوودەییەی ئافرەت بە باڵاپۆشی دەستی دەکەوێت بە ناپۆشتەیی دەستی ناکەوێت لە هەموو ڕوێکەوە.

بە باڵاپۆشبوونت مرواریەکی داپۆشراویت،

گەوهەرێکی پارێزراویت.

# زیانەکانی تاوان و سەرپێچیکردنی پەروەردگار

بەگشتی ئەنجامدانی تاوان و گوناح زیانی بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگە دەبێت، زیانەکانیش لە دنیا و لە قیامەتدا دەبینرێنەوە، لەوانە:

١ـ مردن و ڕەقبوونی دڵ:

تاوان دەبێتە هۆی مردن یا ڕەقبوونی ئەو دڵەی گرانبەهاترین و جوانترین و گرنگترین ئەندامی تۆیە و جەستە و ڕۆحتی پێکەوە بەستۆتەوە، ئەگەر لەکارکەوت و خراپ بوو هەموو ئەندامانی جەستە کار و کردەوەیان خراپ دەبێت. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: «أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً ، إِذَا صَلُحَتْ صَلُحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ»[(١)] واتە: ئاگاداربە بەڕاستی پارچە گۆشتێک لە جەستەدا هەیە ئەگەر چاک بوو جەستەش هەمووی باش دەبێت، ئەگەر خراپیش بوو هەموو جەستە خراپ دەبێت. ئەو پارچە گۆشتەش بریتییە لە دڵ.

عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک دەڵێت:

رأيت الذنوب تميت القلوب

وقد يـــــورث الــذل ادمـــانـــها

وترك الذنوب حيـاة القلوب

وخـــــير لنـــــفسك عصيــــانها

(١) اخرجه مسلم- ١٥٩٩

واتە: بینیم چۆن تاوانەکان دڵەکانی دەمراندن.

زۆر جاریش ڕاهاتن و خووگرتن بە تاوانەوە دەبێتە هۆی سەرشۆڕی و ڕیسوایی و نەمانی ڕێز و شکۆ.

وازهێنانیش لە تاوان ژیانەوەیە بۆ دڵەکان و

ئەگەر سەرپێچیی نەفسیشت بکەی باشترە بۆ خۆت.

٢. هەر کاتێک مرۆڤ گوناهێک بکات و تەوبەی لەسەر نەکات دەبێتە هۆی دروستبوونی خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵ. جا ڕابمێنە کەسێک باڵاپۆش نەبێت چەندان ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەم شێوەیە سەرپێچی فەرمانی خوا بکات، ئایا دەبێت چەند خاڵی ڕەش لەسەر دڵی کۆببێتەوە؟

٣. لاوازبوونی ئیمان. تا زیاتر مرۆڤ ڕۆبچێت لە تاواندا و زیاتریان بکات و دووبارەیان بکاتەوە ئیمانی لاوازتر دەبێت.

٤. وردە وردە نەمانی ویقار و ڕێز و هەیبەت لای خەڵک و زەلیلی و ڕیسوابوون. چونکە گوێڕایەڵیی فەرمانی خوا عیززەت و شکۆ و سەربەرزی دەدات بە مسوڵمان و تاوانیش پێچەوانەکەی.

٥. ڕاڕایی و نارەحەتی و نائاسوودەبوونی دەروون و ڕۆح، چونکە سەرپێچیی ڕێنماییەکانی ئەو کەسەت کردووە کە دروستی کردوویت!

٦- تووڕەبوونی خوا و دوورکەوتنەوە لە سۆز و بەزەیی و ڕەحمەتی خوا.

٧- دڵخۆشکردنی شەیتان!

٨- ئەگەر بەهۆی تۆوە کەسێکی تر هەمان تاوان بکات تۆش هاوبەشی تاوانەکەی دەبیت، لەوانەش ناپۆشتەیی و سفوری؛ چونکە بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و منداڵان و نەوجەوانان و کچان چاوت لێ دەکەن.

٩- زۆرجار تاوانێک ڕێ بۆ تاوانێکی تر خۆش دەکات. وەک سفوری کە ڕێ خۆش دەکات بۆ تێکەڵی و دانانی پەیوەندی ناشەرعی.

١٠- ئاسایی و سادەبوونی تاوان لە دڵدا؛ مرۆڤ تا زیاتر تاوان بکات ئینکاریی دڵی بەرامبەریان کەم دەبێتەوە و بەلایەوە سادە و ئاسان دەبن.

١١- بڵاوبوونەوەی تاوان و سادە و ئاسایی بوونەوەی لەناو خەڵکدا. بەتایبەت ئەو تاوانانەی دەبینرێن و بەئاشکرا ئەنجام دەدرێن و جوان دەکرێن و باسیان دەکرێت و ئاسایی دەبنەوە لەناو خەڵک، لەوانەش سفوری.

١٢- کەمبوون یا نەمانی بەرەکەت و نیعمەتەکان و بەهرەوەرنەبوون لە جۆرە جیاوازەکانی ڕزق و بەخششەکانی خوا.

١٣- تووشبوون بە نەخۆشی و ناخۆشی و بەڵا لە سزای تاوانەکەدا لە دنیادا، یان سزای قیامەت و دۆزەخ کە ئەمە زۆر سەختتر و بەئازارترە.

١٤- بە باڵاپۆشنەبوونت تۆ دەبیتە هۆی زینای چاوی پیاوان! کە یەکێکە لە زینای ئەندامەکان و پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم) بەم شێوەیە باسی کردوە: «فَالْعَيْنَانِ زِنَاهُمَا النَّظَرُ، وَالْأُذُنَانِ زِنَاهُمَا الِاسْتِمَاعُ، وَاللِّسَانُ زِنَاهُ الْكَلَامُ، وَالْيَدُ زِنَاهَا الْبَطْشُ، وَالرِّجْلُ زِنَاهَا الْخُطَا، وَالْقَلْبُ يَهْوَى وَيَتَمَنَّى»[١] واتە: زینای چاو تەماشاکردنە. زینای گوێ گوێگرتنە. زینای زمان قسەکردنە. زینای دەست دەستلێدانە. زینای پێیەکان هەنگاونانە. زینای فکر و دڵیش حەزلێبوون و هیواخواستنە.

١٥- بێبەشبوون لە زانستی بەسوود یاخود لەبیرچوونەوەی. بۆنمونە ئەوەی قورئان لەبەر بکات تاوان وادەکات لەبیری بچێتەوە؛ چونکە زانست نوورێکە خوای گەورە دەیخاتە ناو دڵەوە بەڵام تاوان دەیکوژێنێتەوە و دەیسڕێتەوە.

١٦- هەستکردن بە نامۆیی و دووری لە خوا، تەنانەت ئەگەر کەسەکە خاوەنی هەموو خۆشییەکی دنیاییش بێت.

١٧- تاریکایی دڵ، چونکە گوێڕایەڵیکردنی خوا نوورە و تاوانیش تاریکاییە بۆ دڵ.

(١) اخرجه مسلم: ٢٦٤٧

ئیبن عەباس دەڵێت: «چاکە گەشی دەدات بە ڕوخسار و نوور دەدات بە دڵ و فراوانی بە ڕزق و هێز بە جەستە و هەروەها خۆشەویستیی کەسەکە دەخاتە دڵی خەڵکەوە. گوناهیش ڕوخسار ڕەش دادەگەڕێنێت و تاریکاییە بۆ دڵ و قەبر و لاوازییە بۆ جەستە و ڕزق کەم دەکات و هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک ڕقی لێت ببێتەوە».

١٨- لاوازیی دڵ پاشان جەستە.

١٩- کورتی تەمەن و بێبەرەکەتبوونی.

تەمەنی ڕاستەقینە ئەوە دەگرێتەوە کە بەدڵێکی باشەوە لەناو گوێڕایەڵی پەروەردگاردا ژیان بکەیت. بەڵام کە لەناو تاواندا بوویت، ئەوا ئەو کات و ژیانە بێهوودە بەفیڕۆ چووە.

٢٠- کاتێک مرۆڤ خراپەیەک دەکات ژەنگێک دروست دەبێت لەسەر دڵی. پاشان ئەگەر ئەم ژەنگ و ڕەشییە زیاد بوو کە خوای گەورە لە وەسفیدا دەفەرموێت: ﴿ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ (المُطَفِّفِينَ: ١٤) واتە: نەخێر، بەڵکوو دڵیان ژەنگی هێناوە و چڵکی گوناهـ دایپۆشیوە لە سەرەنجامی ئەو کاروکردەوانەی کە دەیانکرد. پاشان ئەگەر زیاتر بوون مۆر دەدرێت لە دڵی، پاشان قفڵی لێ دەدرێت. ئیدی ئەم دڵە هیچ بەرەو چاکە ناڕوات و دڵ بە پەردەیەک دەوردەدرێت و شەیتان چی بوێت پێی دەکات!

وەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا﴾ (الأعراف: ١٧٩) واتە: ئەوانە دڵیان هەیە و کەچی حەقی پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی حەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی حەقی پێ نابیستن.

٢١- کەمبوون یا نەمانی شەرم، شەرمنەکردن لە خۆت، لە خەڵک، لە خوا، لەکاتێکدا شەرم سەرچاوەی هەموو خێرێکە.

٢٢- نەمانی هەستکردن بە گەورەیی خوا لە دڵدا.

٢٣- لاوازبوون یا نەمانی هیممەت و ئیرادەی دڵ و تەمبەڵبوون لە پەرستشەکاندا.

٢٤- تام و چێژ نەبینین لە پەرستشەکان.

تێبینی: زۆربەی خاڵەکان ئایەت و فەرموودەیان لەسەرە، بەڵام لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە نەنوسراون.

داخ و حەسرەت بۆ ئافرەتێکی ناپۆشتە

کە بەهەشت بەنرخێکی زۆر کەم دەفرۆشێت و

دۆزەخیش بە نرخێکی گران دەکرێت!

# هۆکارەکانی نەکردنی حیجاب و چارەسەریان

## هۆکارەکان:

ئـەم بەشـە هەنـدێ هـۆکاری نەکردنـی حیجـاب لای ئافرەتـان لەخۆدەگرێت. ئەمانەش تەنیا بۆ ئەوەی لێیان دووربکەوینەوە و چارەسەرەکانیشیان بزانین، نەک بکرێنە پاساو بۆ نەکردنی حیجاب. وەک شاعیری عێراقی (ابو فراس الحمداني) دەڵێت:

عَرَفــــــتُ الـــشَرَّ لا لِلشَــــر لَكِــن لِتَــــــــــوَقّــــيــهِ

وَمَـن لَم يَـعرِفِ الشَرَّ مِـنَ الخَـيرِ يَقَع فيهِ

واتـە: زانیاریـم لەسـەر خراپە وەرگـرت و زانیـم چییە. بـەڵام بۆ ئەوە نا کە ئەنجامی بدەم، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆمی لێ بپارێزم. هـەر کەسـێکیش زانیاریـی نەبێـت و ڕاسـت و هەڵـە و چاکـە و خراپـە لێـک جیانەکاتـەوە، خـۆی تووشـی هەڵـە و خراپـە دەبێـت.

سـەرەتا بەم پرسیارە دەست پێ دەکەم:

ئـەی جوانتریـن و ڕێکوپێکتریـن دروسـتکراوی خـودا، ئەگـەر تـۆ یەکێکیت لەوانـەی کـە هێشـتا بڕیـاری باڵاپۆشـیی تـەواوت نـەداوە، ئایا بیـرت کردۆتـەوە لـەوەی هـۆکار چییـە؟ چونکـە مـرۆڤ هـەر کاتێـک هەڵەیەکـی هەبـوو و بیـری لـە هۆکارەکـەی کـردەوە و هۆکارەکـەی زانـی، چارەسـەرکردنی ئاسـانتر دەبێـت.

ئەگـەر وەڵامەکـەت نەخێـرە، ئـەوا لەگەڵـم بـە بـۆ خوێندنـەوەی ئـەم خاڵانـە بەڵکـو لـەم ڕێگەیـەوە بگەیتـە هـۆکاری سـەرەکی.

هەندێ لە هۆکارەکانی نەکردنی حیجاب لای ئافرەتانی مسوڵمان -کە هەندێکیان هۆکارە خودی و تایبەتییەکانن و پەیوەندییان بە ئافرەتەکەوە هەیە، هەندێکیشیان هۆکارە گشتییەکانن و پەیوەندییان بە ژینگەی ئافرەتەکەوە هەیە -ئەمانەن:

١. لاوازیی ئیمان، هەروەها دووری لە چاکە و پەرستش و هۆکارەکانی بەهێزکردنی ئیمان.

٢. پەروەردەییەکی دوور لە دین و نادروست لەلایەن پەروەردەکاران، بۆنمونە: باوک بە کچەکەی دەڵێت چی لەبەر دەکەیت ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە دەرەوە ڕێز و شکۆی خۆت ڕابگریت و پەیوەندی و تێکەڵیی ناشەرعیت نەبێ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر!

٣. نەبوونی بانگخواز و ئامۆژگاریکار لە دەوروبەری ئەم ئافرەتەدا کە فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن، بۆ نموونە: دایک و باوک و خوشک و برا، هاوڕێ، خزم، دراوسێ، مامۆستا و هتد...

٤. بوونی هاوڕێی ناپۆشتە و دوور لە دین و دینداری.

٥. ئەگەر ئافرەتێک بەبێ قەناعەت و ویستی خۆی و بەزۆر باڵاپۆشی بەسەردا بسەپێنرێت بەتایبەت لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا، ئەمە وادەکات لە هەر هەلێکدا واز لە باڵاپۆشییەکەی بهێنێت جا بە یەکجاری بێت یان تەنانەت بۆ دەرکەوتنێکی کەمیش بێت!

٦- حەزکردن بە خۆدەرخستن و ڕاکێشانی سەرنجی ڕەگەزی بەرامبەر- بۆ هاوسەرگیری بێت یا پەیوەندیبەستن- لای ئەوانەی ڕوکەشیانە و مادديانە بیردەکەنەوە هەم خۆیان هەم لەبارەی پیاوانەوە.

٧- کاریگەربوون بە مۆدێل و حەزی زۆر بۆ لاساییکردنەوەی خەڵکی، کە ئەمەش بەهۆی بوونی کەسێتییەکی لاواز یا نەبوونی پەروەردەیەکی دروستەوە پەیدا دەبێت.

٨- قەناعەتبوون بەوەی کە پۆشینی ئەو جلە دانەپۆشراو و تازە مۆدیلانە نیشانەی پێشکەوتنە! یا نیشانەی تێگەیشتوویی کەسەکەیە! کە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە.

٩- هەندێ کەس باڵاپۆش نین؛ چونکە پێیان وایە ئەوە خۆئازادکردنە لەو کۆتانەی کە بەناوی ئازادیی ڕەهای ئافرەت و مافی ئافرەت باس دەکرێن لە کۆمەڵگەدا، ئەو ئافرەتانەش بەو بیرۆکە و قسانە هەڵدەخەڵەتێن و هەست دەکەن کە باڵاپۆش بن ئازادییان لە دەست داوە.

١٠- قەناعەتنەبوون بە حیجاب بەهۆی کەمی یا نەبوونی زانیاری لەبارەی حوکمە شەرعییەکان و تێنەگەیشتنی تەواو لە ئاینی ئیسلام.

١١- هەندێ جار باڵاپۆشبوون دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە نەتوانێت کارێک بدۆزێتەوە، بەپێچەوانەوەش ناپۆشتەکان هەندێ ئیشیان دەست دەکەوێت.

١٠. هەندێ کەس وادەزانن ئیمان و مسوڵمانێتی تەنیا بە دڵە، ڕاستە دڵ سەرچاوەی هەموو کارێکی چاکە و شوێنی ئیمانە، بەڵام دڵنیابە ئەم ئیمانە کاتێک تەواوە کە کاری کردە سەر کردەوەکان.

## چارەسەرەکان:

بە گشتی ئەمانە هەندێ چارەسەرن بۆ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسکران:

١. پێویستە هەم کچان و ئافرەتان هەم پەروەردەکاران -دایک و باو ک و مامۆستا..- زانیاریی شەرعی وەربگرن مادام مسوڵمانین کەواتە دەبێت بزانین مسوڵمان پێویستە چۆن بێت و چیی لەسەر پێویستە؟

٢. بە نەرمی ئامۆژگاریکردنی ئەو کچانەی هێشتا باڵاپۆش نین، هەروەها شیرینکردنی جلی شەرعی لەلایان، وە بەزۆری و ناخۆشی نەسەپاندنی ئەم پەرستشە بەسەریاندا، بەڵکو بە دانایی قەناعەتپێهێنان و نەرمی و خۆشەویستییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

بانگخواز و نووسەری ناودار (علي الطنطاوي) کە کچەکەی بچووک بوو دەترسا لەوەی حیجاب نەکات؛ بۆیە بە هاوسەرەکەی گوت: بڕۆ بۆ بازاڕ جلێکی داپۆشراوی بۆ بکڕە. لە بازاڕ کچەکەی جلێکی گرانبەهای هەڵگرت کە نرخەکەی (چل لیرە) بوو. دەڵێت: ئەم بڕە پارەیە لەو کاتەدا سێیەکی

مووچەکەم بوو، بەڵام ڕازیبووم بیکڕێت تەنیا بۆ ئەوەی باڵاپۆشی لای کچەکەم خۆشەویست بێت. لە کاتێکدا جلەکانی تر بە (یەک لیرە) بوون!

٣. کچان بە شێوەیەک پەروەردە بکرێن کە متمانەیان بە ڕووکەش و کەسێتی و ژیان و خوای خۆیان هەبێت. فێربکرێن وەک ئافرەتێک گرنگی خۆیان بزانن نەک بەهای خۆیان لە جل و مۆدێل و ڕووکەشدا ببیننەوە.

٤. بەهێزکردنی ئیمان و چەسپاندنی ئیمان و بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە و پتەو لە فکر و دڵدا تا لە کردەوەدا ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش ئەرکی دایک و باوکە بە پلەی یەکەم بەرامبەر منداڵەکانیان. لەدوای گەیشتن بە تەمەنی گەنجی یا پێگەیشتوویش ئەرکی خودی کەسەکە دەبێت.

٥. زۆرجار ئیمانی مرۆڤ لاواز دەبێت و پێویستی بە هەوڵ و دوعا و عیبادەتکردنە تا بەرز ببێتەوە، پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی زۆر بڵێن: (لا إله إلا الله) تا ئیمانتان نوێ ببێتەوە، هەروەها داوا بکەن لە خوای گەورە ئیمانتان بەهێز بکاتەوە.

٦. بە ئاسایی وەرگرتنی ڕەخنە و ئامۆژگاریی کەسانی دڵسۆز، بەرنادشۆ دەڵێت: «ئەگەر هیچ لۆمە و ڕەخنەیەکم لە تۆ نەبوو، ئەوا تۆ بەلای منەوە هیچ نیت!» کەواتە تۆ لای ئەو کەسە گرنگ و خۆشەویستیت کە بەدڵسۆزییەوە ئامۆژگاریت دەکات و پێت دەڵێت جلەکانت بگۆڕە بە باشتر.

٧- وەرگرتنی زانیاری و ڕۆشنبیریی گشتی و سادەنەبوون و هەڵنەخەڵەتان بە قسەی ئەم و ئەو.

بانگخوازی بەتوانا دکتۆر (جاسم المطوع) دەڵێت: «لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ چەند ئافرەتێکدا قسەم کرد و پرسیارم لە هۆکاری بالاپۆشنەبوونیان کرد، هەندێکیان بەم شێوەیە وەڵامیان دامەوە:

یەکەمیان گوتی: ئیمان بە دڵە، من بالاپۆش نیم، بەڵام دڵم پاکە! ڕەوشتیشم زۆر لە هەندێ بالاپۆش باشترە!

دووەمیان: پێم وایە حیجاب شێوەم تێک دەدات و لە بالام ناشیرنە، چونکە قەڵەوم.

سێیەمیان: هێشتا منداڵم.

چوارەمیان: دەترسم بڵێن بووە بە لایەنگری فلان حیزب.

پێنجەمیان: خوا هیدایەتدەرە.

شەشەمیان: گەر بالاپۆش بم هاوسەرگیریم درەنگ دەکەوێت!

حەوتەمیان: دەترسم نەتوانم لەسەر بالاپۆشی بەردەوام بم.

هەشتەمیان: جلی داپۆشراو گەرمە.

نۆیەمیان: من ئەو هەموو جلە گرانبەهایەم هەیە کە ببم بە

باڵاپـۆش چییـان لـێ بکـەم؟

ئـەوەی زۆر سـەیر بـوو ئـەوە بـوو دەیەمینیـان گوتـی: هەنـدێ کـەس لەبەرئـەوە لەچـک ناکـەن؛ چونکـە تەندروسـت نییـە و ئەسـپێ دەکەوێتـە سـەرت!!

یانزەیەمینیان: دایکم نایەوێت باڵاپۆش بم.

خانمێکیان وەڵامێکی زۆر جوانی دامەوە ئەویش ئەمە بوو:

مـن دان بـەوەدا دەنێـم کـە لـەو ڕوەوە کەمتەرخەمـم بەرامبـەر مافی پەروەردگارم لەسـەرم و هیوام وایە منیش ببمە باڵاپۆش، بـەڵام ئێسـتا ئامـادە نیم. هەمـوو ڕۆژێکیـش دوعـا دەکـەم کـە خوای گـەورە هیدایەتـی دڵـم بدات. باڵاپۆشـی شوناسـی ئافرەتـی مسـوڵمانە و شـانازییە بـۆی و تاجێکە لەسـەر سـەری. لەوانەیە هۆکاری پاراستنی ئافرەتی باڵاپۆشیش بێت لە زۆر شت؛ چونکە گوێڕایەڵـی خـوا دەکات و لێیـەوە نزیکـە. هەروەهـا بەڕاسـتی پاداشـتیشـی گـەورەیـە لای خـوا. بەتایبـەت لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە وێنـەی حیجـاب و باڵاپۆشـی ناشـیرن کـراوە و دژایەتییەکـی زۆری دەکرێـت.

منیش پێم گوت: دەست خۆش، ڕاسـتە تۆ باڵاپۆش نیت؛ بەڵام ڕاسـتگۆیت لەگـەڵ خـۆت و پـەروەردگارت، داننـان بـە هەڵەشـدا ڕێـز و گـەورەییە.

لە وەڵامی ئەوانی تریشدا دەڵێم:

وەڵامی کەسی یەکەم: ڕاستە ئیمان بە دڵە، بەڵام ئیمانی بەهێز لە ڕووکار و کردەوەشدا دەردەکەوێت. ئیمان دەچێتە دڵ، پاشان زمان دانی پێدا دەنێت، پاشان کردەوەکان بەپێی بڕیاری ئەم ئیمانە دەبن. هەروەها ئێمە وەک مسوڵمان نابێت خۆمان بە باشتر دابنێین لە خەڵک؛ چونکە تەنها خوا بەندەناسە و دەزانێت کاممان باشترین. هەموو کەسێکیش هەڵەکارە، جا هەندێ کەس هەڵەکانیان دیارە و هەندێکیان نادیار، هەندێکیان بچووک و هەندێکیش گەورە.

وەڵامی کەسی دووەم: بالاپۆشی فەرمانی خوایە و پەیوەندیی بەوەوە نییە. دەشکرێت بالاپۆشی ببێتە هاندانێک بۆت تا کێشت دابەزێنێت.

وەڵامی کەسی سێیەم: بالاپۆشی لەسەر هەموو کچێکی مسوڵمانی ئاقڵی باڵغ واجبە، نەک بۆ سەروو ١٨ ساڵ بێت یا دوای خوێندنی زانکۆ واجب ببێت!

وەڵامی کەسی چوارەم: تۆ پێویستە لەسەرت نیەتت لە بالاپۆشی ڕازیکردنی خوای گەورە بێت، نەک دڵی خەڵک و قسەی خەڵکی نەشارەزات لا گرنگ بێت. کەسانێک بالاپۆشی بە حیزبەوە ببەستنەوە با هەر تانەت لێ بدەن، هیچ لە گەورەیی تۆ کەم ناکات.

وەڵامی کەسی پێنجەم: تەنیا خوای گەورە هیدایەتدەرە؛ بەڵام پێویستە لەسەرمان کە هۆکارەکان بگرینە بەر و بڕیار بدەین و هەوڵ بدەین تا بەدەستی بهێنین و شایەنی بین.

وەڵامی کەسی شەشەم: هاوسەرگیری ڕۆزی و بەخششێکە لەلایەن خواوە بە سفوری و حەرام بەدەست نایەت؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە خوای گەورە بەخششەکانی بە بەندە پارێزکارەکانی دەدات.

وەڵامی کەسی حەوتەم: ئەی پەرستشەکانی تریش پێویستییان بە بەردەوامی نییە؟ هەموو پەرستشێک پێویستی بە بەردەوامی هەیە. دەتوانیت هەروەک نوێژ لەسەر باڵاپۆشیش بەرەوام بیت.

وەڵامی کەسی هەشتەم: کەشوهەوای وەرزی هاوین گەرمە، بەڵام بەخوا دۆزەخ زۆر گەرمترە: ﴿قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ﴾ [التوبة: ٨١]، واتە: پێیان بڵێ: ئاگری دۆزەخ بەتینتر و بەهێزترە لە گەرمیدا ئەگەر تێبگەن و بیرو هۆشیان بخەنەکار.

بۆیە دڵنیابە بەرگەی هاوین دەگریت هەروەک هەموو ئافرەتانی باڵاپۆش، بەڵام بەرگەی دۆزەخ ناگریت!

وەڵامی کەسی نۆیەم: باڵاپۆشی زۆر لەجلەکانت گرانبەهاترە، چونکە بەهەشتی پێ دەکڕیت -بە ویستی خوای گەورە.

وەڵامی کەسی دەیەم: ئەمە هیچ پەیوەندیی بە لەچکەوە نییە. تەنانەت باڵاپۆشی تەندروستی پێست و موو دەپارێزێت بەتایبەت لە تیشکی خۆر؛ چونکە زۆر بەرکەوتنی تیشکی خۆر دەبێتە هۆی تێکچوون و زیان گەیاندنیان پێیان.

وەڵامی کەسی یانزەیەم: فەرمانی هیچ کەسێک لەسەروو خواوە نییە، تۆ پێویستە بە نەرمونیانی قەناعەت بە دایکت بهێنیت کە باڵاپۆشی واجبێکی شەرعییە و نەکردنی سزای لەسەرە.

(٥٣) خاڵ بۆ وازهێنان لەناپۆشتەیی

بە یارمەتیی خوای گەورە لێرەدا چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو کە یارمەتیدەر و هاندەرن بۆ وازهێنان لە ناپۆشتەیی.

خوشکە ئازیزەکەم، لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم خاڵانەدا لەگەڵمدا بەوردی بیربکەوە و ڕابمێنە لە وشە و وتەکان:

## ١. جوانی و باڵاپۆشی

بەڵێ تۆش ئافرەتیت جوانیت لا گرنگە. لەوانەشە تۆش یەکێک بیت لەوانەی پێت وایە باڵاپۆشی ئافرەت ناشیرن دەردەخات و ئەوە ڕێگرە لەوەی ببیتە باڵاپۆش؛ بەڵام پێم بڵێ ئایا پێوەری خوا گیان باشترە یا پێوەری تۆ بۆ جوانی؟ پێت وایە کامتان دەیپێکن؟ ئەو کارجوان و جوانسازە یا بێباوەڕان کە شێوازی جلی ناپۆشتەیان داهێنا و بازرگانیی پێوە دەکەن؟ بەڵێ خوای گەورەش جوانە و حەزیشی بە جوانییە: «إنَّ اللـهَ جميلٌ يُحبُّ الجمالَ»[١] بەدڵنیاییەوە هەر ئەویش باشتر دەزانێت پێوەرەکانی جوانی دابنێت و بڕیارەکانیشی جوانترینە.

هەروەها لە خۆت بپرسە: ئایا جوان دەرکەوتنم لای خەڵک گرنگە یان بەختەوەری دنیا و قیامەتم؟

خوشکەکەم باش بزانە هەموو مرۆڤێک جوانە؛ چونکە هەموومان دروستکراوی جوانکارێکین کە (اللـە) یە و فەرموویەتی: ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ﴾ التين: ٤. واتە:

(١) أخرجه مسلم (١٣١)

بەڕاستی ئێمە ئینسانمان لە جوانترین و ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەم جوانییەش نە بە باڵاپۆشی دەشاردرێتەوە و نە بە سفووریش زیاتر دەبێت.

هەروەها ئەو جوانییەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە و پێت گرنگە دەری بخەیت شتێکی کاتییە لە دنیایەکی کاتیدا! شتێک هەیە کە هەموو کەسێک جوان دەکات ئەویش ڕەوشتە، هەموو کەسێکیش دەتوانێت بەدەستی بهێنێت و خۆی پێ برازێنێتەوە و بۆ ماوەیەکی کاتیش نییە. بەڵکو ئەو جوانییەی ڕەوشت دەیدات بە مرۆڤ و لە ڕووکەشیشیدا ڕەنگ دەداتەوە بۆهەمیشە دەمێنێتەوە و هیچ شتێکیش دایناپۆشێت. چونکە لە ناخدایە لە ڕوخساریشدا ڕەنگدەداتەوە.

بەڵێ جوانی لە باڵاپۆشیدایە

هەر خوا دەزانێت جوانی لە چیدایە و

هەر شتێکیشی واجب کردبێت ئەوپەڕی جوانییە.

جوانییەک لە جلوبەرگی داپۆشراودا هەیە

کە تەنیا باڵاپۆشەکان و

خاوەن دڵە زیندووەکان دەیبینن.

## ٢ـ بەهۆی توورەکردنی خوای گەورە خەڵکی ڕازی مەکە.

زۆرجار ئافرەتان تووشی هاوسەرێک دەبن کە سەرنجڕاکێش دەرکەوتنی هاوسەرەکەیان لا گرنگترە وەک لە باڵاپۆشی و فەرمانبەرداریکردنی خوای گەورە. ئەگەر تۆ یەکێکیت لەوانە، ئەوا بپرسە لە خۆت: ئایا هاوسەر و خەڵکانی تر پێم بڵێن بەم جلە دانەپۆشراوانە زۆر جوانیت باشترە یان لای خوای گەورە جوان بم؟ ڕازیبوونی کامیان هەڵبژێرم؟ پێغەمبەر گیان فەرموویەتی: «لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ»[١] واتە: گوێڕایەڵیکردنی هیچ دروستکراوێک ڕێگەپێدراو نییە مادام سەرپێچیکردنی فەرمانی خوای تێدابێت. کەواتە گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە لە سەروو هەموو کەسێکەوەیە.

جا پێم بڵێ ئازیز، کە (الله ﷻ) لێت ڕازی بێت ئیدی چیت دەوێت؟ دڵنیابە ئەوە لوتکەیە، تەواو، شتێک نەماوە بتەوێت پێی بگەیت. حیجابیش هۆکارێکی گرنگە بۆ دەستکەوتنی ڕەزامەندیی خوای گەورە.

هاوەڵی بەڕێز ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: «لا ترض أحدا بسخط الله». واتە: بەهۆی توورەکردنی خوای گەورە خەڵکی ڕازی مەکە.

........................

(١) أخرجه أحمد (١٠٩٥)

زۆر سەیرە ئافرەت

لەترسی سەرمای زستان

جەستەی دابپۆشێت، بەڵام

بۆ ڕازیکردنی الله نەبێتە باڵاپۆش!

**٣ـ ئایا لاساییکردنەوەی خاتوو عائشە و فاطمة و خاتونە هاوەڵەکانی دیکە باشترە یان ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان؟**

مروڤ لە دەروونی خۆیدا حەز دەکات سەرمەشقێکی هەبێت، هەروەها داواشمان لێ کراوە بۆ چاکەکاری و پەرستش خۆمان بە کەسانی سەروو خۆمان بەراورد بکەین، هەمووشمان دەزانین باشترین کەسانێک لەم سەر زەوییە جیلی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بوون. هاوەڵە ئافرەتەکانیش وەکو خاتوو عائیشە و فاطیمە و خەدیجە و زۆری تر بۆهەمیشە بە نموونە و سەرمەشقی مسوڵمانان دەمێننەوە. هەر ئەوانە شایستەی ئەوەن خۆمانیان پێ بچوێنین، هەم لە ڕووی پۆشاک و ڕووکەشەوە هەم لەڕووی ڕەوشت و پەرستشەوە.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «أَفْضَلُ نِسَاءِ الْجَنَّةِ أَرْبَعٌ: مَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ، وَخَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ، وَفَاطِمَةُ بْنَةُ مُحَمَّدٍ، وَآسِيَةُ بْنَةُ مُزَاحِمٍ»[١] واتە: باشترین ئافرەتانی بەهەشت چوارن: مەریەمی کچی عیمڕان، خەدیجەی کچی خوەیلید، فاطیمەی کچی موحەممەد ﷺ ئاسیەی کچی موزاحیم. ئەمانە نموونەکانن، باشترینەکانن، سەرمەشقەکانن، ئەمانە ئەهلی بەهەشتن، ئەمانە لە جوانی و باشیدا لە ترۆپکدان. ئایا لاسایی ئەمانە بکەیتەوە و جلەکانت هاوشێوەی ئەوان بێت باشترە یان لاسایی ئەو ئافرەتە بێباوەڕانە بکەیتەوە کە هەر خەریکی ڕابواردنن لەم دنیا کاتییەدا و نازانن مانای خودا و دین و ڕەوشت و خۆداپۆشین و ئەدەب چییە؟! نازانن لەکوێوە هاتوون و سەرەنجامیان چییە!

هەروەها پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ»[٢] واتە: هەرکەس خۆی بە قەومێک بچوێنێت ئەوە لەوانە. زۆرجار ئەو ئافرەتانەی لە تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەون و خەڵکی لاسایان دەکەنەوە لە شێوەی جل و خۆڕازاندنەوەیاندا یا مەسیحین یا جولەکەن یا بێدینن. ئایا تۆی ئافرەتی مسوڵمان ڕازیت تەنیا لەبەر ڕووکەش و جلەکانت بە یەکێک لەوان بژمێردرێیت لای خوا؟! هەروەها فەرموویەتی: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ تَشَبَّهَ بِالرِّجَالِ مِنَ النِّسَاءِ، وَلَا مَنْ تَشَبَّهَ بِالنِّسَاءِ مِنَ الرِّجَالِ»[٣] واتە: هەر پیاوێک خۆی بە ژنان

(١) (مسند أحمد، ٢٩٥٧)

(٢) (سنن أبی داود، ٤٠٣١)

(٣) (مسند أحمد: ٦٨٧٥)

بچوێنێت و هەر ژنێکیش خۆی بە پیاوان بچوێنێت لە ئێمە نییە. ئایا تا ئێستا بیرت کردۆتەوە لەوەی بەشێک لەو جلانەی ئێستا کچان و ژنانی مسوڵمانی ناپۆشتە لەبەری دەکەن جلی پیاوانە؟! بەڵێ جلی پیاوانەن و تەنیا بەناو ئافرەتانەن، بەڵکو زۆریان بۆ پیاوانیش گونجاو نین!

دایکمان خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: «لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: {وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ} أَخَذْنَ أُزْرَهُنَّ، فَشَقَّقْنَهَا مِنْ قِبَلِ الْحَوَاشِي، فَاخْتَمَرْنَ بِهَا»[1] کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی {وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ} -واتە: با ئافرەتانی مسوڵمان لەچکەکانیان بەسەر سنگ و ملیاندا بەربدەنەوە- ئافرەتان ڕاستەوخۆ پارچەیەکیان لە خوارەوەی جلەکانیان دڕی و سەر و مل و سنگیان پێ داپۆشی!

ئایا دایکمان خاتوو خەدیجە کە خوای گەورە بە جبریلدا سڵاوی بۆ نارد، شایەنی پێشەنگی نییە؟

ئایا خاتوو فاطیمە شایەنی پێشەنگی نییە؟ هەتا وەفاتیشی کرد کەس نەیزانی شێوەی جەستەی چۆنە ئەوەندە جلەکانی داپۆشراو بوو! تەنانەت داوای کرد، کاتی وەفاتیشی بەو جۆرە تابوتە هەڵیبگرن کە بە قوماشێک داپۆشراوە!

ئایا خاتوو عائیشە شایەنی پێشەنگی نییە کە خوای گەورە ١٠

(١) أخرجه البخاري (٤٧٥٩)

ئایەتی دابەزاند بۆ دەرخستنی پاکیی ئەو؟

ئەمانە بەبێ هۆ نەبوون بە ئەهلی بەهەشت، بەدڵنیاییەوە شایەن بوون، بۆیە ئەم شەرەفەیان پێ درا کە لە دنیادا بزانن بەهەشتین. ئەم ئافرەتانە شایەنی لاساییکردنەوەن، هەر ئەمانە پێویستە پێشەنگی ئێمە بن.

باڵاپۆشی هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو بەهەشت.

### ٤ـ ئایا دڵخۆشیی دنیا هەڵدەبژێریت یان قیامەت؟

دڵخۆشیی کاتی هەڵدەبژێریت یان هەمیشەیی؟

ئەگەر تۆش دڵخۆشیی ئێستات بەستۆتەوە بەوەی جلێکی ناپۆشتەی بە دڵی خۆت بپۆشیت، ئەمە بخوێنەرەوە:

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ﴾ [الحجرات: ١٣]، واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا پارێزگارترینتانە (بەتەقواترینتانە).

﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ [الزخرف:٣٥]. واتە: بەڵام قیامەت لای پەروەردگارت تایبەت بۆ ئەو کەسانەیە کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن.

کەوایە واز لە جلە ناشەرعییەکان بهێنە تا بچیتە ڕیزی تەقواداران و بەڕێزان لای خوا و براوەکان لە قیامەتدا؛ چونکە هەر ئەمەیە بەختەوەریی ڕاستەقینە.

## ٥ـ پۆشاکی دنیاییت لا گرنگترە یا پۆشاکەکانی بەهەشت؟

خوا گیان لە باسی بەهەشتییەکاندا فەرموویەتی: ﴿يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ﴾ [الحج: ٢٣]. واتە: بە بازنی ئاڵتوون و مرواری دەڕازێنرێنەوە و پۆشاکیشیان لەناو بەهەشتدا لە ئاوریشمە.

چەندین ئایەتی تریش هەن کە باسی پۆشاک و خشڵەکانی بەهەشتییەکان دەکەن، بەهەشتێک کە وەک سەروەرمان ﷺ فەرمووی نە چاوی هیچ کەسێک بینیویەتی، نە هیچ گوێیەک وەسفەکەی بیستووە، نە بە خەیاڵی هیچ کەسیشدا دێت کە چۆنە، هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت بەهەشت و نیعمەتەکانی ناوی چۆنن.

کەواتە واز لە پۆشاکە ناپۆشتەکانت بهێنە تا خشڵ و پۆشاکەکانی بەهەشت بەدەست بهێنیت.

## ٦ـ پۆشاکی تەقوا بپۆشم یا پۆشاکی تاوان؟

(الله ﷻ) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەفەرموێت: ﴿وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ﴾ [الأعراف: ٢٦]. واتە: پۆشاکی تەقوا و ئیمان و لەخواترسان باشترین پۆشاکە کە مرۆڤ خۆی پێ دابپۆشێت و بڕازێنێتەوە.

﴿أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ﴾ [البقرة: ٦١]. واتە: ئایا

ئێوە شتی خراپ بە چاک دەگۆڕنەوە؟!

باشترین پۆشاک پۆشاکی تەقوایە، کەواتە لە تەقواداران بە و باشترین و داپۆشراوترین پۆشاک بپۆشە.

اذا المرء لم يلبس ثيابا من التقى

تقلب عــريـــانا وان كـــان كـــاســـيـــا

وخـــير لباس المـــــرء طاعـــة ربـــه

ولا خـــير فى من كان لله عاصـــيا

واتە: ئەگەر مرۆڤ پۆشاکی تەقوا نەپۆشێت

تەنانەت ئەگەر پۆشتەش بێت هەر ڕووت و ڕەجاڵە

باشترین پۆشاکیش گوێڕایەڵیی خودایە

هیچ خێریش لەو کەسەدا نییە کە سەرپێچیکاری خوایە

❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀ ❀

گەر بەبێ حیجاب ئافرەتێکی چاک بێت

ئەوا بێگومان بە حیجابەوە چاکترینێت.

## ٧- بیربکەوە لە وتەکەی پیاوەکەی قەومی پێغەمبەر موسا -سەلامی خوای لێ بێت:

بیربکەوە لە وتەکەی پیاوەکەی قەومی پێغەمبەر موسا -سەلامی خوای لێ بێت- کە لە سورەتی (یس)دا باسی کراوە. ناوەکەی نەزانراوە، بەڵام ناو گرنگ نییە، گرنگ ئەو قسەیەتی کە خوای گەورە تا هەتایە هێشتوویەوە و بۆمان دەگێڕێتەوە: ﴿يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ﴾ [غافر: ٣٩]. واتە: ئەی قەومی خۆم ئەم ژیانی دونیایە چەند ڕۆژێکی کەمە و تیایدا ڕائەبوێرن و بەسەری ئەبەن و کۆتایی دێت پێی هەڵمەخەڵەتێن، بەڵام ڕۆژی دوایی شوێنی مانەوەیە، گرنگی و بایەخی پێبدەن.

ئەم وتە بەرزەی ئەو کەسە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا لە قورئاندا تۆمار کراوە، ئایا شایەنی ئەوە نییە ئێمەش پەندی لێ وەربگرین و قیامەت پێش دنیا بخەین؟

جا کە گەیشتین بە ڕۆژی قیامەت ئنجا دەزانین ئەم دنیایە چەند کورت بووە! ﴿يَتَخَٰفَتُونَ بَيۡنَهُمۡ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا عَشۡرٗا﴾ [طه: ١٠٣]. واتە: ئا لەو ڕۆژەدا تاوانباران بەچپە بە یەکتر دەڵێن ئێمە دە ڕۆژ زیاتر لە دنیادا نەماوینەتەوە! ﴿إِذۡ يَقُولُ أَمۡثَلُهُمۡ طَرِيقَةً إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا يَوۡمٗا﴾ [طه: ١٠٤]. واتە: پاشان ژیرترینیان دەڵێت: بەڵکو تەنیا ڕۆژێک ژیاوین! بەڵێ دنیا ئەوەندە کورتە کە لە قیامەتدا وەک ڕۆژێک ژیان دێتە پێش چاو!

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە لەم ژیانە کورتەدا حجابێک ئەوەندە سەختە کە نەیکەیت؟!

دەزانیت ئەم دنیایە ئەوەندە کورتە وەک پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: «مَا لِي وَلِلدُّنْيَا، مَا أَنَا وَالدُّنْيَا، إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا كَرَاكِبٍ ظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا»(١) واتە: من چیم داوە لە دنیا، نمونەی من وەک ڕێبوارێک وایە بە سواری وشترەکەیەوە بچێتە شوێنێک، لە ڕێگادا بچێتە ژێر سێبەری دارێک بۆ کەمێک پشوودان، پاشان سواری وشترەکەی بێتەوە و بڕوات و جێی بهێڵێت.

خوشکی شیرین وەکو مامۆستا سەعیدی نورسیش دەڵێت: «مادام دنیا دەبڕێتەوە، شایەنی دڵپێوەبەستن نییە» جا ئایا ئەمە ژیرییە کە لەم دنیا کورتەدا تۆ دڵ بە جلوبەرگێکی ناشەرعییەوە ببەستیت و نەیگۆڕیت بە جلوبەرگێک کە خوا گیان پێی ڕازییە؟!

خوای گەورەش دەفەرمویێت: ﴿قُلْ مَتَـٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ﴾ [النساء: ٧٧]. واتە: بەوانە بڵێ: ڕابواردنی ژیانی دنیا زۆر کەم و کورتە، ژیانی قیامەت چاکتر و خۆشتر و نەبڕاوەیە بۆ ئەو کەسەی لە خوا دەترسێت و پارێزکارە.

منیش دەڵێم: بیربکەوە ئێمە سەد ساڵ پێش ئێستا هەر بوونمان نەبوو. دوای سەد ساڵی تریش بەئەگەری زۆرەوە بوونمان نییە لەم ژیانەدا. ئەم دنیایە کورتە و دەبڕێتەوە؛ بەڵام

(١) أخرجه أحمد مسنده (٣٧٠٩)

هەر ئەم ژیانە کورتەشە کە بەهەشتی پێ بەدەست دەهێنرێت. ژیری ئەوەیە بۆ ژیانی بەرزەخ و قیامەتت ئیش بکەیت. چونکە لەم دنیایەدا ماوەیەکی کەم دەژین، بەڵام دواتر دەچینە ناو ژیانی گۆڕ و بەرزەخ کە تەنیا خوا دەزانێ چەند ساڵ دەژین لەوێدا! ژیانی بەهەشتیش هەموومان دەزانین هەتاهەتاییە و نەبڕاوەیە.

لە دڵتی دەرکە هەرچی دەردە کە بۆ دڵت وەک درکە

هەر بۆ دنیا مەژی ئەزیزم دنیا چەند ڕۆژێکی کورتـــــــــە

دڵ بە دنیا مەبەستە چونکە ڕۆژی قیامەت سەختە[1]

### ٨ـ ئەگەر دەڵێیت: باڵاپۆشی ئەرکێکی قورسە

منیش دەڵێم: خوای گەورە دروستکاری ئێمەیە ئاگادارە بە توانای ئێمە. خۆی سەرچاوەی وزە و تواناکانی ئێمەیە، ئایا دەکرێت دروستکارمان نەزانێت توانای ئێمە چەندە؟ بەدڵنیاییەوە زۆر باش دەزانێت و ئەرکێکمان ناخاتە سەر کە پێمان ئەنجام نەدرێت، هەروەک چۆن نوێژ لە (٥٠) نوێژەوە کرا بە (٥) نوێژ. هەروەها زۆر ئاسانکاریی دیکەش کە بەپێی ڕەچاوکردنی توانا و بارودۆخی مرۆڤ دانراون، وەک نوێژ کۆکردنەوە و

(١) ئەمە چەند دێڕە شیعرە ی نووسەر خۆیەتی.

کورتکردنـەوە و هتـد... باشـە مـن پرسـیارێکت لـێ دەکـەم: ئایـا گۆڕینـی هەمـوو بیروبـاوەڕ و گوفتـار و کـردارەکان ئاسـانترە یـان گۆڕینـی جلوبەرگێکـی ناپۆشـتە بـە داپۆشـراو؟ بەدڵنیاییـەوە گۆڕینـی جلوبەرگەکـە ئاسـانترە. بـەڵام ئایـا بیـرت نەکردۆتـەوە لـە هاوەڵانـی بەڕێـز کـە چـۆن گـۆڕانکارییەکیان دروسـت کـرد لـە خۆیانـدا؟ ئایـا ئـەوان لـە ڕەگ و ڕیشـەوە و لەهەمـوو ڕویێکـەوە گـۆڕانکارییان نەکـرد؟ ئـەی ئایـا سـەرکەوتووش نەبـوون؟ گوتیـان ناتوانیـن و زۆر سـەختە مسـوڵمان بـوون و گۆڕینـی ئـەو هەمـوو شـتە؟! نەخێـر بەڵکـو لـەو تاریکسـتانە هاتنـەدەر و لـە بتپەرسـتی و چەنـدان تاوانـی تـرەوە بـەرەو تاقانـە پەرسـتی و نوێـژ و چاکـەکاری چـوون. ئـەوان هەمـوو ژیانیـان گـۆڕی تـۆش زۆر ئاسـان دەتوانیـت جلوبەرگەکانـت بگۆڕیـت.

هەروەهـا خۆشەویسـتمان ﷺ دەفەرموێـت: «ومَـن يَتصـبرْ يُصـبِّرْه اللـهُ»[1] واتـە: هەرکەسـێک خـۆی فێـری ئارامگرتـن بـکات و هەوڵـی بـۆ بـدات خـوای گـەورە دەیکاتـە کەسـێکی ئارامگـر و خـاوەن سـیفەتی ئارامگـری. بۆیـە ڕاسـتە باڵاپۆشـی بەردەوامبـوون و ئارامگریـی پێویسـتە بـەڵام تـۆ پێویسـتە خـۆت بەدەسـتی بهێنیـت و لـەوە زیاتـر چـاوەڕێ نەبیـت.

هەروەهـا خوشـکی بەڕێـز جیهـادی نەفسـی خـۆت بکـە، تـۆ هـەوڵ بـدە و ویسـت و ئیرادەت هەبێـت دڵنیابـە خـوای گـەورەش بـۆت ئاسـان دەکات. خـوا گیـان دەفەرموێـت: ﴿وَٱلَّذِيـنَ جَٰهَـدُواْ فِينَـا

(١) أخرجه البخاري.

لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ [العنكبوت: ٦٩]. واتە: ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بە خوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنموونی دەکەین بۆ هەموو ڕێگەیەکی چاک و دروستی خۆمان.

هەروەها ئەگەر دەڵێیت ناتوانم بەسەر نەفس و شەیتاندا زاڵ بم، ئەوا باش بزانە هۆکاری ناپۆشتەییت نەفسی خۆتە و شەیتان نییە. چونکە ئەوە تاوانێکە لەسەری بەردەوامیت. بەتایبەت ئەگەر لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیشدا هەر ناپۆشتە بیت لەکاتێکدا شەیتانەکان زنجیرکراون، ئەوا دڵنیابە هۆکارەکە نەفسی خۆتە کە زۆر زۆر فەرمانکەرە بە خراپە و تۆش گوێڕایەڵ و ملکەچی بوویت. کەواتە هەروەک مەحویی شاعیر بەدوای چارەیەکدا بگەڕێ:

ئەسیر و صەید و شەید و قەیدی نەفسی ئەممارەم

لەدەست ئەم مارە بەدچارە چییە چارەم خودا چارەم

## ئەمەش چارە:

سەرەتا نیەتت پاک بکەوە بۆ خوای گەورە و نەفست پەروەردە بکە و داوای یارمەتیش لە خوای گەورە بکە و بڵێ: (اللهُمَّ قِنِي شَرَّ نَفْسِي)(١) واتە: خوایە گیان لە خراپەی نەفسی خۆم بمپارێزە. زۆر بڵێ: (اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ)(٢) خوایە بمگێڕی لە تەوبەکاران. بڵێ: (اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا)(٣) خوایە گیان تەقوا و خۆپارێزی بە نەفسم بدە. دڵنیابە کە دڵسۆزانە ئەم داوایانە بکەیت خوای گەورەش وەڵامت دەداتەوە و تۆش دەبیتە یەکێک لە ئافرەتانی باڵاپۆش.

بۆ ئەوەی بەسەر نەفستدا زاڵ بیت و تەزکیەی بکەیت ئەم چوار ڕێگایە هەیە کە زانایان پێشنیاری دەکەن بەشێوەیەکی گشتی و ئێمەش تێکەڵی دەکەین لەگەڵ بابەتی حیجابدا:

١ـ لێپرسینەوە کردن: لێپرسینەوەی نەفست بکە لەسەر پۆشینی جلوبەرگی ناشەرعی و ناپۆشتە.

٢ـ گوێڕایەڵی نەکردن: ئەگەر نەفست حەزی بە جلی دانەپۆشراوە بە گوێی مەکە و جلێکی داپۆشراو لەبەربکە.

٣ـ مەرجدانان: مەرجێک لەسەر خۆت دابنێ کە دەبێت باڵاپۆش بیت و واز لە جلە ناشەرعییەکان بهێنیت.

........................

(١) أخرجه النسائي وصححه الألباني (١٠٨٣٠).

(٢) أخرجه الترمذي (٥٥) وقال هذا حديث في اسناده اضطراب وصححه الالباني.

(٣) أخرجه مسلم (٢٧٢٢).

٤ـ چاودێریکردن: بەردەوام چاودێری خۆت بکە بزانە تا چەند بەرەوپێش چوویت و بەو شێوەیەیت کە خوا لێت ڕازییە.

کەواتە ئازا بە و دژایەتیی نەفست بکە، چونکە ئازا و پاڵەوان هەر ئەو کەسەیە بتوانێت زاڵ بێت بەسەر نەفسیدا و براوە بێت بەرامبەری و ئەوە گەورەترین جیهادە هەروەک خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی.

### ٩ـ ئاگاداربە ڕەحمی خوا بێئاگات نەکات!

زۆرجار ئەو کەسانەی هەڵە و کەمورتییەکیان هەیە دڵ بە ڕەحمی خوا خۆش دەکەن و ئەوەندە زیادەڕەوی دەکەن تا وای لێ دێت زیانی دەبێت و بێئاگا دەبن یا دڵنیا دەبن لە تووشنەبوون بە سزای خوایی! جا خوشکی ئەزیز ئەگەر تۆش دەڵێیت خوا بەڕەحمە، ئەوا دڵنیابە سزاشی زۆر توند و بەئێشە و، بەدەسەڵاتترین و بەتواناترینە، کەس ناتوانێت ڕزگارت بکات لە سزای ئەو، خۆت و خوا نەبێت. بۆیە زۆر گرنگە مسوڵمان هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان سێ شتدا:

خۆشویستنی خوا (المحبة)

ئومێدبوون بە خوا (الرجاء)

ترسان لە خوا (الخوف)

پێشەوا ئیبن قەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: «دڵ لە ڕۆشتنیدا بۆلای خودا هاوشێوەی باڵندە وایە، خۆشەویستی سەرەکەیەتی و، ترس و ئومێد باڵەکانین، هەرکات سەر و باڵەکان سەلامەت بوون، ئەوا باڵندەکە باش دەفڕێت و هەرکات سەرەکە بڕدرا، ئەوا باڵندەکە دەمرێت و هەرکات باڵەکان نەبوون، ئەوا باڵندەکە نزیکە ڕاو بکرێت و لەنێوببرێت. بەڵام سەلەف پێیان باش بوو لە حاڵەتی لەشساغیدا باڵی ترس بەهێزتر بێت لە باڵی ئومێد و لەکاتی سەرە مەرگدا باڵی ئومێد بەهێزتر بێت لە باڵی ترس»(١).

لەوانەیە بڵێیت خۆ ئەگەر زەڕەیەک ئیمانیش لە دڵمدا بێت، ئەوا لە قیامەتدا هەر دەچم بۆ بەهەشت ئەگەر بچمە دۆزەخیش. بەڵام ئایا بۆ ساتێکیش بێت بەرگەی سزا سەختەکانی دۆزەخ دەگریت؟ سووتانی دنیا بەئێشترین ئازارە، ئاگری دۆزەخیش ٧٠ جار گەرمترە لەوەی دنیا، بۆچی بچیتە دۆزەخ؟! بۆچی بەسەلامەتی و بێ سزا و ڕێزلێگیراوانە نەچیتە ناو خۆشییەکانی بەهەشت؟!

هەروەها خۆشەویستمان فەرموویەتی: «... وشَرَّ نِسائِكُم المُتَبَرِّجاتُ المُتَخَيِّلاتُ، و هُنَّ المُنافِقاتُ لا يَدخُلُ الجَنَّةَ مِنهُنَّ إلا مِثلُ الغُرابِ الأَعْصَمِ»(٢) واتە: ...هەروەها خراپترین ئافرەتانیشتان ئەوانەن جوانیی خۆیان بۆ خەڵکی نامەحرەم دەردەخەن،

(١) مدارج السالكين (٢/١٣١٣).
(٢) أخرجه البيهقي (١٣٨٦٠).

لوتبەرز و لەخۆباییین، ئەوانەن دووڕوون و ناچنە بەهەشت، زۆر بەکەمی نەبێت بە ڕێژەی قەلەڕەشی دەنوک سووری پێ سپی[1] ( کە بە دەگمەن هەن لە ناو قەلەڕەشاندا).

کەواتە ئەم ئافرەتانە ئەگەر بەکاتییش بێت دەچنە ناو دۆزەخ خوا پەنامان بدات.

**١٠- لەسەر ناپۆشتەیی بەردەوام مەبە نەوەک لەم دەستەیە بژمێررێیت:**

خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ [الجاثية: ٢٣]. واتە: ئایا ئەو کەسەی کە حەز و ویست و ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی بەهۆی ئەوەوە خوایش گومڕای کردووە-کە زانیوێتی شایەنی ئەوەیە لە ئەنجامی بەدهەڵوێستی خۆیدا- و مۆری ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەروونیدا و پەردەشی هێناوە بەسەر چاو و دەزگای بینینیدا. جا ئیتر کێ هەیە جگە لە خوا هیدایەت و ڕێنمایی بکات؟ ئایا بیر ناکەنەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن؟!

(١) یەک لە دوو پێکانی سپی بێت یا هەردوو باڵی سپی بن.

## ١١- شەیتان بە دوژمن بگرە:

ئەگەر دەتەوێت بە شێوەیەک بیت کە خوای گەورە لێت ڕازی بێت، واز لە جلوبەرگە ناشەرعییەکانت بێنە و ببە حیجاب و بەردەوام بە لەسەری. لەوانەیە ئاهەنگێک بێتە پێش و حەزبکەیت جلوبەرگێکی سەرنجڕاکێش و ناپۆشتە بپۆشیت، یان ئەگەر ڕۆژێک ویستت واز لە حیجاب بهێنیت یاخود هەندێ لە مەرجەکانی حیجاب لە جلەکانتدا لاببەیت ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێکیش بێت، ئەوا باش بزانە ئەوە شەیتانە وەسوەسەت بۆ دەکات، بۆیە بە دوژمنی بگرە و گوێڕایەڵیی مەکە هەروەک خوا گیان ئاگاداری کردووینەوە: ﴿إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ [فاطر: ٦] واتە: بەڕاستی شەیتان دوژمنتانە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن. بێگومان شەیتان بانگی تاقم و داردەستەی خۆی دەکات بۆ ئەوەی ببنە نیشتەجێی دۆزەخ.

هەروەها هەر کەسێک لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێت: (لا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـهُ وَحْـدَهُ لَا شَرِيـكَ لَـهُ، لَـهُ الْمُلْـكُ وَلَـهُ الْحَمْـدُ، وَهُـوَ عَـلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيـر)[1] ئەوا بۆی دەبێتە پارێزەر لە شەیتان لەو ڕۆژەدا، جگە لە چەندان پاداشتی تر کە بەو زیکرە دەستی دەکەوێت.

* * *

........................

(١) أخرجه البخاري(٣٢٩٣) ومسلم (٢٦٩١).

ئافرەتێک دەڵێت:

سالأنێک فەرمانبەرداری نەفس و شەیتان بووم و

هیچ سوودم نەبینی،

لەمەودوا دەمەوێت فەرمانبەرداری الله بم

کە هەرچی سوود و قازانجی دنیایی و قیامەتییە لەوەوەیە.

* * *

**١٢ـ بیر لە دۆزەخ بکەوە، واز لە ناپۆشتەیی دەهێنیت:**

خوای گەورە دەربارەی دۆزەخ دەفەرموێت: ﴿إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا﴾ [الفرقان: ٦٦]. بەڕاستی شوێنێکی زۆر ناخۆش و ناسازە. خراپترین و ناخۆشترین شوێن دۆزەخە و ئاهو ناڵە و پەشیمانی بێ سنوورە تیایدا. مرۆڤ لە قیامەتدا تەنیا بە بینینی دۆزەخ ئاوات بە مردن دەخوازێت؛ بەڵام مردنێک نەماوە، ئاوات دەخوازێت هەرچی هەیبووە لە دنیادا هەرچی کەسوکار و خۆشەویستیەتی لە بریتی خۆی بیدات، بەڵام لەو ڕۆژەدا تەنیا کارە چاک و خراپەکانتن کە سەرەنجامت دیاری دەکەن، بۆیە واز لە ناپۆشتەیی بهێنە تا چاکەکانت قورستر بن لە تەرازووی کێشانەکاندا و دوور بیت لە ئاگری دۆزەخ.

## ١٣ـ لۆمەی خۆت بکە لەسەر ناپۆشتەییت:

الله جَلَّ جَلالُهُ دەفەرموێت: ﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾ [القيامة: ٢] واتە: سوێند دەخۆم بە ویژدانی زیندوو و نەفسی ڕەخنە لە خۆگر کە لۆمەی خۆی دەکات. ئەم ئایەتە بەبیری نەفست بێنەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ﴾ [الإنفطار: ٦] واتە: ئەی ئادەمیی! چی وای لێ کردوویت کە سەرکەش بیت بەرامبەر پەروەردگاری میهرەبان و بەڕێزت؟ چی وای لێکردویت کە وەکو پێویست قەدری نەزانیت، نافەرمان و یاخی بیت؟

مادام ئەم لۆمەی نەفسیی خۆت کردنە ئەوەندە گەورەیە لای خوا کە سوێندی پێ بخوات؛ لەبیرت بێت لەسەر تاوانەکانت لۆمەی نەفست بکەیت تا پەروەردەی دەکەیت. هەمیشە لەبیرت بێت -بە ویستی خوا- ئەم لۆمەکردنە دەتگەیەنێت بە تەوبە و چاکە و ڕازیکردنی خوای گەورە.

## ١٤ـ ئایا بەرگەی توڕەیی خوا دەگریت؟

زۆرجار لە ژیانی دنیاماندا لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمان تووڕەبوونێک یا هەڵەتێگەیشتنێک ڕوودەدات، ئەگەر ئەو کەسە کەسێکی نزیک و خۆشەویستت بێت دڵت نائاسوودەیە بە نائاسوودەیی و عاجزبوونی ئەو، هەروەها بۆ ڕازیکردن و ئاشتکردنەوەی هەموو کارێک ئەنجام دەدەیت. دەستت خۆش بێت ئەوە سیفەتی باوەڕدارانە کە دڵی کەسانی دەوروبەر

ڕابگریت و لەکاتی تووڕەکردنیان داوای لێبوردنیان لێ بکەیت. بەڵام ئایا ئەو پەروەردگارەی دروستی کردوویت و ژیانی پێ بەخشیویت و، هەموو نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا ڕشتوویت لە ئەندامەکانی جەستەت و عەقڵ و دەروونی تەندروست و نیعمەتی مسوڵمانێتی و... لە قیامەتیشدا بەهەشتی بۆ ئامادە کردوویت... چۆن بەرگەی ئەوە دەگریت تووڕەی بکەیت؟ چۆن بەئاسوودەیی ڕۆژەکانت بەڕێ دەکەیت؟ چۆن بە بێباکی خەوت لێ دەکەوێت لەکاتێکدا ڕۆژانە سەرپێچیی دەکەیت و جلوبەرگێک لەبەر دەکەیت کە دروستکارەکەت پێی ناخۆشە؟! ئەی لە ڕۆژی دواییدا نە مرۆڤێک نە هیچ یەکێک لە فریشتەکانیش بۆیان نییە و زاتیش ناکەن لە ترسی خوا قسەیەک بکەن ئایا بەرگەی تووڕەیی ئەو زاتە گەورەیە دەگریت؟!

### ١٥ـ تەوبەکردن دوامەخە

مرۆڤ بە سروشتی خۆی وایە دەکەوێتە هەڵەوە، هەموو کەسێک هەڵە دەکات، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا ئەو کەسانە سەرفراز دەبن کە هەمیشە تەوبەیان کردووە لە گوناهەکانیان و داوای لێخۆشبوونیان کردووە. زۆرینەی ئەهلی دۆزەخیش ئەهلی)تسویف(ن، واتە ئەو کەسانەی هەمیشە عیبادەت و چاکەکردن و تەوبەکردن دوادەخەن دەڵێن: ئێستا نا، دواتر، جارێ زووە، ئێستا ناتوانم، جارێ گەنجم، با هاوسەرگیری بکەم ئنجا... کەواتە هەرچی خێر و چاکە و تەوبەکردنە پەلەی لێ بکە. دەتەوێت ببیتە باڵاپۆش؟ هەر ئێستا بڕیاری لێ بدە و

جێبەجێی بکە، ئاخر ئێمە گرەنتیی خولەکێکی دیکەی ژیانمان نییە!

ئیبن جەوزی دەڵێت: «کەوتنی گوناھ بۆ سەر دڵ، وەک کەوتنی دڵۆپەڕۆنە بۆ سەر جلوبەرگ، ئەگەر بەخێرایی نەشۆرڕێت بڵاودەبێتەوە».

ئەوەتا خوای گەورە و بەدەسەڵاتیش بانگت دەکات و داوای گەڕانەوەت لێ دەکات لە دوای تاوانکردن و دەفەرموێت: ﴿نَبِّئْ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ۝ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلْعَذَابُ ٱلْأَلِيمُ﴾ [الحجر: ٤٩-٥٠] واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ ھەواڵ بدە بە بەندەکانم کە بەڕاستی ھەر من لێبووردەی میھرەبانم (بۆ باوەڕ داران)، ھەروەھا بەڕاستی سزاشم یەکجار سزایەکی بە ئێش و ئازارە.

کەواتە ئەگەر تەوبە بکەین و پەشیمان بینەوە لە گوناھەکانمان، ئەوا خوای گەورە زۆر لێبوردە و میھرەبان دەبێت لەگەڵمان، بەڵام خوانەخواستە بە گوناھی زۆرەوە بگەڕێینەوە، ئەوا سزایەکی بەئێشی خوای باڵادەست چاوەڕێمانە.

ھەروەھا فەرموویەتی: ﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ]المائدة: ٧٤[. واتە: ئایا حەق نیە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن؟ لەکاتێکدا: خوا زۆر لێخۆشبوو و میھرەبانە!

زۆر جار هەڵەیەک بەرامبەر کەسێک دەکەیت؛ بەڵام کە بیردەکەیتەوە داوای لێبوردنی لێ بکەیت، باش دەزانیت کە قبووڵی ناکات و ئەو دڵەی نییە کە بتوانێت بەخشندە بێت بەرامبەرت؛ بەڵام پەروەردگاری جیهانیان زۆر تەوبەوەرگرە. لە هەموو تاوانێک و لە هەموو کەسێک دەبوورێت.

ئیمامی عەلی -خوا لێی ڕازی بێت- دەڵێت:

قبُورنا تُبنى وما تُبنا ... ياليتنا تُبنا قَبل أن تُبنى

واتە: گۆڕەکانمان وا لێ دەدرێن و هێشتا تەوبەمان نەکردووە

خۆزگە پێش ئەوەی بمرین و گۆڕمان لێبدرێت تەوبەمان کردبا!

لا دار للمرء بعد الموت يسكنها ... الا التي كان قبل الموت بانيها

واتە: مرۆڤ لەدوای مردنی ماڵێکی نییە تێیدا نیشتەجێ بێت

تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆی پێش مردن خەریکی بنیاتنانی بووە.

نالیی گەورە شاعیرمان دەڵێت:

هەر چەندە کە عومری خزر و جـــــــامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومـــــــرێکی کەمـــــــت بوو!

ئەی جامـــــیعی دونـــیا و قـــــیامەت بە خـــــــــــــەیاڵات

ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو و نە ئەمت بوو!

***

عومـــــــــــرت نەفەسێـــــــــکی کە هەموو عـــــــــالەمی دێنا

بمرە لە غەمیدا کە هەموو ســـــــــــــــــــەرفی غەمت بوو

## ١٦ـ دنیا بۆ بێباوەڕان ڕازێنراوەتەوە

﴿زُيِّـنَ لِلَّذِيـنَ كَفَـرُواْ ٱلۡحَيَـوٰةُ ٱلدُّنۡيَـا﴾ [البقرة: ٢١٢] واتـە: ژیانـی دنیـا ڕازێنراوەتـەوە بـۆ بێبـاوەڕان. دنیـا بـۆ بێباوەڕانـە، بـەڵام بەهەشـت بۆ تـۆی ئافرەتـی مسـوڵمان ئامادەیە. کەواتـە ئامانجی تـۆ پێویسـتە قیامـەت بێـت نـەک دنیـا. ئیسـلام داوا لـە مسـوڵمان دەکات دڵـی بـە دنیـاوە نەبەسـتێتەوە و لـە دڵـی دەربـکات. جـا خوشـکەکەم جلێکـی ناشـەرعی چییـە دڵـت پێـوەی پەیوەسـت بێـت و دڵـت پێـی خـۆش بێـت و وازی لـێ نەهێنیـت؟

حەمدیی شاعیر جوانی فەرمووە:

دڵ لە دنیا دەرچـــوو، دنیا خۆ لە دڵ هەر دەرنەچوو!

چـــــــارە دەرچوونە هەتا عیزز و شەرەف زیاتر نەچوو

بۆیە تا کاتت لەبەردەست ماوە دنیا و هەر شتێک دنیاییە و سوودی قیامەتیی نییە لە دڵتی دەرکە و، بڕیاری باڵاپۆشییەکەت بدە و سەرفرازیی هەردوو دنیا بەدەستبهێنە.

## ١٧ـ تۆ حەزت لە ناپۆشتەییە، بەڵام خێر لە باڵاپۆشیدایە

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡ} البقرة: ٢١٦. واتە: لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت. تۆ حەزت لەو جلانەتە بەڵام ئەوانە شەڕ و ماڵوێرانین بۆدنیا و قیامەتت. جا دڵنیا بە هەر شتێک بۆ قیامەتت باش نەبێت، بۆ دنیاشت باش نابێت و خێری پێوە نابێت.

## ١٨ـ نوێژی زۆر بکە ئەگەر دەتەوێت واز لە ناپۆشتەیی بێنیت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ﴾ [العنکبوت: ٤٥] واتە: نوێژ بەچاکی ئەنجام بدە، چونکە بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهـ و تاوان و نادروستی دەکات.

کەواتە تۆش زۆر نوێژ بکە. نوێژێک دڵ زیندووبکاتەوە، ڕۆح بەئاگا بهێنێتەوە و، میعراجی ڕۆحت بێت بۆ بەرزی و بەرەو خوا، نوێژێک بێت دڵ لە گوناح و لە پەڵە ڕەشەکان سپی بکاتەوە، نوێژێک بێت بەرامبەر خوا و هەستکردن بە حوزووری خوای تێدا بێت، نوێژێک بکە تاوانت لەپێش چاو

بخات و هەموو بوونت کۆبکاتەوە و بتخاتە سەر ڕێگای ڕازیکردنی خوا.

کەواتە ئێستا دەست نوێژێک بگرە و بڵێ: اللە گەورەترینە، تەنیا فەرمانبەرداری ئەوم. بڵێ: (اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ) واتە: خوایە بەقەد دووریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە تاوانەکانم دوور بخەرەوە. وەک ئەو کەسەی باسیان کرد لای پێغەمبەر ﷺ کە بەڕۆژ دزی دەکات و بەشەو نوێژ دەکات، فەرمووی ئەگەر وا بکات، ئەوا واز لە دزی دێنێت، هەر واش بوو، بۆیە نوێژی ڕاستەقینە ڕێگرە لە تاوان.

هەروەها هەر چاکەیەک چاکەیەکی تر بەدوای خۆیدا دێنێت، نوێژیش باشترین چاکەیە.

زیکرێک هەیە ڕاستەوخۆ دوای بەیانی و شێوان دە جار دەخوێنرێت، پاداشتەکەی ئاماژەی ئەوەی تێدایە هەرکەس بیخوێنێت دوور دەبێت لە تاوان، بە ویستی خوا. هەندێ لە پێشینە چاکەکانیش وتوویانە: (إن من ثواب الحسنة الحسنة بعدها، وإن من عقاب السيئة السيئة بعدها) واتە: واتە پاداشتی چاکە چاکەیەکی ترە بەدوایدا و سزای خراپەش خراپەیەکی ترە بەدوایدا.

ئەگەر دەتەوێت لە خوا نزیک ببیتەوە و لە گوناح دوور بیت و هیدایەت وەربگریت، ﴿ٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب﴾ [العلق: ١٩] کوڕنوش بەرە و (لەخوا) نزیک ببەوە.

## ١٩ـ ئاگاداری پەشیمانیی دنیا و قیامەت بە، زۆر سەختە

پەشیمانی ناخۆشترین هەستە کە مرۆڤ تووشی ببێت، بەتایبەت ئەگەر لە هەڵەیەک پەشیمان بێت کە ئیدی قەرەبوو نەکرێتەوە. پێشینان جوانیان فەرموە: داری خۆزگە بەر ناگرێت. بەڵێ چ سوودی هەیە تۆ لە دونیادا ناپۆشتە بیت تا مردن و لە قیامەت بڵێیت: ﴿يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠﴾ [الأحزاب: ٦٦] واتە: ئای خۆزگە فەرمانبەرداری خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بووینایە.

## ٢٠ـ هەمیشە شوێنکەوتەی خەڵک مەبە

وتراوە: «لا تَكُونُوا إِمَّعَةً ؛ تَقُولُونَ: إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ؛ أَحْسَنَّا، وَإِنْ ظَلَمُوا؛ ظَلَمْنَا» واتە: هەمیشە بەڵێ گۆ مەبن بڵێن: کە خەڵک چاکەیان کرد ئێمەش چاکە دەکەین، کە ستەمیان کرد ئێمەش ستەم دەکەین! بۆیە تۆ خۆت لەوە بەرزتر ببینە. با هەمیشە تۆ سەرمەشق بیت و خەڵک شوێنت بکەوێت لە چاکەکاریدا، نەک تۆ شوێن خەڵک بکەویت و لاساییان بکەیتەوە لە تاوان و لە ناپۆشتەیی و جلی ناشەرعیدا. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ﴾ [المائدة: ١٠٠] واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) پێیان بڵێ: پیس و پاک یەکسان نین، هەرچەندە زۆریەتی ئەو پیسە سەرنجی ڕاکێشابێت. با ئافرەتانێکی زۆر ناپۆشتە بن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ناپۆشتەیی باش بێت و نیشانەی ڕۆشنبیریی و کراوەیی بێت و سەرەنجامەکەی باش بێت.

**هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:** ﴿قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰ إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾ **[الأعراف: ٣٨]**

واتە: (ئەوسا خوا فەرمانی دا) فەرمووی: دە بچنە ڕیزی ئەو کۆمەڵانەوە کە پێش ئێوە هەبوون (لەگومڕاکان) لە دەستەی پەری و ئادەمیزادەکان لەناو دۆزەخدا. هەر کاتێک هەر کۆمەڵ و دەستەیەک دەچنە ناوی نەفرین دەکەن لە هاوئاین و هاوبیرانیان، هەتا ئەو کاتەی هەموویان کۆ دەکرێنەوە و بەسەریەکدا دەدرێن لە ناو دۆزەخدا، شوێنکەوتەکان ڕوو بە گەورەکانیان -کە لە دنیادا شوێنیان کەوتن- دەڵێن: پەروەردگارا ئا ئەوانە ئێمەیان گومڕاکرد، دە تۆش لەناو دۆزەخدا سزای دوو بەرامبەریان بدە! (خوای گەورەش فەرمووی): بۆ هەموو لایەک (سزا و تۆڵە) دوو بەرامبەرە بەڵام ئێوە پێی نازانن.

کەواتە زۆر زۆر وریابە شوێن کێ دەکەویت و لە چ شتێکیشدا خەڵک شوێنت دەکەون!

## ٢١ـ لە بەرامبەر خوادا چی دەڵێیت؟

ڕۆژی دوایی ڕۆژێکە زۆر گەرمە، زۆر سەختە، زۆر درێژە، دڵەڕاوکێی زۆرت هەیە، ترست هەیە، پەشیمانی، لەو ڕۆژەدا دۆزەخ بە چاوی خۆت دەبینیت، لە بەرامبەر خوای بالادەست خۆت بەتەنیا ڕادەوەستیت و لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت. بیهێنە پێش چاوت تۆ تا کۆتایی تەمەنت ناپۆشتە بوویت و ئێستا خوای گەورە لێت دەپرسێت بۆچی بالاپۆش نەبوویت؟ بۆ ئەو پۆشاکە شەرعی و جوانەی من دامنابوو لەبەرت نەکرد؟ چی دەڵێیت؟ ئایا دەکرێت یا دەتوانیت بڵێیت پێم جوان نەبوو!؟ دەکرێت بڵێیت: چونکە بە جلی پۆشتەوە قەڵەو دەردەکەوتم؟ دەکرێ بڵێیت حەزم لە مۆدێلی ئەوروپییەکان بوو!؟ دەتوانیت بڵێیت بە بەرنامەکەی تۆ ڕازی نەبووم؟!

بیر لەم ئایەتە پیرۆزە بکەوە: ﴿وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَـٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِ﴾ [الحج: ٣٠] واتە: جا ئەوەی کە سنوورەکانی خوا بپارێزێت و دروشمەکانی بە گەورە دابنێت، بێگومان ئەوە چاکترە بۆی لای پەروەردگاری.

هەروەها ﴿لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ﴾ [الأنبياء: ٢٣] واتە: پرسیار ناکرێت لەوەی کە خوا دەیکات. لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت و موحاسەبە دەکرێن لەوەی ئەنجامیان داوە.

﴿ وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُّسْتَطَرٌ ﴾ [القمر: ٥٣] واتە: هەرچی ورد و

درشت هەیە لە کار و کردەوەیان لە دەفتەری کردەوەکانیاندا نووسراوە و تۆمارکراوە.

هەر ئافرەتێک بیر لە ساتی لێپرسینەوە بکاتەوە و هەستی پێ بکات و بیهێنێتە پێش چاوی خۆی زۆر ئاسان دەتوانێت بڕیاری باڵاپۆشی بدات.

## ٢٢ـ مەگەڕێوە بۆ سەردەمی نەزانی و نەفامی

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى﴾ [الأحزاب: ٣٣] واتە: وەکو ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامیی پێشوو جوانیی خۆتان بۆ پیاوانی نامەحرەم دەرمەخەن. کەواتە سفوری و خۆدانەپۆشین و دەرخستنی جوانی، پێشکەوتن نیە. بەڵکو پیشەی ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامی بووە لە پێش ئیسلامدا. هەروەها فەرموویەتی: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ [المائدة: ٥٠] واتە: ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامییان دەوێت و ئەویان لاپەسەندە؟! (ئاخر بۆ بیرناکەنەوە) کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاک و بەجێ بێت؟ (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە. کەواتە ئەگەر ناتەوێ بگەڕێیەوە بۆ سەردەمی نەفامی و ئەگەر بە بڕیاری خوا ڕازیت پێویستە واز لە خۆدانەپۆشین و دەرخستنی جوانییەکانت بهێنیت.

## ٢٣- پێوەرەکانت لەبارەی (جلی داپۆشراو) بگۆڕە

ئەو جلوبەرگە داپۆشراوە کە مەرجە شەرعییەکانی تێدابێت، ئەو مەرجانەش خوا دایناوە نەک مرۆڤەکان، لەبەرئەوە مەڵێ: خۆ جلی من لە هی فلان بەرینترە، یا فلان جل هەیە زۆر دانەپۆشراوە، خۆ من ئەوانە لەبەرناکەم، ئەوانەی من زۆر باشن، لە کاتێکدا جلوبەرگەکانت ئەوانە نین کە خوا دەیەوێت! یان کاتێک هەر لەناو ئافرەتان دایت بڵێیت: هەر جلێک بپۆشم کێشەنیە. نەخێر، بەڵکو بەراوردی بکە بە پێوەر و مەرجە شەرعییەکان، نەک جلەکانی ئەم و ئەو و بەپێی حەز و زانیارییە سنووردارەکانی خۆت بڕیار بدەیت.

هەندێ کەس کچەکانیان وا ڕادەهێنن کە ئاسایی بێت لایان لای کوڕە خزمەکانیان داپۆشراو نەبن! بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و بەو هۆیەوە ئەو کچانە تووشی زۆرترین گوناهـ و نەزەر دەبن، بۆیە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ پێوەرە شەرعییەکان و بزانین جگە لە باوک و برا و باپیر و نەوە و هاوسەر و خەزوور و مام و خاڵ و برازا و کوڕ و کوڕی مێرد کە لە قورئاندا باسکراون هیچ پیاوێکی دیکە مەحرەم نییە و پێویستە لای ئەمانەش داپۆشراو بێت و ئەو داپۆشراوییەش ڕێسا و یاسای خۆی هەیە.

**٢٤. خوای گەورە بەندەیەکی لە گوناهێک ڕزگار ناکات کە توانای ئەنجامدانی هەبێ مەگەر کەسێک بێت لای خوا ڕێزێکی زۆر زۆری لێ نابێت**

بیر لەم وتەیەی سەرەوە بکەوە -کە وتەیەکی شێخ صالح مەغامسییە- چەند گەورەیە! واتە بۆنموونە ئەگەر تۆ ناپۆشتەیت و هیچ ڕێگریێکیش نیە لەبەردەمت کە ناپۆشتە بیت و ئازادیت. جا ئەگەر خوا ڕزگاری کردیت و هیدایەتی دایت ببیتە باڵاپۆش، ئەوا بزانە ڕێزێکی زۆرت هەیە لای خوای گەورە!

﴿وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ [یوسف: ٢٤] واتە: سوێند بەخوا بێگومان ئەو ژنە نیازی خراپی بە یوسف هەبوو، یوسفیش ئەگەر ئەو بەڵگە ڕوونەی پەوەردگاری نەبینیبایە، ئەوا نیازی خراپی دەبوو. بەڵام یوسف پەروەردەکراو بوو و نیازی خراپی نەبرد. ئا بەو جۆرە بەڵگەمان نیشانی یوسف دا بۆ ئەوەی خراپە و داوێنپیسیی لێ دوور بخەینەوە چونکە بەڕاستی یوسف لە بەندە پاک و هەڵبژاردەکانی ئێمەیە. ئێمەش پێویستە لە بەندە چاک و نیەتپاکەکان بین بۆئەوەی خوای گەورە ڕزگارمان بکات لە تاوانانەکانمان.

هەر کاتێک خوا تۆی پاراست لە تاوانێک و بەباشی سوپاست کرد لەسەری بێگومان لە تاوانێکی گەورەتریش دەتپارێزێت، بۆ ئەوەی ئامادەبیت بچیتە بەهەشت و جەستە و دڵت پاک بکاتەوە. ئایا تۆش ئەوەت ناوێت؟

### ٢٥ـ ئەو کەسانەی لە خوا دەترسن

خـوای گـەورە دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ الَّذِيـنَ يَخْشَـوْنَ رَبَّهُـم بِالْغَيْـبِ لَهُـم مَّغْفِـرَةٌ وَأَجْـرٌ كَبِـيرٌ﴾ [الملک: ١٢] واتـە: ئەوانـەی لـە پەنهانیدا لـە خوای خۆیان دەترسن لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیـە. لەبـەر ڕازیکردنـی دایک و بـاوک یـا هاوسـەر نـا، بەڵکو لەترسی خوا وازبێنـە لـە جلوبەرگە ناپۆشتەکانت و ئـەو پاداشتە گەورەیـە بەدەسـت بێنـە.

بەنـدەش تـا زیاتـر خـوای گـەورەی خـۆش بوێـت زیاتـر ترسـی دەبێت بەرامبـەری. هەمیشـە وایـە ئـەوەی خۆشـت دەوێـت زۆر دەترسـیت بیرەنجێنیـت.

### ٢٦ـ خودا تۆی بۆ عیبادەت دروستکرد

خـوای باڵادەسـت دەفەرمویـت: ﴿وَمَـا خَلَقْـتُ ٱلْجِـنَّ وَٱلْإِنـسَ إِلَّا لِيَعْبُـدُونِ﴾ [الذاریـات: ٥٦] واتـە: مـن جنۆکـە و ئادەمیزادم تەنهـا بۆ ئـەوە دروسـت کـردووە کـە بەندایەتـی بـۆ مـن بکـەن. کەواتـە خوشـکە ڕێزدارەکـەم تـۆ بـۆ ئـەوە دروسـت بوویـت پەرسـتشـی خوای گـەورە بکەیت، بۆیە لە مەبەسـت و هۆکاری دروسـتبوونت لامـەدە و گرنگیـی پـێ بـدە، واز لـە ناپۆشـتەیی بێنـە کـە پێچەوانـە و دژی ئەوەیـە کـە تـۆی بـۆ بەدیهێنراویـت.

هەروەها هەمیشە تەماشای سەروو خۆت بکە. پێشەنگەکان ببینە نەک ئەو ئافرەتانەی بێ زانیاری یان بە زانیارییەوە سەرپێچی خودا دەکەن. ئەم پاداشت و ڕێزە لەدەست خۆت مەدە: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ [الملك: ٢] واتە: خوا مردن و ژیانی بەدیهێناوە تا تاقیتان بکاتەوە کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەندترە.

تۆ باشترین بە و باشترین کردەوە هەڵبژێرە.

## ٢٧- حەزدەکەیت چۆن بگەڕێیتەوە لای پەروەردگارت؟

بیر لە مردن بکەرەوە، هەمووومان کاتێک دێت دەمرین، ئایا پێت خۆشە ئەو کاتەی دەمریت بەم جلانەوە ڕۆحت بکێشن؟ پێت خۆشە ئەو کاتەی دەگەڕێیەوە لای تاکە خوداکەت، جلێکت لەبەردابێت کە ئەو پێی ڕازی نییە؟! ئەو خوایەی هەزاران چاکە و بەخششی بەسەرتەوە هەیە و فەرمانی پێ کردوویت باڵاپۆش بیت.

## ٢٨- ئەو کەسەی بەرەو باشە نەگۆڕێت زەرەرمەندە

وتراوە: (من استوى يوماه فهو مغبون). واتە: هەرکەسێک دوو ڕۆژی وەکو یەک بێت زیانمەندە. کەواتە پەلە بکە و هەوڵ بدە لە کاروانی چاکەکاران جێنەمێنیت. بڕیاربدە هەمیشە خۆت بەرەو باشتر ببەیت، هەمیشە زیاتر نزیک ببیتەوە لە پەروەردگارت، ئایا دەتەوێت چەند ساڵ بە ناپۆشتەیی بەڕێبکەیت؟ ئەو

تەمەنەت کە ڕۆیشت با بەس بێت، ئەوەی کە ماوە ئازا بە و لە سەرپێچی خوادا بەڕێی مەکە. پەلە بکە و لە پێشبڕکێدا بە لەگەڵ ڕابردووی خۆتدا و مەهێڵە ئەو براوە بێت.

## ٢٩ـ ئەو بەڵایە بەهۆی خۆتەوە تووشت بوو

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ﴾ [آل عمران: ١٦٥] واتە: ئەو بەڵایە بەهۆی سەرپێچیکردنی خۆتانەوە تووشتان بوو.

خۆشەویستیشمان فەرموویەتی: «احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ»[١] واتە: سنوورەکانی خودا بپارێزە ئەویش دەتپارێزێت.

هەموو کەسێک بەدوای بەختەوەری و ئاسوودەییدا وێڵە و هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات هەریەکەو بەشێوەیەک، هەندێکمان بەڕێگەی ڕاست هەندێکیش بەڕێگەی هەڵە، تۆ کام ڕێگایەت گرتۆتە بەر؟ ئایا ناتەوێت دڵخۆش و سەرکەوتوو بیت؟ پارێزراو بیت لە ناخۆشی و نارەحەتییەکان؟ دەتەوێت هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو بکەیت؟ ئەگەر ئەمانەت دەوێت پێویستە ڕێگەی دروست بگریتە بەر، چونکە زۆرجار خوای گەورە سزای تاوانەکانت پێش دەخات، هەر لە دونیادا سزاکەی بە ناخۆشی نارەحەتی دەبینیت. یان بۆ نموونە لەوانەیە خۆت بۆ ئاهەنگێک بڕازێنیتەوە و بەناپۆشتەیی بچیت و هەر لە ئاهەنگەکەدا زیانێکت تووش بێت. لەوانەیە کەسێک سەرسامی جوانییەکەت بێت و

(١) أخرجه الترمذي (٢٥١٦) وأحمد في مسنده (٢٨٠٣).

چاوت لێ بدات، لەوانەیە گەنجێک تەنیا بەهۆی جوانییەکەت داوای هاوسەرگیریت لێ بکات و پاشان سەرکەوتوو نەبن و ئەو ناپۆشتەییە لە دنیاشدا سوودی بۆت نەبێت! زۆر ئەگەر هەیە ئەم شتانە ڕووبدات؛ کەواتە خوشکی ئازیز خۆت بۆ کێ دەڕازێنیتەوە؟ دەتەوێت چی بەدەست بهێنیت؟ وەک ماڵی جاڵجاڵۆکە مەبە -کە لاوازترین ماڵە- خۆت هۆکارەکان بگرەبەر بۆ پارێزگاری خۆت و سەرکەوتنت. پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت کە خوای گەورە فەرموویەتی: «إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلاَ يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفْسَه»[1] واتە: بەڕاستی ئەوە کردوەکانی خۆتانە بۆتان دەژمێرم، پاشان پاداشت و سزاتان دەدەم لەسەریان. جا هەرکەس لە ئێوە خێری دیت با سوپاسی خوا بکات، هەرکەسێکیش جگە لە خێری دیت با لۆمەی هیچ کەس نەکانت نەفسی خۆی نەبێت؛ کەواتە لە دنیا و لە قیامەتدا هەرچی دێتە ڕێت بەئەگەری زۆرەوە هۆکارەکەی خۆتیت. بۆیە لە ئێستاوە بڕیار بدە هەرچی زیانی بۆ دنیا و دوارۆژت هەیە وازی لێ بهێنە. یەکێکیش لەوانە بالاپۆش نەبوونتە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا﴾ [الطلاق: ٢] واتە: ئەو کەسەی باوەڕدار و لەخواترس و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە. کەواتە خۆپارێزی لە گوناح پارێزگاریی و سەرخستنی خوای لەدوایە،

(١) أخرجه صحيح مسلم (٤٦٧٤).

بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە هەیە کە کچێکی سووریی تەمەن (١٣) ساڵ بەناوی (هالة عاتق) -کە لەگەڵ خێزانەکەی دەیانەوێت بە فڕۆکە گەشت بکەن- ئامادە نابێت بۆ تاکە وێنەیەکی بچوکی معامەلات سەرپۆشەکەی دابنێت -تەنانەت خێزانەکەشی داوای لێ دەکەن- ئەمەش دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی خۆی و خێزانەکەی لە کارەساتێکی زۆر ترسناکی فڕۆکەکە، چونکە ڕێگەیان پێ نادرێت گەشتەکە بکەن، هیوادارم خۆت درێژەی بەسەرهاتەکە لە گووگڵ بخوێنیتەوە.

### ٣. حەرام و حەڵاڵ لەسەر بنەمای چاکی و خراپی دانراون

حەرام و حەڵاڵ لەسەر بنەمای چاکی و خراپی دانراون. ئایا تۆ کامیانت دەوێت؟ ئایا دەتەوێت سوود و قازانجی هەردوو دنیات دەستکەوێت یان زیان و خراپەی هەردوو دنیا؟ بۆیە دڵنیابە هەموو حەرامێک زیانی بۆ جەستە و دەروون و عەقڵت و بۆ خۆت و خێزان و کۆمەڵگەکەت هەیە لە هەردوو دونیا. هەموو واجب و چاکەیەکیش سوودی بۆ جەستە و دەروون و عەقڵت و بۆ خۆت و خێزان و کۆمەڵگەکەت هەیە لە هەردوو دونیا.

## ٣١- لێپرسینەوە لە خۆت بکە بەرلەوەی لێپرسینەوەت لێ بکرێت

ئیمامی عومەر -خوا لێی ڕازی بێت- دەیفەرموو: «حاسِبوا أنفسَكم قبل أن تُحاسَبوا، وزِنوا أنفسَكم قبل أن تُوزنوا، فإنَّه أخفُّ عليكم في الحسابِ غدًا أن تُحاسِبوا أنفسَكم اليومَ»[١] واتە: لێپرسینەوەی نەفسی خۆتان بکەن بەرلەوەی خوا لێپرسینەوەتان لێ بکات. خۆتان چاکە و خراپەکانتان بکێشن بەرلەوەی خوا بیانکێشێت. ئەگەر ئەمڕۆ ئەو لێپرسینەوەیە بکەن لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی لەسەرتان ئاسانتر دەبێت.

سەید کامیلی ئیمامی دەڵێت:

حیســـــابی خۆم دەکرد ئەمرۆ لەگەڵ ئیحسان و عیسیانم

کەچی ئەم گەییە ئاســـــمان، ئەو لە عـــــەرزە ماڵی وێـــــرانم

تـــــــەرازووی خێر و شەڕ ئێستا کە وایە ئەی خودا ڕەحمێ

لە عیسیانم کەسر کە بیخە سەر تای خێرات و ئیحسانم

کەواتە من و تۆش پێویستە کێشانە و پێوانەیەکی کردەوەکانمان بکەین تا نەگەیشتووینەوە بە خوای گەورە، بزانە پێویستت بەوە نییە بەهۆی باڵاپۆشییەوە کەمێک تای تەرازووی چاکەکانت قورستر بکەیت؟

(١) ابن كثير، مسند الفاروق، ٦١٨/٢.

## ٣٢- ئەوەی شەعائیری ئیسلام بەگەورە نەزانێ و جێبەجێی نەکات خێری تێدا نیە و باوەڕی تەواوی لە دڵدا نییە

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾ الحج: ٣٢. واتە: بەو شێوەیە ئەوەی ڕێز دادەنێت بۆ دروشم و بەرنامەکانی خوا ئەوە نیشانەی پارێزکاری و لە خواترسانی دڵەکانە. باڵاپۆشبوونیش دروشمێکی گەورەی ئیسلامە، هەرکەس ئەنجامی نەدات نیشانەی ئەوەیە ئیمانی تەواو نییە.

## ٣٣- تەنیا خوا شایەنی فەرمانبەرداریيە

خوای باڵادەست دەفەرمویێت: ﴿لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ [البقرة:٢٨٤] واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە هەمووی موڵکی خوای گەورەیە. هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الْأَوَّلِينَ﴾ [الشعراء: ١٨٤] واتە: تەقوای ئەو خوایە بکەن کە ئێوە و ئوممەتانی پێش ئێوەیشی دروست کردووە. ئەو خوایە باڵادەست و مەزنە خاوەنی هەموو شتێکە و خۆی دروستکاریانە. کەواتە پێویستە تەنها بەرنامەی ئەو پیادە بکرێت لەناو دروستکراوەکانیدا و هەر ئەو شایەنی فەرمانبەرداریيە نەک حەزی خۆت یا هەر شتێکی دیکە، خوای گەورە دەزانێت کە باڵاپۆشی باشترە بۆت نەک ناپۆشتەیی.

## ٣٤ـ گەر تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوویت بێئومێد مەبە

خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە هەمیشە و جار لەدوای جار تەوبە دەکەن و واز لە تاوانەکانیان دێنن؛ چونکە ئەم کەسانە هەمیشە خوایان لەبیرە. هەر کە تووشی گوناهێک بوون خێرا تەوبە دەکەن؛ بۆیە دەڵێم ئەگەر تەوبەشت شکاندووە دڵنیابە ئەم جارەیان تەوبە بکەیت خوای گەورە وەری دەگرێت، دڵنیابە ئەو زۆر بەپەرۆشترە لەخۆت بۆ گەڕانەوەت بۆ لای، لە خۆت زیاتر حەز دەکات لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارت بێت، زۆر لەوە میهرەبانترە کە تەوبەکەت وەرنەگرێت. تەنیا تەوبەیەکی ڕاستەقینە بکە دڵنیابە وەری دەگرێت و دامەزراویشت دەکات لەسەر چاکە و باڵاپۆشییەکەت. تەنیا بێئومێد مەبە و بڕیاربدە و سووربە لەسەری. ئاگاداربە هەرگیز نەڵێیت خوای گەورە لێم خۆش نابێت؛ چونکە ئەمە لە تاوانەکەت گەورەترە.

إذا أوجـــعتك ذنـوب فداوهـا برفع يـــد والليـل مـــظلم

ولا تقنطن من رحمة الله فإن قنوطك من ذنبك أعظم

واتە: ئەگەر تاوانەکانت ئازاریان دایت بە بەرزکردنەوەی دەستەکانت لە تاریکی شەودا دەرمانیان بکە و نەکەی هەرگیز لە ڕەحمەت و میهرەبانیی خوا بێئومێد بیت؛ چونکە بێئومێدبوونت خراپتر و گەورەترە لە تاوانەکەت.

## ٣٥- گوناهی گەورە و بچوک بە کەم مەزانە

سەیری گوناهەکەت مەکە چەند بچووکە، ئەی نازانیت سەرپێچیی خوایەکی زۆر گەورەت کردووە؟!

ئیبن موعتەز -کە خەڵکی بەغدا بووە- دەڵێت:

خَلِّ الذُنوبَ صَغيـرَها وَكَبيـرَها ذاكَ التُقى

وَٱصنَع كَمَاشٍ فَوقَ أَرضِ الشَوكِ يَحذَرُ ما يَرى

لا تَحقِرَنَّ صَغيرَةً إِنَّ الجِبالَ مِنَ الحَصى

واتە: واز لە تاوانە بچوک و گەورەکانت بێنە؛ چونکە ئەوە تەقوا و لەخواترسیی ڕاستەقینەیە. وەک کەسێک کە بەناو دڕکوداڵدا دەڕوات خۆت بپارێزە لە تاوان. هیچ تاوانێکی بچووکیش بە کەم مەزانە؛ چونکە چیاکانیش لە وردە بەرد و چەو دروست بوون.

زانایان دەڵێن: چەندە تاوانەکانت بە بچووک بزانیت ئەوەندە گەورەن لای خوا. هەروەها چەندە تاوانەکانت بە گەورە بزانیت ئەوەندە لای خوا بچوکن. هەروەها سووربوون لەسەر گوناهی بچووک بە گەورە دادەنرێن.

هەروەها هەندێ لە زانایان لەم ئایەتەی خوارەوەوە ڕایەکیان بۆ دروست بووە کە ئەوەی بەتەقوا و خۆپارێز نەبێت لە گوناهـ چاکەکانیشی لێ وەرناگیرێت!

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ [المائدة: ٢٧] واتە: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران چاکە وەردەگرێت.

## ٣٦- حیجاب شوناسی ئافرەتی مسوڵمانە

هەموومان دەزانین جلوبەرگی هەر پیشەیەک دیاریکراوە. جلوبەرگی قوتابخانە، پزیشک، پەرستار، پۆلیس، کارگوزار، چێشتلێنەر... هەموو کەسێکیش پابەندە بەوەی جلوبەرگی تایبەت بە شوێنی کارەکەی بپۆشێت. بۆ نموونە هیچ کەس بە جلوبەرگی ماڵەوە ناچێت بۆ شوێنی کارەکەی یا قوتابخانە، چونکە پابەندی ئەو یاسایەیە کە خاوەنکارەکەی یا بەڕێوەبەرەکەی بۆی داناوە؛ بەڵام ئایا هەموان پابەندین بەو یاسا جوانەی خوای گەورە بۆ ئافرەتی داناوە کە باڵاپۆشییە؟! بەدڵنیاییەوە هەموومان پابەند نین. زۆر ئافرەت لەپێناوی نەشکاندنی فەرمانی بەڕێوەبەر و یاسا دونیاییەکان کۆنترۆڵی خۆی دەکات، بەڵام کۆنترۆڵی خۆی ناکات بۆ فەرمانی خوایی! لەکاتێکدا فەرمانی خوایی گەورەتر و گرنگترە. ئەی تۆ کام فەرمانەت پێ لەپێشتر و گرنگترە؟

## ٣٧- بە بەخششەکانی خوا سەرپێچیی خوا مەکە

(ابن الجوزي) دەڵێت: (لا تَعصِ اللهَ بِنِعَمِهِ!) واتە: بەهۆی بەخششەکانی خواوە سەرپێچیی خوا مەکە و تاوان ئەنجام مەدە.

جا تەندروستیت، گەنجی و جوانیت، هەموو ئەندامەکانی جەستەت، پارە و سامانت بەخششانێکن کە خوای گەورە پێی بەخشیویت. پێویستە لە چاکەدا بەکاریان بهێنیت نەک لە تاواندا. جا ئەگەر جوانییەکەت زیاتر دەرخست و بە پارەکەت پۆشاکێکی ناشەرعیت کڕی و کردتەبەرت، ئەوا ئەو بەخششانەت بە خراپ بەکارهێناوە. هەروەها زانایان دەڵێن: سوپاسگوزاری ئەوەیە تاوان ئەنجام نەدەیت بەو نیعمەتانەی خوا پێی داویت؛ کەواتە تۆش بە کردەیی سوپاسی خوا بکە و بەرگی تەقوا و سوپاسگوزاری بپۆشە و جلە ناپۆشتەکانت لە دڵ و ماڵت دەرکە.

**٣٨- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:** «مَنْ قَامَ بِعَشْرِ آيَاتٍ لَمْ يُكْتَبْ مِنَ الْغَافِلِينَ»(١) واتە: هەرکەس شەونوێژ بکات و دە ئایەتی تێدا بخوێنێت، ئەوا لە بێئاگایان ناژمێررێت. باشە شەونوێژ و قورئان خوێندن سوننەتن ئەگەر ئەنجامیان نەدەین بە بێئاگا دەژمێررێین. ئەی ئەو کەسەی کە واجبێک جێبەجێ ناکات؟! ئایا زۆر گەورەتر نییە؟

**٣٩- نرخی خۆت لە چیدا دەبینیتەوە؟**

ڤیدیۆیەکی ئەحمەد شوقەیری نووسەر و بانگخوازی بەتوانام بینی، بەڕاستی جوان بوو، باسی ئەوەی دەکرد (ئایا نرخی خۆت لە چیدا دەبینیتەوە؟) لە پارە و سامانت؟ ناوبانگت؟ جوانیت؟ بڕوانامەکەت؟ پێداهەڵدانی خەڵک؟ چ شتێکت؟ مرۆڤ

(١) سنن أبی داود (١٣٩٨).

پێویستە نرخی خۆی بزانێت؛ بەڵام پێویستە نەیبەستێتەوە بە شتەکان یان خەڵک، بەڵکوو پێویستە بیبەستێتەوە بە خوا و بیروباوەڕەکەی. منیش دەڵێم: زۆر ئاگادار بە خوشکی جوانم، بەها و نرخی خۆت لە جل و بەرگ و ڕوکارتدا نەبینیت. ئەگەر ڕووکار ئەوەندە گرنگ بێت ئەی بۆچی پیر دەبێت و نامێنێت؟ ئەگەر نرخی خۆت لەو جلوبەرگەدا ببینیت ئەوپەڕی نرخەکەی بە چەند دەخەملێنرێت؟ چەند هەزار، چەند دۆلار؟ تەنانەت هەر شتێکی دیکە -کە شتێکی ماددی بێت- نرخەکەی ئەوەندە زۆر نییە شایەنی ئەوە بێت بەهای مرۆڤ دیاری بکات. بەڵام ئەگەر پەیوەندیی بە خواوە هەبوو یان بە بیروباوەڕ و ڕەوشتەوە ئەوە نرخەکەی بێسنوور گەورەیە.

## ٤. تاوان ڕێگرە لە گیرابوونی دوعا

هەموومان لەم دنیایەدا هیوا و ئاواتی زۆرمان هەیە. دوعا و داواکاریی زۆرمان هەیە بۆ دنیا و قیامەتمان، بۆ خۆمان و دەوروبەرمان... ئەگەر دەتەوێت دوعاکانت گیرا بن، پێویستە خۆت لە تاوان بپارێزیت. لەوانەش ناپۆشتەیی، کە واجبێکە و سەرپێچینەکردنی خوای باڵادەستە، دوور نییە ببێتە ڕێگر لەبەردەم گیرابوونی دوعاکانت.

## ٤١- باڵاپۆشی بریتی نییە لە داپۆشینی جوانی وەک هەمیشە وا پێناسە دەکرێت، بەڵکو باڵاپۆشی دووبارە پێناسەی جوانیمان بۆ دەکات

باڵاپۆشی واتە: من ئەوە دەپۆشم کە لای خوای گەورە جوانە، کەواتە ئافرەت خۆی بە جۆرێک دەڕازێنێتەوە و جۆرێک جلوبەرگ دەپۆشێت کە بەڕاستی جوانە، پێویستە یا ئاساییە هەست بکەیت جوانیت بە جل و حیجابەکەت، بەڵام گرنگە بزانیت نابێت هەست بکەیت کە سەرنجڕاکێشیت، واتە نابێت سەرنجڕاکێش بیت بۆ ڕەگەزی بەرامبەر.

## ٤٢ـ سنووری حەیا و شەرم

ئەگەر تۆ ئافرەتێکی هاوسەردار بیت یان بێهاوسەر هەر تەنیا کەسێکت خۆش دەوێت و دەبیت بە هاوسەری یەک کەس، بەڵام کە باڵاپۆش نیت زۆربەی جەستەت نیشانی پیاوانی نامەحرەم دەدەیت، ئەمە واتای چیە؟ ئایا ئەمە جۆرێک لە ناپاکی نییە؟! جگە لەوە ئەو جەستە جوان و ڕێک و تەندروستەی خوا بە ئەمانەت پێی داویت، لەجیاتی ئەوەی لە چاکەدا بەکاری بهێنیت و تەنها بۆ دڵخۆشکردنی یەک کەس بێت کە حەڵاڵی خۆتە، کەچی کەسانێکی زۆر تووشی نەزەری حەرام دەکەیت! ئایا ناپۆشتەیی چ سوودێکی تێدایە تا وازی لێ نەهێنیت؟! خۆشەویستمان فەرمویەتی: «ما من امرأةٍ تضعُ ثيابَها في غيرِ بيتِ زوجِها إلَّا هتَكَتِ السِّترَ بينَها وبينَ ربِّها»[1] واتە: هەر

(١) أخرجه الترمذي (٢٨٠٣) و أبو داود (٤٠١٠) و أحمد (٢٥٤٠٧).

ئافرەتێک لە هەر شوێنێک جگە لە ماڵی هاوسەرەکەی جلەکانی دابکەنێت، ئەوا پەردەی حەیا و شەرمی لەنێوان خۆی و خوادا لابردووە و بێڕێزیی بەرامبەر کردووە.

وە لە فەرمودەیەکی تردا فەرموویەتی: «إِنَّ لِكُلِّ دِينٍ خُلُقًا، وَخُلُقُ الْإِسْلَامِ الْحَيَاءُ»(١) واتە: هەموو دینێک ڕەوشتێکی تایبەتی هەیە. ڕەوشتی تایبەتیی ئیسلامیش شەرم و حەیایە. هەروەها فەرموویەتی: «إِذَا لَمْ تَسْتَحْيِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ!»(٢) واتە: ئەگەر شەرمت نەکرد، چی دەکەیت بیکە! حیجابکردن جۆرە شەرمکردنێکە، شەرم و حەیایش لە ئیمانەوەیە.

حیجابەکەت حەیا و حیشمەتێکە

جوانیەکی تایبەتت پێ دەدات،

لای هاوشێوەکانت سەرنجڕاکێشت دەکات،

پۆشتەییەکە هەیبەت و ویقارت پێ دەدات،

تکایە وازی لێ مەهێنە.

(١) أخرجه ابن ماجه (٤١٨٢).
(٢) أخرجه البخاري (٦١٢٠).

### ٤٣ـ پێنج شت دڵ خراپ دەکەن

ئیبنولقەییم دەڵێت: پێنج شت دڵ خراپ دەکەن. سێ لەوانە ئەمانەن: خواردنی زۆر، نوستنی زۆر، قسە و تێکەڵیی زۆر لەگەڵ خەڵک. جا ئەگەر ئەمانە ببنە هۆی خراپوونی دڵ -کە خۆیان لە بنەڕەتدا خراپ نین، بەڵکو زیادەڕەوی تێیاندا خراپە- ئایا دەبێت ناپۆشتەیی -کە حەرامە- چ کاریگەرییەکی خراپ بە بەردەوامی بکاتە سەر دڵت؟ بەدڵنیاییەوە تاوانەکان دڵ بەرەو تاوانی زیاتر و خراپبوون دەبەن، بۆیە زۆر خۆت بپارێزە لە حەرامەکان.

### ٤٤ـ چۆن لەبەرکردنی قورئان دوورتدەخاتەوە لە حەرام؟

کاتێک نیەتت پاک دەکەیتەوە، قورئانە پیرۆزەکەی خوا لە دڵتدا بپارێزیت و دەبیتە لەبەرکاری قورئان، هەمیشە لەبیرتە خوا لەخۆت ڕازی بکەیت، شەرم دەکەیت قورئان لەبەربکەیت و حجابەکەت وەک پێویست نەبێت. شەرم دەکەیت کاتەکانت بە شتی بێسوودەوە بەڕێ بکەیت. شەرم دەکەیت گوناهێک بکەیت، چونکە هەمیشە هەست بە چاودێریی خوایی دەکەیت، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم دەست بکەیت بەم پڕۆژە مەزنە و کاریگەرییەکەی لەسەر دڵ و ژیانت ببینیت.

### ٤٥ـ ئەم دینە ئاسان نەهاتووە زۆر ئاسان مەیگرە

ئەم دینی ئیسلامە زۆر بە ئاسانی نەگەیشتووە بە ئێمە، ئازیزمان ﷺ زۆر نارەحەتیی چەشت و زۆر هیلاک بوو بە

گەیاندنیەوە، هاوەڵان زۆر قوربانییان دا لەپێناو بڵاوبوونەوەی ئەم دینە. زانایانی دوای ئەوانیش زۆر بەئاسانی دین و زانستیان وەرنەگرتووە و نەگەیاندووە؛ بەڵکوو هەموویان سەختیی زۆریان چەشتووە... خۆشەویستمان ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکری یاری غاردا لەکاتی کۆچدا چواردە ڕۆژ زیاتر بە پێ ڕۆیشت بۆ مەدینە. ئایا ئەوە زۆر ئاسانە؟ جگە لەوەی لە مەککە زۆر ئازار درا لەسەر ئەم دینە... هاوەڵان ماڵ و سامانیان جێ هێشت و تەنیا لەپێناو ئەم دینە چوون بۆ مەدینە، خۆیان و ئیمانیان بەتەنیا! هاوەڵانی بەڕێزی وەک عومەر و عوسمان و عەلی و چەندانی دی لە جەنگەکاندا لەڕێگای ئیسلامدا شەهید بوون، زانایانی فەرموودە چەندان مانگ بە پێ دەڕۆیشتن تەنیا بۆ وەرگرتنی فەرموودەیەک، بۆ وەرگرتنی زانست زۆر تێکۆشان، ژیانی تایبەتیی خۆیان لا گرنگ نەبوو وەک زانست و بانگەوازییەکەیان... ئەی خوشکی ئازیز ئایا دەگونجێت ئێستا من و تۆ ئەم دینە وا ئاسان بگرین؟ چیمان پێ خۆشە ئەنجامی بدەین، چیمان حەز لێ نییە پشتگوێی بخەین؟ بۆنموونە خۆمان پێ مسوڵمان بێت، بەڵام نوێژ نەکەین، یا نوێژ بکەین و باڵاپۆش نەبین؟! بۆیە ئەم دینە جوانە بە جددی بگرە و وەک خۆی جێبەجێی بکە تا وەک ئەوانەی لەم ڕێگایەدا تێکۆشان سەرفراز بیت.

## ٤٦ـ وازهێنان لە گوناهـ هۆکارێکە بۆ کرانەوەی دەرگای خێر

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ [الأعراف: ٩٦] واتە: ئەگەر خەڵکی شار و دێیەکان ئیمان بێنن و تەقوای خوای گەورە بکەن و خۆیان بپارێزن لە تاوان؛ ئەوە بەرەکەتی خۆمانیان بۆ ئەکەینەوە لە ئاسمانەوە بە باران بارین وە لە زەویشەوە بە ڕووەک و دانەوێڵە و جۆرەها بەرووبووم و خێروخێرات. هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ [النحل: ٩٧] واتە: ئەوەی کاروکردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت، وە بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بە جوانتر و باشتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد دەدەینەوە. مەبەستی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە کە ئەم کەسانە دەپارێزرێن لە ناڕەحەتییەکانی ژیان و ئاسوودە دەژین، تەنانەت ئەگەر لە ناڕەحەتیشدابوون، ئەوا لەدڵەوە ئاسوودە دەبن. جا ئەمانە بەڵێنی خوای گەورەن هەر کەسێکی باوەڕدار خۆی لە گوناهـ بپارێزێت و چاکەکار بێت، خێر ڕووی تێدەکات. وازهێنان لە ناپۆشتەییش کردەوەیەکی چاکەی گەورەیە و بە ویستی خوا دەرگای خێر دەکاتەوە.

## ٤٧ـ چونکە لەبەر من وازی لێ هێناوە!

فەرموودەیەکی قودسی هەیە دەفەرموێت: «قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: رَبِّ، ذَاكَ عَبْدُكَ يُرِيدُ أَنْ يَعْمَلَ سَيِّئَةً، وَهُوَ أَبْصَرُ بِهِ، فَقَالَ: ارْقُبُوهُ فَإِنْ عَمِلَهَا فَاكْتُبُوهَا لَهُ بِمِثْلِهَا، وَإِنْ تَرَكَهَا فَاكْتُبُوهَا لَهُ حَسَنَةً، إِنَّمَا تَرَكَهَا مِنْ جَرَّايَ»[١] واتە: فریشتەکان دەڵێن: پەروەردگارا ئەوە بەندەیەکتە دەیەوێت گوناهێک بکات، خوای گەورە -لەکاتێکدا خۆی بیناتر و زاناترە پێی- دەفەرموێت: چاودێریی بکەن، ئەگەر کردی وەک خۆی بۆی بنووسن، ئەگەر وازیشی لێ هێنا بە چاکە بۆی بنووسن؛ چونکە لەبەر من وازی لێ هێناوە! جا ئەمە چەند هەلێکی گەورەیە؟! بەندەیەک دەیەوێت گوناهێک بکات و خوای گەورەش پێی ئاگادارە؛ بەڵام پەشیمان دەبێتەوە و نایکات ئەو خوایە میهرەبانەش بە چاکە بۆی دەنووسێت! کەواتە خوشکی مسوڵمانم تۆش هەر کاتێک ویستت جلوبەرگێکی ناشەرعی لەبەر بکەیت، ویستەکەت بگۆڕە بە ویستی خودا و بیگۆڕە بە جلێکی داپۆشراو تا دوو جار چاکەت بۆ بنوسرێت. یەکێکیان بۆ وازهێنان لە جلە ناشەرعییەکە، یەکێکیش بۆ پۆشینی جلە شەرعییەکە.

هەروەها خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیشدا فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ كَتَبَ الحَسَنَاتِ وَالسَّيئَاتِ ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ؛ فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَاف

---

(١) أخرجه المسلم (١٢٩)

كَثِيْرَةٍ. وَإِنْ هَـمَّ بِسَـيِّئَةٍ فَلَـمْ يَعْمَلْهَـا كَتَبَهَـا اللـهُ عِنْـدَهُ حَسَـنَةً كَامِلَـةً، وَإِنْ هَـمَّ بِهَـا فَعَمِلَهَـا كَتَبَهَـا اللـهُ سَـيِّئَةً وَاحِـدَةً»[1] واتـە: هەریەکێک ویستی چاکەیـەک بکات و بـۆی ڕێـک نەکەوێت بیکات، خـودای بـەرز و بڵنـد لـەلای خـۆی بـە چاکەیەکـی تـەواو دەینوسـێت. وە ئەگـەر ویسـتی چاکەیـەک بـکات پاشـانیش ئەنجامـی دا، ئـەوە خـودای بـەرز و بڵنـد لـەلای خـۆی بـە دە چاکـە بـۆی تۆمـار دەکات تـا حـەوت سـەد چاکـە، بەڵکـوو زۆر زیاتریـش. بـەڵام هەرکەسـێک ویسـتی خراپەیـەک ئەنجام بدات؛ بـەڵام لەترسـی خـودا ئەنجامـی نـەدات؛ ئـەوە خـودای گـەورە لـەلای خـۆی بـە چاکەیەکـی تـەواو بـۆی دەنوسـێت. وە ئەگـەر ویسـتی خراپەکـە ئەنجـام بـدات، پاشـان خراپەکەیشـی ئەنجام دا، ئـەوە خـودای بـەرز و بڵنـد بـە یـەک خراپـە تۆمـاری دەکات. ئایـا ئـەم ئۆفـەر و هەلـە ناوازانـە لـەلای خـوای گـەورە نەبێـت لای کـێ دەسـت دەکەوێـت؟

## ٤٨ـ خراپتر لە تاوان

ئـەوەی لـە ئەنجامدانـی تـاوان خراپتـر و گەورەتـرە ئەوەیـە کەسـەکە دڵـی خـۆش بێـت بـە تاوانەکـەی، یـا بـە ئاشـکرا تاوانەکـە ئەنجام بدات، یا دواتـر باسـی بکات، یا خـوا پەنامان بدات شـانازی بـە تاوانەکەیـەوە بـکات، یـا ببێتـە پێشـەنگ لـەو تاوانـەدا و خەڵکـی چـاوی لـێ بکـەن، یـا دڵگـران بێـت کاتێـک تاوانەکـەی لەدەسـت بچێـت! ئەمانـە لـە تاوانەکـە خراپتـرن، بۆیـە خاتوونـی بەڕێـز زۆر ئاگاداربـە دڵـت بـە ناپۆشـتەیی خـۆت خـۆش نەبێـت؛ بەڵکـو پێویسـتە دڵگـران

(١) أخرجه للبخاري (٦٤٩١).

بیت پێی و بتەوێت وازی لێ بهێنیت، زۆر ئاگاداربە ناپۆشتەیی تاوانێکی ئاشکرایە زۆر نزیکە کچەکەت، هاوڕێکەت، دراوسێکەت، فێرخوازەکانت... چاوت لێ بکەن و تۆ ببیتە پێشەنگ لە حیجاب نەبوونی ئەواندا و تاوانی ئەوانیشت بکەوێتە ئەستۆ، بۆیە پێویستە زوو بڕیار بدەیت و واز لەم تاوانە بهێنیت.

## ٤٩- بیر لە گەورەیی خوا بکەوە

لە بابەتی وازهێنان لە تاواندا شتێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش بیرکردنەوەیە لە گەورەیی خوا، کە زۆر یارمەتیدەرە بۆ تەوبەکردن، بیهێنە پێش چاوت مرۆڤێک ئێستا لەناو ژورێکدایە، ژوورەکەش لە بینایەکدایە، بینایەکەش لەسەر شەقامێکە لە گەڕەکێکدا، گەڕەکەکەش بەشێکی بچووکی شارێکە کە بەشێکی بچووکی پارێزگایەکە، پارێزگاکەش لەناو هەرێمێک یا وڵاتێکدایە، ئەویش لەناو کیشوەرێکدا، کیشوەرەکەش لەسەر گۆی زەوییە، زەویش لەناو کاکێشانێکی گەورەدا، ئەو کاکێشانەش یەکێکە لە ملیاران کاکێشانی دیکە لەناو جیهانێکی بێسنوور گەورەدا! دەبێت گەورەیی و دەسەڵاتی ئەم مرۆڤە چەند بێت؟! هەروەها دەبێت ئەو خوایەی ئەم جیهانەی دروست کردووە هەم لەڕووی ماددیەوە و هەمیش لەڕووی مەعنەوییەوە چەند گەورە و بەدەسەڵات بێت؟!

با پێکەوە بیر لەم بەڵگە و ئایەتانە بکەینەوە کە گەورەیی خوامان نیشان دەدەن:

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾ [الذاريات: ٤٧] واتە: ئێمە ئاسمانمان بە دەستی قودرەتی خۆمان دروست کرد، بەردەوامیش گەورە و فراوانی دەکەین!!

خوای گەورە لەسەر زاری پێغەمبەر مووسا فەرموویەتی: ﴿رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِي وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗا﴾ [الأعراف: ١٤٣] واتە: خوایە گیان خۆتم نیشان بدە تا تێر تەماشات بکەم، خوای گەورەش فەرمووی: هەرگیز (لە دنیادا) نامبینیت؛ بەڵام سەیری ئەو چیایە بکە، جا ئەگەر مایەوە لە جێگەی خۆیدا ئەوا لەوەودوا تۆش من دەبینیت، جا کاتێک پەروەردگاری خۆی نیشانی کێوەکەدا و تەجەلای کرد، کێوەکەی سووتاند و ورد و خاشی کرد، موساش کەوت و لە هۆش خۆی چوو!

هەروەها دەفەرمویت: ﴿يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِ﴾ [الأنبياء: ١٠٤] واتە: ڕۆژێک دێت ئێمە ئاسمان دەپێچینەوە، وەکو چۆن کتێبی کراوە دادەخرێت و دەپێچرێتەوە.

فریشتەیەک هەیە لەو ڕۆژەوەی کە خوای گەورە دروستی کردووە لە سوجدەدایە تا ڕۆژی قیامەت سەری هەڵنابرێت، جا لەو کاتەدا دەفەرمویت: خوایە بەو شێوەیەی شایەنتە پەرستشمان بۆ نەکردوویت!

جوبرەئیل تەنیا بە پەڕێکی باڵەکەی دەتوانێت شارێک هەڵگێڕێتەوە!

ئەو خۆرەی دەیبینین (١,٣٠٠,٠٠٠) جار گەورەترە لەم زەوییە زەبەلاحەی هەموو بوونەوەران لەسەری دەژین، دووری نێوانیان (١,٦٥٠,٠٠٠) کیلۆمەترە، بچووکترین ئەستێرە لە گەردووندا بەناوی (دڵی دووپشک- antares) زەوی و خۆر و ماوەی نێوانیشیانی تێدا جێدەبێتەوە!

ئەمانە و چەندین نیشانە و ئایەتی دیکە هەن کە مەزنی و بەدەسەڵاتیی خوا نیشان دەدەن، ئایا سەرپێچیی فەرمانی ئەم خوایە مەزنە دەکرێت؟ چۆن دەکرێت ئێمە بەو بچووکی و بێدەسەڵاتییە بێفەرمانی ئەو خوایە بکەین؟! لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج بدە خوای گەورە چەند ڕێزی لێ ناوین: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ [الإسراء: ٧٠] واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە، ﴿ثُمَّ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ﴾ الأعراف: ١١، واتە: وتمان بە فریشتەکان: ئادەی سوژدە بەرن بۆ ئادەم -سوژدەی ڕێز- جا هەموو فریشتەکان سوژدەیان برد.

جا بیر بکەوە خوشکی ژیرم چۆن دەکرێت تۆی مسوڵمان ناپۆشتە بیت و سەرپێچیی ئەم خوایە بکەیت کە ئاوا گەورە و بەهێز و دەسەڵاتە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو ڕێزەی لێ ناوین؟!

بیشری حافی دەڵێت: «ئەگەر خەڵکی بیر لە مەزنی و گەورەیی خوا بکەنەوە، ئەوا سەرپێچیی ناکەن».

### ٥. هەندێ دڵ لە بەرد ڕەقتر دەبن!

خوای بەدەسەڵات دەفەرموێت: ﴿لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ﴾ [الحشر: ٢١] واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان داببەزاندایە بۆ سەر کێوێک، دەتبینی ملکەچ دەبوو، وردو و خاش دەبوو، شەق و پەق دەبوو لە ترسی فەرمانی خوا، لە هەیبەتی گەورەیی و دەسەڵاتی خوا، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ مِنَ ٱلۡحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنۡهُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخۡرُجُ مِنۡهُ ٱلۡمَآءُۚ وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَهۡبِطُ مِنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۗ﴾ [البقرة: ٧٤] واتە: بەڕاستی بەرد هەیە ڕووباری لێ هەڵدەقوڵێت، هەشیانە لەت لەت دەبێت و ئاوی لێ دێتە دەرەوە، هەشیانە لە ترسی خوا لە لوتکەی شاخەکان بەر دەبێتەوە. ئایا ئێمە تا چەند ترسی خوا لە دڵماندا هەیە؟ ئایا ئەگەر لە خوا دەترسین چۆن دەبێت کاتێک ئافرەتان ئایەتی حیجاب دەبیستن دڵەکانیان ڕانەچڵەکێت؟!

## ٥١ـ ناپۆشتەیی چارەسەری دڵتەگی و خەمۆکی و کێشەکانت ناکات

لـەم ژیانـەدا تاوەکـو بژیـن قـەدەرەکان زۆر شـتی خـۆش و ناخۆشـمان نیشـان دەدەن، هەنـدێ جـار زۆر دڵخۆشـین، هەنـدێ جاریش تـەواو دڵتەنگ و بێزارین، جا چارەسـەر و خۆدەربازکردن لـە ناخۆشـییەکان لای هەمـوو کەسـێک وەک یـەک نییـە، هەنـدێ کـەس ڕێگا ڕاسـتەکە دەگرێتەبـەر و ئامانجەکـەی دەپێکێت، هەندێ کەسـیش ڕێگایەکـی هەڵـە دەگرنەبـەر و هـەم دڵخۆشـی بەدەسـت ناهێنـن هـەم گوناحـی زیاتـر هەڵدەدەنـە سـەر کۆڵـی خۆیـان، زۆر سـەیرە کـە دەبینـم کچێـک کاتێـک نارەحەتییەکـی تـووش دەبێـت دەچێتـە بـازاڕ هەنـدێ جلـی ناشـەرعی دەکڕێـت -بەحسـاب دڵـی خـۆی خـۆش دەکات! یـا گـوێ لـە گۆرانـی دەگرێـت! یـا خـۆی بێئاگا دەکات بـە تەماشـاکردنی فیلمـە بێسـوودەکان... یـان کاتێـک بـۆ نموونـە هاوسـەرگیریی بـۆ ڕێـک ناکەوێـت، دەچێـت شـێوازی جلەکانـی دەگۆڕێـت بـۆ جلێـک کـە خـوا پێـی ناڕازییـە! ئایـا ئەوانـە وادەزانـن بـەو شـێوەیە خـوا لێیـان ڕازی دەبێـت و دڵخۆشـیان دەکات؟

هـۆکاری دڵخۆشـی و ئاسـوودەیی کـە لـە قورئانـدا بـاس کرابێـت ئەمەیـە: ﴿ٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـواْ وَتَطۡمَئِـنُّ قُلُوبُهُـم بِذِكۡـرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡـرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِـنُّ ٱلۡقُلُـوبُ﴾ [الرعـد: ٢٨] واتـە: ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە و دڵ و دەروونیـان ئـارام دەبێـت بـە قورئـان و پەیامەکـەی خـوای پـەروەردگار، ئاگاداربـن دڵـەکان هـەر بـە قورئـان و یـادی خـوا و (پاپەندبـوون بـە ئاینەکەیـەوە) خۆشـنوود دەبـن و دەحەوێنـەوە.

خوشکی ئازیزم

چۆن دەتەوێت بەسەرپێچیی فەرمانی خودا جوانتر دەربکەویت؟!

یا خۆشەویستتر بیت؟

یا جێی ڕەزامەندیی هاوڕێکانت بیت؟!

سەرنجڕاکێش و ویستراو بیت لای ڕەگەزی بەرامبەر؟!

ئاسوودەیی و دڵخۆشی پێی بەدەستبهێنیت؟!!

الله ﷻ بەخشەر و دروستکاری هەموو ئەمانەیە چۆن بە سەرپێچیکردنی ئەم بەخشانەت پێ دەبەخشێت؟

### ٥٢- بالاپۆش نەبیت کۆڵی تاوانت قورسترە

کەسانێک لە قیامەتدا دەڵێن: ﴿قَالُواْ يَـٰحَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾ [الأنعام:٣١] واتە: ئاخ و داخ و پەشیمانی بۆ ئەو ڕۆژگارەی بەکەمتەرخەمی و (بەبەرەلایی و سەرکەشی و تاوان) بردمانەسەر، لەکاتێکدا ئەوانە هەموو گوناه و تاوانیان داوە بەکۆڵیاندا، ئاگاداربن کە چەندە خراپە، کۆڵ و باری وا کە هەڵی دەگرن. ئایا ئەو تاوانانەی ڕۆژانە ئەنجامیان دەدەین دەبێت کێش و قەبارەیان چەند بێت؟ بالاپۆشیش تاوانێکە ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت و

هەموو ڕۆژێک کۆڵی تاوان قورستر دەکات، بیر بکەوە و بڵێ: بە من چی کاتێک پیاوێکی خاوەن هاوسەر چاو و دڵە پەروەردەنەکراوەکەی بە تەماشاکردنی من تێردەکات؟! بە من چی گەنجانی بێکار و بێئامانج و دەروون نەخۆشی سەر ڕێگا و بازاڕەکان منیان لا جوان بێت؟! ئەگەر هەموو خەڵکی دنیا شەیدای ڕووکەشی من بن من چیم دەست دەکەوێت؟

دەزانیت چی؟ هیچ، تەنیا کۆڵی تاوانت قورستر دەبێت، زیاتر لە پەروەردگارت دووردەکەویتەوە!

ئێستا ئیدی کاتی گۆڕانکارییە.

### ٥٣- ناخۆشتر لە ناخۆش!

یەکێک لە گەورەترین پەشیمانییەکان لە قیامەتدا ئەوەیە چاکەکانی خۆت ببینیت لەسەر تەرازووی خەڵکی تردا.

مەبەست لەم وتەیە ئەوەیە: ئەگەر لە دونیادا ستەمت کردبێت لە خەڵک -وەکو: غەیبەت، جنێو، عەیبگرتن لە شێوەی خەڵک، ئازاردان بە دەست یا زمان... هتد- لە قیامەتدا خوای گەورە لە بری ئەو ستەمکردنانە چاکەکانت دەدات بەو کەسانە، ئەگەر بەشیشی نەکرد و چاکەکانت کەم بوون؛ ئەوا خراپەی ئەوان دەدات بە تۆ.

## دەبێت لەو کاتەدا حاڵت چۆن بێت؟

ئەی هەستت چۆن دەبێت ئەگەر گوناهی زۆرت بۆ نوسرابێت و خۆت لەو ڕۆژەدا بیانبینیت و پێیان بزانیت و خۆشت ئەنجامت نەدابن؟ بەڵکوو لەلایەن خەڵکییەوە بەڵام بەهۆی تۆوە ئەنجام درابن!؟ بۆ نموونە: زینای چاو یا تەماشاکردنی پیاوانی نامەحرەم بەهۆی ناپۆشتەییت، دواتر لەوانەیە ئەو کەسە هاوسەرەکەی لەبەرچاوکەوتبێت و چیتر بەلایەوە سەرنجڕاکێش نەبووبێت، پاشان... هتد، یا ئەو ئافرەتانەی بەهۆی تۆوە حەزیان چووە جلی ناپۆشتە: کچەکەت، هاوڕێکەت، خوشکەکەت، دراوسێکەت، خزمەکەت... پاشان ئەمانە لێکدانی ئەو جارانە بکە کە ئەو کارە حەرامەیان ئەنجام داوە! زۆر زۆر دەکات بەڵام بۆمان ناژمێردرێت! کاتێک ئافرەتێک بە ناپۆشتەیی دەچێتە شوێنی کار یا بازاڕ یا سەردانێک... خۆشی ناتوانێت بیژمێرێت کە تاوانی چەند کەسی دیکەشی بۆ دەنوسرێت، تەنانەت تاوانەکانی خۆشی بۆ ناژمێردرت؛ بۆیە خوشکان دەبێت زۆر ورد و ئاگادار بین و خۆمان تووشی تاوانی زیاتر نەکەین لەوەی خۆمان ئەنجاممان داوە؛ چونکە بەدڵنیاییەوە ئەو تاوانانەش کە خۆمان ئەنجاممان داون کەم نین و پێویستمان بە تەوبە و چاکەکردنە.

چۆن دەزانیت خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتوویت؟

**باسی هەندێ لەو نیشانانە دەکەین کە بەهۆیانەوە دەزانیت خوا گیان تەوبەکەتی وەرگرتووە:**

١. بترسیت لەوەی خوا تەوبەکەتی قبووڵ نەکردبێت، یان زۆر بیر بکەیتەوە لەوەی ئایا تەوبەکەت قبووڵ بووە یان نا.

٢. دوای تەوبەکردن چاکەکانت زیاد بکەن.

٣. دوای تەوبەکەت حەزت لە چاکەکردن بێت و خەمبار بیت بە خراپە و گوناحکردن.

٤. ئاسانبوونی چاکەکردن و قورسبوونی ئەنجامدانی گوناح.

٥. گەورەبوونی گوناح لەلات، باوەڕدار کە تاوان دەکات وادەزانێت کێوێک بەسەریەوەیە، کەسی دووڕووش کە تاوان دەکات وادەزانێت مێشێک بە بن لووتیدا دەڕوات.

٦. شیرینی گوناح بگۆڕێت بە تاڵی، واتە پێشتر ئەگەر زۆر حەزت لە گوناح بووبێت؛ کە تەوبەت کرد لەدڵتدا شیرین نامێنێت و ڕقت لە گوناح دەبێت.

# ٤٧ خاڵ بۆ بوون بە باڵاپۆش و بەردەوامبوون لەسەری

خوشکی هاوزمانم لەگەڵم بیربکەوە لەو خاڵانەی باسیان دەکرێت، با بزانین چ شتێک یارمەتیدەرە و هاندەرە بۆ بوون بە باڵاپۆش:

## ١ـ نیەتهێنان

سەرەتای هەموو کارێکی باش پێویستە بە نیەتی پاکی دڵ دەست پێ بکات و، بڕیارێک لە دڵی سەرکردەی جەستەوە بدرێت کە ئەم کارە تەنیا بۆ خوا ئەنجام دەدرێت، بنچینەی هەموو کارێک نییەتە؛ چونکە نییەت وەک بنچینە و بناغەی بەهێزی خانوو وایە بەبێ ئەو نییەتە کارەکان لەرزۆک و لاواز دەبن و لەوانەیە زوو بەرەو نەمان بچن؛ باڵاپۆشیش بە هەمان شێوە پێویستی بە نییەتێکی پاکە بۆ پەروەردگار و، دەبێت خۆیەکلاییکردنەوەی تەواوی تێدا بێت بۆ خوا، هەر کارێک نیەتێکی ڕاستەقینەی لەگەڵ بوو سەرکەوتن بەدەست دێنێت، ئەمە لەڕووی زانستیشەوە سەلمێنراوە، لە ڕووی زانستییەوە بە نییەت دەڵێن بڕیار و دەڵێن: سەرکەوتنی کارەکان تا ڕاددەیەکی زۆر پەیوەستە بە بڕیاردانی سەرەتا، هەروەها یەکێک مەرجەکانی گیرابوونی هەر چاکەیەکیش بریتییە لە نیەت و دڵسۆزی بۆ خوای گەورە، بۆیە لەبیرت بێت نیەت نیەت نیەت.

## ٢- ڕاستگۆ بە لەگەڵ خوادا

ئەبو فیراسی حەمدانی دەڵێت:

فَلَيتَكَ تَحـــــلو وَالحَيـــــــاةُ مَريرَةٌ

وَلَيتَكَ تَـــــرضى وَالأَنامُ غِضابُ

إِذا نِلتُ مِنكَ الوُدَّ فَالكُلُّ هَيِّنٌ

وَكُلُّ الَّذي فَوقَ التُرابِ تُـــــرابِ

واتـە: خۆزگـە تـۆ ڕازی دەبوویت گرنگ نییە با ژیان تاڵ بووایە، بریـا تـۆ ڕازی دەبوویـت بـا خەڵـک هەمـوو تـوورە بوونایـە، ئەگـەر خۆشەویستی تـۆ بـۆ مـن ڕاسـت و ڕاستەڕێ بێت ئـەوا هەمـوو شتێکی تر ئاسانە، هەموو شتێکی سەر خاکیش هەر خاک و خۆڵە.

ئەگـەر بـەم بیروبـاوەڕ و شـەوق و خۆشەویستیەوە بـۆ خـوا بژیت، ئـەوا باڵاپۆشـی زۆر ئاسـان دەبێـت لەسـەرت، بەڵکـو بـە کردەوەیەکـی زۆر کـەم و ناشایستەی دەزانیـت لـە بەرامبـەر گەورەیـی و میهرەبانیـی خـوادا و، هەمیشـە هەوڵـی چاکـە و پەرستشـی زیاتـر دەدەیـت بـۆ ڕازیکردنـی، ڕاسـتگۆ بـە لەگـەڵ خوادا، هـەر ئـەو شایستەی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و پەرستش و فەرمانبەرداریيە.

## ٢- ئیمانت بەهێز بکە کە سەرچاوەی هەموو چاکەیەکە

پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ئیمان لەگەڵ چاکە و پەرستشکردندا، تا چاکە و پەرستشی زۆر بکەیت ئیمانت بەهێزتر دەبێت و، تا ئیمانت زیاد بکات چاکە و پەرستشی زیاتر و باشتر دەکەیت، پێچەوانەکەشی ڕاستە، جا ئەگەر دەتەوێت تامی بەهەشتی دنیا بکەیت ئیمان و باوەڕت بەهێز بکە تا دەبیتە یەکێک لە باوەڕداران و تەقوادارانی ڕاستەقینە، ئەگەر دەتەوێت ببیتە باڵاپۆش پێویستە ئیمانت بەهێز بکەیت، ئەویش لەڕێگەی چەند شتێکەوە:

١- تەقوا: واتە لەخواترسی و خۆپاراستن لە قەدەغەکراوەکان و ئەنجامدانی پەرستشەکان.

تەقوادارییش زیاتر وازهێنان لە حەرامەکان دەگرێتەوە وەک لە کردنی عیبادەتی زۆر، هەروەها خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ [القصص: ٨٣] واتە: سەرفرازییش هەر بۆ پارێزکاران و تەقوادارانە، ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ [البقرة: ١٩٤] واتە: چاک بزانن کە بەڕاستی خوا یارویاوەری پارێزکارانە.

٢- ڕامان و بیرکردنەوە لە ئایەتە گەردوونییەکان.

٣- شارەزابوون لە مانای ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە.

٤- فێربوونی زانستە شەرعیەکان.

٥- خوێندنەوەی قورئان و بیرکردنەوە لێی و کارپێکردنی.

٦- خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەرمان ﷺ و کارکردن بە سوننەتەکانی.

٧- زۆر کردنی زیکر و یادی خوا.

٨- چوون بۆ کۆڕی زیکر و دانیشتن لەگەڵ ئیمانداران و ساڵحان.

٩- بانگەوازکردن بۆ دینی خوا.

وعلى التَّقِيِّ إذا ترسَّخَ في التُّقى

تاجان تاج سكينةٍ وجلالِ

واتە: هەر کەس زۆر بەتەقوا و پارێزکار بوو دوو تاجی لەسەرە تاجێکی سەکینەت و ئارامی لەگەڵ تاجی شکۆ و پایەبەرزی.

## ٤- زانست و زانیاری بنچینەی چاکەکردنە

خوای بالادەست خۆی دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ فاطر: ٢٨، واتە: بەڕاستی هەر زاناکان لەناو بەندەکانی خوادا لە خوا دەترسن، هەر ئەوان هەست بە گەورەیی ڕاستەقینەی خوا دەکەن. هەموو مسوڵمانێک ئەرکە

لەسەری کە بەپێی پێویستیی خۆی زانیاریی هەبێت لەبارەی دینەکەی؛ بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە و، هانیشی بدات بۆ چاکەکاریی زیاتر، ئافرەتی مسوڵمانیش پێویستە زانیاریی تەواوی هەبێت لەبارەی ئەو بڕیارانەی خوا کە پەیوەستە بەوەوە، بەتایبەتیش بالاپۆشی.

ئایا دەزانیت چەند جۆرێک لەچک و حیجاب هەیە؟

هەندێ کەس حیجاب دەکەن بۆ جوانی و داپۆشینی عەیبێک!

هەندێکی دیکە دەیکەن بۆ پەیداکردنی ناوبانگی باش! کە ئەمەیان ڕیایە و شیرکی بچووکە.

هەندێکیش بۆ دەستکەوتنی هاوسەرێک! کە ئەمەش هەڵخەڵەتاندنی تێدایە و حەرامە.

یان هەندێ کەس دەڵێن تەمەنمان هەیە عەیبە لەچک نەکەین!

هەندێ کەس بۆ ڕازیکردنی دایک و باوک یا هاوسەر دەیکەن! ئەمەش هەر ڕێگەپێدراو نییە و وەرناگیرێت.

تەنانەت -بەداخەوە- هەندێ کچ کاتێک ڕۆژێک سەروپرچیان نەڕازاندۆتەوە ئەو ڕۆژە لەچک دەکەن!

هەندێ کەس تەنیا کە بە ڕۆژوو دەبن لەچک دەکەن! ئەمەش وەک ڕێزگرتنی مانگی ڕەمەزان شتێکی باشە؛ بەڵام ئەوە نییە کە خوای گەورە داوای کردووە.

حیجاب عیبادەتە و مەرجی وەرگیرانی عیبادەتیش ئەوەیە بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت؛ بۆیە لەچک و باڵاپۆشی پێویستە وەک خواپەرستی و بۆ ڕازیکردنی خوای گەورە بێت، بڵێیت خوایە ئەوە فەرمانی تۆیە و زۆر بە ملکەچی و خۆشحاڵییەوە تەنیا بۆ ڕازیکردنی تۆ دەیکەم.

باڵاپۆشی ڕاستەقینە ئەوەیە بە خۆشەویستییەوە بپۆشرێت و

تەنیا بە مەبەستی ڕازیکردنی پەروەردگار بپۆشرێت

نەک بەندەکان

## ٥- تێڕامان بکە لە قورئان

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسۡجُدُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُ﴾ [الحج: ١٨] ئایا نەتزانیوە کە بەڕاستی هەر کەس و هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە سوژدە بۆ خوا دەبەن؟ هەروەها خۆر و مانگ و ئەستێرە و چیاکان و درەخت و ماڵات و زۆرێک لە خەڵکی، زۆرێکیش خۆی شایستەی سزا و تۆڵە کردووە. لەم ئایەتە و چەندان ئایەتی دیکەدا باسی ئەوە کراوە کە هەموو شتێک ملکەچی خوایە و فەرمانبەرداریەتی، بیربکەوە باڵندەیەکی بچووک یا دارێک یا زیندەوەرێکی ورد و هەموو شتێک تەنانەت

بـەردەکان لـە خـوا دەترسن، تەسـبیحاتی دەکـەن، سـوجدەی بۆ دەبـەن، ملکەچـی فەرمانەکانیـن... ئایـا چـۆن دەکرێـت مرۆڤێکی خـاوەن ڕێـز و ژیـری و لێکدانـەوە و ویسـت و توانـا سـەرپێچی فەرمانی پەروەردگارەکـەی بکات؟ چۆن دەکرێت ویستی خۆی پێـش ویسـتی ئـەو بخـات؟ چـۆن دەکرێـت ئافرەتێـک بڵێـت مـن ملکەچـی خـوام -مسـوڵمانم- و باڵاپۆشـیش نەبێت؟! بۆیە پێشـنیار دەکـەم بـۆت کـە کاتێـک دابنێیـت بـۆ تێڕامـان لـەم ئایەتـە پیرۆزانـە دڵنیـام یارمەتیـدەرت دەبـن لـەوەی بڕیارێـک بدەیـت، هـەروەهـا هۆکارێکیشـە بـۆ بەهێزبوونـی ئیمـان.

## ٦- هەوڵبدە هاوڕێی باڵاپۆشت هەبێت

مالیکی کوڕی دینـار دەڵێت: بـەرد بگوازیتەوە لەگـەڵ چاکەکاران باشـتره بـۆت لـەوەی شـیرینی بخۆیـت لەگـەڵ خراپـەکاران، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتـی: «إِنَّمَـا مَثَـلُ الْجَلِيـسِ الصَّالِـحِ وَجَلِيـسِ السُّـوْءِ، كَحَامِـلِ الْمِسْـكِ وَنَافِـخِ الْكِـيرِ؛ فَحَامِـلُ الْمِسْـكِ إِمَّـا أَنْ يُحْذِيَـكَ، وَإِمَّـا أَنْ تَبْتَـاعَ مِنْـهُ، وَإِمَّـا أَنْ تَجِـدَ مِنْـهُ رِيحًـا طَيِّبَـةً، وَنَافِـخُ الْكِـيرِ إِمَّـا أَنْ يُحْـرِقَ ثِيَابَـكَ، وَإِمَّا أَنْ تَجِـدَ منـه رِيحًـا خَبِيثَـةً»[١] واتـە: نموونـەی هاوڕێـی بـاش و هاوڕێـی خـراپ وەک بۆنفـرۆش و کوورەچـی وان، بۆنفرۆش یـان بۆنێکت پێدەدات یـان بۆنێکـی لـێ دەکڕیت، یـان ئەوەتـا بۆنێکـی خـۆش دەکەیت لـەلای، بـەڵام کوورەچـی یان جلەکانـت دەسـوتێنێت یـان بۆنێکـی ناخۆشـی لـێ دەکەیـت، تـۆش هاوڕێـی باڵاپـۆش و چـاک هەڵبژێـرە، تـا هەمیشـە بۆنـی گـوڵاوی

(١) أخرجه مسلم ( ٢٦٢٨)

چاکەکاران بکەیت نەک تەنوی ڕەشی تاوانی تاوانبارانت بەربکەوێت، یان تۆ باڵاپۆش بە و کاریگەر بە لەسەر هاوڕێ دانەپۆشراوەکانت، جونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۭ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ [الزخرف: ٦٧] واتە: دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن، هەموو ڕقیان لە یەک دەبێتەوە، جگە لەو کەسانەی کە لەسەر بنچینەی تەقوا و خواناسین کۆبوونەتەوە و برادەرایەتییان بەرپا کردووە، تەنانەت بە پێغەمبەرمانی فەرمووە ﷺ: ﴿وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا﴾ [الکهف: ٢٨] واتە: بە گوێی ئەو جۆرە کەسە مەکە کە دڵیمان غافڵ کردووە لە یادی خۆمان و (بەهۆی دنیاپەرستییەوە) شوێنی ئارەزووی خۆی کەوتووە و هەرچی کاروباری هەیە بێسەروبەرە و لە سنوور دەرچووە، جا ئێمە زیاتر پێویستمان بەو ئامۆژگارییەیە و، پێویستمان بە هاوڕێ و هاونشینی چاکە تا چاکەمان لا جوان بکەن و، تاوانمان لا ناشیرن بکەن.

## ٧- ئامۆژگاریی کەسی دڵسۆز وەربگرە

زۆرجار مرۆڤ لەناو تاوانێکی گەورەدا دەژیت و هەستیش بە گەورەییەکەی ناکات، یاخود هیچ شتێک نەبۆتە هۆکار کە بە ئاگای بێنێتەوە و هەست بە هەڵەی خۆی بکات و، خۆی بە باش و ڕاست دەزانێت، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنٗا﴾ [فاطر: ٨] واتە: ئایا ئەو

کەسەی کە کردەوە ناشیرینەکانی بۆ ڕازێنراوەتەوە و بە جوان و چاک دەیبینێت (وەک ئەو کەسە وایە کە پێوەری خوایی پێیە بۆ چاکە و خراپە)؟! نەفسیش زۆر فەرمانکەرە بە خراپە، ئاگاداربە، ئەگەر هێشتا پەروەردەت نەکردبێت هەمیشە خراپەی لێت دەوێت، جا بۆیە زۆر ورد بە، کاتێک کەسێک دڵسۆزانە ئامۆژگاریت دەکات پێویستە پێی بزانیت و سوپاسی خەمخۆرییەکەی بکەیت و سوود لە قسەکانی وەربگریت نەک سوور بیت لەسەر تاوانەکەت و، بەتوندی وەڵامی ئەو کەسە بدەیتەوە؛ چونکە سەرەنجامی خراپە، وەک خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ بِٱلۡإِثۡمِۚ فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ﴾ [البقرة: ٢٠٦] واتە: ئەگەر پێی بوترێت: لە خوا بترسە، دەمارزلی زیاتر بەرەو تاوان و گوناح دەیبات و سووردەبێت لەسەری، جا ئەو خوانەناسە دۆزەخی بەسە، سوێند بەخوا ئەو دۆزەخە جێگە و لانکەیەکی نالەبارە. ئیمامی عومەر -خوا لێی ڕازی بێت- دەیگوت: ڕەحمەت لەو کەسەی هەڵەکانم بەدیاری بۆ دێنێت! ئیمام عومەر پێیان دەگوت (وقّاف) چونکە ئەگەر کەسێک هەڵەیەکی بۆ ڕاست کردبایەوە یان خۆی هەڵەیەکی کردبایە زۆر خێرا هەڵوەستەی دەکرد و حەق و ڕاستیی وەردەگرت و کاری پێدەکرد، ئەو عومەرەی ئەگەر لەدوای خۆشەویستمان پێغەمبەرێک هەبایە ئەو دەبوو، مژدەی بەهەشتی پێ درابوو، ئەی من و تۆ کێین کە ئامۆژگاری وەرنەگرین؟ ﴿سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ﴾ [الأعلى: ١٠] واتە: بێگومان ئەو

کەسەی کە ترسی خوای لە دڵدا بێت ئامۆژگاری وەردەگرێت، هەروەها ئەو کەسەی دڵسۆزانە ئامۆژگاریت دەکات ئەرکێکە لەسەری پێی هەڵ دەستێت لەپێناوی خوا؛ چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٤] پێویستە لە ئێوە ئوممەتێک پێک بێت، یاخود با هەمووتان ئوممەتێک بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی دروست، قەدەغەی هەموو نادروستییەک بکەن، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن. بۆیە خوشکی ئەزیز پێویستە ئامۆژگاریی کەسە دڵسۆز و شارەزاکان وەربگریت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئامۆژگاریکارێکت نەبوو پێویستە خۆت خەمی ئەوەت بێت و، داوا لە کەسێک بکەیت ئامۆژگاریت بکات و پێت بڵێت چۆن واز لە هەڵەکانت بهێنیت و ،سەرکەوتوو بیت لە تەوبەکردنەکەتدا؛ چونکە تۆش واجبە لەسەرت هەم حیجاب بیت هەم بانگخوازیشی بۆ بکەیت -بەپێی توانا- لە پێناو ڕازیکردنی خوادا.

## ٨- هەڵەکان بقۆزەوە

ئێستا کە لە ژیاندایت هەلێکە خوای گەورە پێی داویت؛ چونکە هێشتا کاتت هەیە و لە ڕیزی مردواندا نیت، پێویستە سوپاسی خوا بکەیت کە هێشتا دەرفەتی تەوبەکردنت هەیە، ئاگادار بە چۆن سوود لەو هەلانە دەبینیت، ئاگاداربە نەبیتە یەکێک لەوانەی پێیان دەگوترێت ئەهلی تەسویف واتە ئەوانەی

بەردەوام تەوبەکردن یا عیبادەت و چاکەکردن دوادەخەن؛ چونکە ئەگەری زۆرە سەرەنجام -ئەگەر ئەم کەسانە هەر وا بەردەوام بن- ببنە ئەهلی دۆزەخ -خوا پەنامان بدات؛ چونکە ئەگەر مرۆڤ بەردەوام بێت لە گوناح و تەوبە نەکات هەر ئەوە سەرەنجامی دەبێت -ئەگەر لێخۆشبوونی خوا نەیگرێتەوە، جا باڵاپۆش نەبوونیش گوناحێکە بەردەوامە، گوناحێک نییە جارێک و دوو جار تێی بکەویت، بەڵکو ڕۆژانە بەهۆی ناپۆشتەییەوە گوناح تۆمار دەکرێت لە دەفتەری کردەوەکانتدا، ئەگەر تەوبەی لێ نەکەیت بە گوناحێکی زۆرەوە دەگەڕێیتەوە لای خوای گەورە، بەڵام ئەگەر پەلە بکەیت و لە هەلێکدا تەوبە بکەیت، ئەوا خودا هەمووی دەسڕێتەوە و دەچیتە ڕیزی تەوبەکارانی خۆشەویست و بە قەدر لەلای پەروەردگار.

## ٩- باڵاپۆش بە، چونکە پێویستت بە چاکەی زۆرە

هەموومان دەزانین لە ڕۆژی دواییدا خوای گەورە چاکە و خراپەکانمان دەکێشێت، جا ئەوەی چاکەکانی زیاترە ئەوە سەرفراز و بەختەوەرە؛ بۆیە پێویستە لەسەر مسوڵمان هەر کە ڕۆژی کردەوە بەدوای چاکەدا وێڵ بێت و بیربکاتەوە لەو ڕۆژەدا چ چاکەیەکی پێ دەکرێت بیکات، جگە لەوەی خوای گەورە واجبی کردووە لەسەری؛ چونکە هەموو مرۆڤێک هەڵەکارە و پێویستە هەمیشە لەبیری عیبادەت و چاکەکردنی جۆراوجۆردا بێت تا چاکەکانی زیاتر بن لە گوناحەکانی و، گوناحەکانی بسڕێنەوە و، بچێتە بەهەشت و، پلەی بەرز بێتەوە

لـە بەهەشـت، باڵاپۆشـیش ئەرکێکـە و عیبادەتێکـی گەورەیـە، بـە ئەنجامدانـی بـەردەوام چاکـەت بـۆ دەنوسـرێت و، لـە دوارۆژیشـدا خێـر و پاداشـتی زۆری پـێ بەدەسـتدەهێنیت.

## ١٠- واجبەکان

ئەگـەر نزیکیـی خـوات دەوێـت باشـترین شـت ئەوەیـە لـە ڕێگـەی پەرستشـە واجبەکانـەوە لـە خـوای گـەورە نزیـک ببیتـەوە، بـۆ نموونـە نوێـژ، ڕۆژوو، زەکات، حـەج، ڕەوشـتجوانی، باڵاپۆشـی... چونکـە خـوای گـەورە خـۆی واجبـی کـردوون و، لەپێشـترین شـت کـە ئەنجامـی بدەیـن ئـەم واجبانـەن، وەک خۆشـی فەرموویەتـی لـەم فەرمـوودە قودسـییەدا: «مَـا تَقَـرَّبَ إِلَيَّ عَبْـدِي بِـشَيْءٍ أَحَـبَّ إِلَيَّ مِـمَّا افْتَرَضْـتُ عَلَيْـهِ»[1] واتـە: بەندەکـەم بـە هیـچ شـتێک ئەوەنـدە لێـم نزیـک نابێتـەوە وەک ئـەوەی بـەو عیبادەتانـە لێـم نزیـک دەبێتـەوە کـە واجبـم کـردووە لەسـەری؛ کەواتـە باڵاپۆشـبوونت هۆکارێکـی گرنگـی نزیکبوونەوەیـە لـە خـوا.

## ١١- بەهەشت بە کردەوەی خۆت بەدەستدێت

خـوای میهرەبـان بـە بەهەشـتیان دەفەرموێـت: ﴿وَتِلۡـكَ ٱلۡجَنَّـةُ ٱلَّـتِيٓ أُورِثۡتُمُوهَـا بِمَـا كُنتُـمۡ تَعۡمَلُـونَ﴾ ]الزخرف: ٧٢[ واتـە: ئـا ئـەو بەهەشـتەی کـە ئێسـتا ئێـوە بوونەتـە خاوەنـی، وەک میراتـی شایسـتەی خۆتانـە، بەهـۆی ئـەو کار و کردەوانـەی کـە دەتانکـرد.

.....................

(١) أخرجه البخاري (٦٥٠٢)

لـەم دنیایـەدا شـێوازی ژیانـت و ئـەوەی هەتـە بەپێـی ئـەو سـەروەت و سـامانەیە کە پەیدای دەکەیت، جلوبەرگت، خواردنت، خانووەکـەت، سـەیارەکەت، ناوماڵەکـەت... بـەڵام لـە قیامەتـدا هەمـوو شـتێک بەپێـی کەمـی و زۆریـی کردەوەکانتـە وەک: ئـەو پلەیـە یـا شـوێنەی تێیـدا نیشـتەجێ دەکرێیـت لـە بەهەشـتدا و، خانـوو ناومـاڵ و کۆشـکەکەت... و بەگشـتی ئـەو نیعمەتانـەی تێیـدا هەیـە. بۆیـە هەمیشـە لەبیـرت بێـت بەهەشـت –لـەدوای ڕەحمـی خـوای گـەورە– بـە کـردەوەی خـۆت بەدەسـت دێـت، یـەک لـەو کردەوانـەش باڵاپۆشـییە.

## ١٢- ئەگەر باڵاپۆش بیت هاوەڵەکەی ناو گۆڕت جوانتر و بۆنخۆشتر دەبێت

سـەرەتا کـە خـوای گـەورە دروسـتی کردیـن ماوەیەکـی کـەم لەنـاو ڕەحمـی دایکمانـدا بوویـن، پاشـان هاتینـە ئـەم دنیایە، لێرەش ماوەیەکـی کـەم دەمێنینـەوە بـەڵام درێژتـرە لـە ژیانـی نـاو ڕەحمـی دایـک، پاشـان مـردن دەمانگوازێتـەوە بـۆ دنیـای بـەرزەخ واتـە نـاو گـۆڕ، کـە ژیانێکـی درێژتـرە لـەم دنیایـە، پاشـان بـۆ ژیانـی قیامـەت و لێپرسـینەوەی خوایـی، پاشـانیش بـۆ ژیانێکـی درێژتـر کـە کۆتـا ژیانـە و تـا هەتاییـە، بۆیـە قۆناغـی بەرزەخمـان پـێ دەچێـت زۆر درێژتـر بێـت لـەم ژیانـەی دنیامـان (خـوای گـەورەش زاناتـرە)، جـا لـەم ژیانـەدا ئـەو کەسـەی دەبێتـە هاودەمـت و لەگەڵـت دەبێـت کردەوەکانتـە، کـە لەشـێوەی کەسـێکدا دێتـە لات کاتێـک دەچیتەنـاو گـۆڕەکـەت، جـا ئەگـەر لـەم دنیایـەدا کەسـێکی چاکـەکار بوویـت و

پەرستشەکانت وەک خۆی ئەنجام دابێت و خۆت پاراستبێت لە حەرامەکان، ئەوا ئەو کەسە زۆر جوان و بۆنخۆش و ڕێکپۆش دەبێت و بە دیتنی دڵخۆش دەبیت و بەپێچەوانەشەوە، بۆیە باڵاپۆشبوونیشت وا دەکات ئەو کەسەی ماوەیەکی زۆر لەناو گۆڕدا هاوجێگە و هاونشینت دەبێت جوانتر و بۆنخۆشتر بێت، بۆیە پێشبڕکێ بکە لە کردنی چاکەکاندا.

## ١٣- بیرتە منداڵێکی بێدەسەڵات بوویت؟

بانگخوازی میسری (مصطفی حسني) دەگێڕێتەوە: کاتێک کچەکەم لەدایکبوو من لەو کاتەدا لەوێ ئامادە بووم، کەمێک خوێن و شتی ناو ڕەحمی دایک لەسەر دەموچاوی بوو. بردیان پاکیان کردەوە و هێنایان بۆ من تا بیبینم، منیش خەیاڵم دەکرد تۆبڵێیت ڕۆژێک بێت ئەم منداڵە بچووکە کە هیچ توانا و هێزێکی نییە گەورە ببێت و بە پەروەردگاری بڵێت: (نا) من ئەوە ناکەم، مەگەر خۆم بێمە قەناعەت؟! خۆمم بیرهاتەوە کاتێک لە تەمەنی ئەودا بووم، منیش وەکو ئەو بووم کە لە ڕەحمی دایکم هاتمەدەرەوە، بەڵام ئێستا تەندروستم، جلوبەرگم هەیە، شێوەم بەو شێوەیەیە، ئەمانە هاوڕێکانمن، ئەمانەش پارە و سامانم... ئەمە چ خۆشەویستییەکە پەروەردگارا؟! ئەمە چ ڕێزێکە یا الله!؟ ئەو لێخۆشبوون و لێبوردەییە چییە کە تۆ هەتە؟! منیش زۆرجار لەبیرت دەکەم، کاتێک پێویستە لەسەر پەرستشەکان بەردەوام بم بێزار دەبم، ئایا ئەمە دەبێتە سیفەتێکی بەردەوامی من؟! من ئێستا ٣٠ ساڵم، واتە

نزیک ١٠,٠٠٠ ڕۆژ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خراپە دەکەم و کەمتەرخەمی دەکەم تۆش بۆم دەپۆشیت و لێم خۆش دەبیت[١]... بەڵێ هەموو ئافرەتێکی ناپۆشتە سەرەتا منداڵێکی بێدەسەڵات و لاواز بوو، خوای گەورە بە ڕێکوپێکترین شێوە دروستی کرد ، بەخششێکی زۆری پێ بەخشی، توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانی پێ بەخشی... دواتر هەر ئەم منداڵە ساوا بێتوانایە گەشەی کرد و گەورە بوو و بە پەروەردگای وت: نا، گوێڕایەڵ نابم! باڵاپۆش نابم! بەڵام لەمەودوا دەبێت لاوازی و بێدەسەڵاتیی خۆی لەچاو گەورەیی خواکەی ببینێت، هەروەها بزانێت بەقەد گەورەییەکەی تەوبەوەرگر و میهرەبانیشە.

## ١٤- خۆت فێربکە ئارامگر بیت

هەموو کارێکی خێر سەرەتاکەی ئاسانە و بەردەوامبوون لەسەری قورسە، بە پێچەوانەی خراپەکاری سەرەتاکەی قورسە و بەردەوامبوون لەسەری ئاسانە؛ بۆیە ئەگەر بتەوێت ببیتە باڵاپۆش -لەدوای بڕیاردان و جێبەجێکردن- پێویستیت بە ئارامگری هەیە تا بەردەوام بیت، ئارامگرییش قورسە، بەڵام دڵنیابە ئاسانکاری و خۆشی بۆ هەردوو دنیات دێنێت، وەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةً وَحَرِيرًا﴾ [الإنسان: ١٢] واتە: لە پاداشتی خۆگری و ئارامگریاندا بەهەشت و ئاوریشمی پێبەخشین، ﴿سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ

.........................

(١) مصطفى حسني - الكنز المفقود - لاپەڕە ٧٢١.

فَنِعْـمَ عُقْـبَى الدَّارِ ﴾ [الرعد: ٢٤] واتـە: فریشـتەکان پێشـوازییان لـێ دەکـەن و دەڵێـن: سـڵاوتان لـێ بێـت بەهـۆی ئارامگریتانـەوە، ئـای چەنـدە جێگـە و ڕێگەیەکـی خۆشـتان بـۆ خۆتـان مسـۆگەر کـرد.

ئارامگری سێ جۆرە:

**ئارامگری لەسەر عیبادەت**

**ئارامگری لەسەر نەکردنی گوناح**

**ئارامگری لەسەر ناڕەحەتییەکان**

کەواتـە ئەگـەر باڵاپـۆش بیـت دوو جـۆر ئارامگریـت ئەنجـام داوە، ئارامگریـی یەکـەم: چونکـە باڵاپۆشـی عیبادەتـە، جـۆری دووەم: چونکـە ئـارام دەگریـت لەسـەر نەپۆشـینی جلێـک کـە نەفسـت حـەزی لێیـە و حەرامـە؛ بـەڵام خـوا پێـی ڕازی نییـە.

هەروەهـا خـوای باڵادەسـت دەفەرموێـت: ﴿وَٱعۡبُـدۡ رَبَّـكَ حَـتَّىٰ يَأۡتِيَـكَ ٱلۡيَقِـينُ﴾ [الحجـر: ٩٩] واتـە: بـەردەوام پـەروەردگارت بپەرسـتە هەتـا مـردن یەخـەت پێدەگرێـت، بۆیـە پێویسـتە لەسـەرت هەمیشـە و تـا مـردن باڵاپـۆش بیـت، باڵاپۆشـی تەنیـا بـۆ ڕۆژە ئاسـاییەکان و سـەرقەبران و پرسـە و لای مامۆسـتایانی ئایینـی نییـە، ناپۆشـتەییش ڕێگەپێـدراو نییـە، بـۆ جارێکیـش بێـت، ناکرێـت باڵاپـۆش بیـت و لـە ڕۆژە خۆشـەکانتدا خـوا و باڵاپۆشـی لەبیـر بکەیـت، بڵێیـت: کێشـە چییـە جارێـک هاوسـەرگیری دەکـەم،

یا بۆنموونە کەسێکی نزیکم هاوسەرگیریی کردووە، یا بۆنەکانی دیکە وەک ئاهەنگی تەواوکردنی خوێندن... باڵاپۆشی پەرستشێکە بۆ هەموو تەمەنە، بۆیە خۆت فێری ئارامگری بکە تا لەسەر باڵاپۆشی بەردەوام بیت.

## ١٥- بۆ ئەوەی ببیتە باڵاپۆش کارێک بکە کە داخوازیی ئەوە بێت باڵاپۆش بیت و بێ باڵاپۆشی نەتوانیت ئەنجامی بدەیت

کاتێک بەرنامە دابنێیت و ویستت هەبێت بۆ شەو هەستیتەوە، ئەوا ئەگەر بۆ شەونوێژەکەش هەڵنەستیت هەرنەبێ نوێژی بەیانیت لە کاتی خۆی دەکەیت، مەبەست لەم قسانە ئەوەیە پێویستە هەمیشە لە هەوڵی کار و پلەی بەرز بیت، جا ئەگەر پێشی نەگەیشتیت خۆ دەتوانیت کارێکی لەو نزمتر ئەنجام بدەیت؟ بەڵام ئەگەر هیممەتت نزم بێت و بە کەم ڕازی بیت، لەوانەیە ئەو کەمەش ئەنجام نەدەیت، جا ئەگەر دەتەوێت باڵاپۆش بیت و بەردەوام بیت لەسەری، هەوڵی چاکەیەکی گەورەتر لە باڵاپۆشی بدە وەکو فێرکردن و وتنەوەی وانەی قورئان و تەجوید و فەرمووده و لەبەرکردنی قورئان و... ئەمانە داخوازی ئەوەن باڵاپۆش بیت، ناکرێت لەم بوارەدا دیار بیت و باڵاپۆش نەبیت، بۆیە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت، بەڵام ئاگاداربە پێویستە نیەتت تەنیا بۆ خوا بێت.

## ١٦- بۆ سەرکەوتن لە کارێکدا دەست بکە بە کارێکی گەورەتر لەو

بۆ نموونە بانگخوازی و وتنەوەی وانەی پەروەردەیی پێویستی بەوەیە کاتێک ئامۆژگاری بەرامبەر دەکەیت لەخۆشتدا هەبێت، بۆیە ئەگەر دەست بکەیت بەوەی خەڵکی هان بدەیت بۆ چاکە و قەدەغەیان بکەیت لە خراپە دەکرێت ئەمە ببێتە هۆی پەروەردەکردنی خۆشت و، هاندەرێکی باش بێت تا ببیتە باڵاپۆش، سەرەتا دەتوانیت لەو شتانەوە دەست پێبکەیت کە لە خۆتدا هەن، پاشان بڕۆ بەرەو باڵاتر و خۆشت بەرەو باڵاتر.

بۆ نموونە تۆ باڵاپۆشیت بەڵام مەرجی تەواو لە جلەکانتدا نییە، دەست بکە بە بانگخوازی و هانی ئافرەتانی دەوروبەرت بدە ببنە باڵاپۆش، ئینجا بیر لەو ئایەتانە بکەوە: ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ [الصف: ٣] واتە: زۆر مایەی ڕق و تووڕەیی یە لای خوا کە قسەیەک بڵێن کردەوەی پێ نەکەن، ﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ [البقرة: ٤٤] واتە: ئایا فەرمان بە خەڵکی دەکەن بە چاکە و خۆتان فەرامۆش دەکەن لەکاتێکدا کە ئێوە کتێبەکەتان دەخوێننەوە، دەی ئایا ژیر نابن و تێ ناگەن؟ ئەم ئایەتانە هەڕەشەی گەورەن و وات لێ دەکەن هەمیشە لەبیرت بێت کردەوەکانت لەگەڵ قسەکانت یەک بن.

بەکورتی: سەرەتا دەتوانین بەو چاکە و پەرستشانە ئامۆژگاری دەوروبەر بکەین کە لە خۆماندا هەیە، یا قەدەغەی

ئـەو خراپانەیـان لـێ بکەیـن کـە خۆمـان لـێ دوور گرتـوون.

پاشـان دەتوانیـن ئامۆژگاری خەڵکی بکەیـن بۆ ئەنجامدانی ئـەو چاکـە و پەرستشـانەی کـە هێشـتا خۆمـان ئەنجامـان نـەداون، بەڵام ئـەوە بکەینـە هاندانێک بۆ خۆشـمان تا دەسـت بکەیـن بـەو چاکـە و پەرستشـانە و هەمیشـە خۆمـان بـەرەو باشـتر ببەیـن.

## ١٧- چاکەکار بە تا لەوانە بیت کە خوای گەورە بەم شێوەیە باسیان دەکات:

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَـوَابَ ٱلدُّنۡيَـا وَحُسۡـنَ ثَـوَابِ ٱلۡأٓخِـرَةِۗ وَٱللَّهُ يُحِـبُّ ٱلۡمُحۡسِـنِينَ﴾ [آل عمـران: ١٤٨] واتـە: ئـەوسا ئیتر خـوا پاداشـتی دنیـای پێبەخشـین (بـە سـەرکەوتن و پایـەداری) پاداشـتی چاکـی قیامەتیشـی بـۆ مسـۆگەر کـردن و خـوای گـەورە ئـەو چاکەکارانـەی خـۆش دەوێـت.

لەم ئایەتەدا ئەمانە فێر دەبین:

١. چاکەکار دەبێتە خۆشەویستی خوای گەورە.

٢. چاکـەکار لـە دنیـادا پاداشـتی خـۆی وەردەگرێـت کـە سـەرکەوتن و پایەدارییە.

٣. چاکـەکار لـە قیامەتیشـدا پاداشـتێکی بـاش و جـوان و گـەورە وەردەگرێـت.

کەواتە خوشکەکەم تۆش باڵاپۆش بە و چاکەکار بە، ئەگەر لە ئێستادا باڵاپۆش نەبیت، ئەوا باشترین چاکە بتەوێت ئەنجامی بدەیت باڵاپۆشییە، با تۆش لەوانە بیت کە خوای گەورە بەم شێوەیە ئەو هەموو پاداشتەیان پێ دەدات.

## ١٨- دەتەوێت خوا خۆشی بوێت؟

ئەگەر تۆ لە خوای گەورە نزیک ببیتەوە خوای گەورە زیاتر لێت نزیک دەبێتەوە بەو شێوەیەی لەم فەرموودەیە باس کراوە: «وإنْ تَقَرَّبَ إلَيَّ بشِبْرٍ تَقَرَّبْتُ إلَيْهِ ذِراعًا، وإنْ تَقَرَّبَ إلَيَّ ذِراعًا تَقَرَّبْتُ إلَيْهِ باعًا، وإنْ أتانِي يَمْشِي أتَيْتُهُ هَرْوَلَةً»[١] واتە: ئەگەر بەندەکەم (هێندەی) بستێک لە من نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) باڵێک لێی نزیک دەبمەوە و، ئەگەر (هێندەی) باڵێک لێم نزیک بێتەوە؛ ئەوا من (هێندەی) دوو باڵ لێی نزیک دەبمەوە و، ئەگەر بە ڕێکردن بۆ لای من بێت؛ ئەوا من بە هەروەڵە[٢] بۆ لای ئەو دێم، گرنگ هەر ئەوە نییە خوای گەورەت خۆش بوێت، گرنگ ئەوەیە خوای گەورە -دروستکاری تۆ و هەموو بوونەوەر- خۆشی بوێت و لێت ڕازی بێت، ئەوە گەورەترین گەنجینەیە، کەواتە بۆ بەدەستهێنانی هەوڵی تەواوی خۆت بدە و ئەو کارانە بکە کە پێی خۆشە لەوانەش باڵاپۆشی کە واجبی کردووە لەسەرت و ئەرکێکی گرنگە کە دەبێت بەجێیبێنیت.

(١) أخرجه البخاري (٧٤٠٥)

(٢) هَرْوَلَةً: ڕێکردنێکە بەشێوەیەکی کەمێک خێرا، نە ڕۆیشتنێکی ئاساییە نە ڕاکردنە بەخێرایی.

## ١٩- ئەگەر نیعمەتی ئیسلام نەبوایە لەوانەیە ئێستا لە ژیاندا نەبایت

ئیسلام ئەو بەرنامەیە بوو کە بوون و شکۆ و ڕێز و مافی بۆ ئافرەت گێڕایەوە، تەنانەت پێش ئیسلام ئافرەتان وەک مرۆڤێک مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکرا تا ڕێز و مافێکیان هەبێت! بۆیە ئەگەر ئەم دینە جوانە نەبوایە زۆر نزیکە تۆی ئافرەت ئێستا وەک کەلوپەلێک هەژمار کرابایت! تەنانەت لەوانەیە ئێستا لەژێر گڵ بایت! چونکە ئیسلام زیندەبەچاڵکردنی منداڵانی کچی نەهێشت، هەموو ئافرەتێک پێویستە باش بزانێت حاڵی کچان و ژنان چۆن بوو پێش ئیسلام تا قەدری ئیسلام بزانێت و زۆر بەجوانی و بە گرنگیپێدانەوە جێبەجێی بکات، بۆ نموونە ئەم ئایەتانە: ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ ۝ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾ [النحل: ٥٨،٥٩] واتە: خۆ ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێک لەو نەفامانە، ڕووی گرژ و تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە لە داخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە، خۆی دەشارێتەوە لە خەڵکی و بەتەنها (بیر دەکاتەوە): ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و سووکی و بێ نرخی، یاخود زیندەبەچاڵی بکات و بیخاتە توێی خاکەوە! ئای کە چەندە خراپە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن!

هیوادارم خۆت زیاتر بەدوای ئەم بابەتەدا بگەڕێیت، دڵنیام دەگەیت بە شتانێک سەرت لێیان دەسوڕمێت و بێزت لەو

مامەڵەیەی پێش ئیسلام دەبێتەوە، تەنانەت ئێستاش لە هەندێ وڵاتی نامسوڵماندا وەک هیندستان کچەکانیان دوای لەدایکبوون دەکوژن، هەروەها لە دوای هاتنی ئیسلامیش بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لەو وڵاتانەی کە حوکمی ئیسلام تێیاندا پەیڕەو نەکراوە -بەتایبەت پەیڕەوانی مەسیحیەت- چەندەها سزای قێزەون و دڕندانە دژ بە مرۆڤ و بەتایبەت ئافرەت کراون کە ناکرێ لێرەدا باس بکرێن و بە بیستنیان حاڵی مرۆڤ تێک دەچێت، زۆر سزای تایبەت بە ئافرەتیان هەبوو، لەکاتێکدا لە ئیسلامدا ئافرەت زۆر گەورە و بەڕێزە و لە منداڵی و گەنجی و پیریدا پێویستە گرنگی بدرێت بە پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی... بۆ نموونە ئایەتی (البقرة: ٢٣٢) لەسەر ئافرەتێک دابەزی کە براکەی نەیدەویست شوو بکاتەوە بە هاوسەرەکەی پێشووی کە یەک تەڵاقی دابوو و جیا ببوونەوە، بەڵام دواتر ویستیان بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر. جا ئەگەر لە قورئان و فەرموودەدا بگەڕێیت زۆر بەسەرهات و هەڵوێستی جوان دەبینیت و تووشی سەرسوڕمان دەبیت، دڵنیام ئەگەر هەموویان بزانیت یارمەتیدەرێکی باش دەبن بۆ ئەوەی بڕیاری باڵاپۆشی بدەیت لەپێناو ڕازیکردنی ئەو خوایەی کە ئاوا ڕێزی لێ ناویت وەک ئافرەتێک.

## ٢٠ـ بیر لە بەهەشت بکەوە باڵاپۆشی ئاسان دەبێت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَ﴾ [التوبة: ١١١] واتە: بەڕاستی خوای

گەورە گیان و ماڵی لە ئیمانداران کڕیوە بەوەی کە بەهەشت بۆ ئەوانە، بەڕاستی پەروەردگارێکی بەخشندەیە، هەر خۆی بەخشەری گیان و ماڵ و سامان و هەموو شتێکە کەچی ئاوا مامەڵە دەکات لەگەڵ ئیمانداراندا! کەواتە تۆش دەنگی نەفست ببڕە و لەپێناو خوادا بڕیاری بالاپۆشی بدە تا بەهەشتەکەیت پێ بدات لە بەرامبەردا، ئەو بەهەشتەی کە: ﴿فِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُ﴾ [الزخرف: ٧١] واتە: هەرچی نەفس حەزی لێ بکات و دڵ بیخوازێت و چاو حەز بەدیتنی بکات تێیدا ئامادەیە، بەهەشتییەکان پێیان دەگوترێت: {ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ ذَٰلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ} [ق: ٣٤] واتە: بچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی و پارێزراوی و فریشتەکان سەلامتان لێ ئەکەن، ئا ئەمە ڕۆژی نەمری و هەمیشەییە، لەو بەهەشتەدا: ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيۡنَا مَزِيدٞ﴾ [ ق: ٣٥] هەرچیش داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن بۆیان ئامادەیە تیایدا، زۆر لەوەش زیاترمان لایە، هەروەها لە نیعمەتەکانی بەهەشت گەورەتر بینینی خوای گەورەیە هەموو هەینییەک.

ئایا ئەوەی باس دەکرێ لەبارەی بەهەشت ئەوە ناهێنێت حیجابێک بکەیت؟

﴿وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلۡجَنَّةِ حَيۡثُ نَشَآءُۖ فَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ﴾ [الزمر: ٧٤] واتە: ئەوسا ئیتر ئەو بەختەوەرانە دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی

کـە بەڵێنـی خـۆی بۆمـان بـردە سـەر و کردینـی بەخاوەنـی سـەرزەمینی بەهەشـت و لـە هـەر شـوێنێک بمانەوێـت ژیـان دەبەینـە سـەر، ئـای چەنـدە پاداشـتی تێکۆشـەران و خەباتـکاران چـاک و بەنرخـە!

ئایا تـۆش دەتەوێت لەدڵـەوە ئاسـودە بیت و بڵێیت: (الحمدلله)؟ ئـەوە ئـەو کاتەیـە کـە تێیـدا بـە ئاسـوودەیی بڵێیـت: (الحمدللـه)؛ کەواتـە هەوڵـی بـۆ بـدە و چاکـەی زۆر بکـە، پێش هـەموو شـتێکیش بڕیـاری یەکجاریـی باڵاپۆشـی بـدە.

## ٢١- سەربەرزیت لە باڵاپۆشیتدایە

هەمـوو کەسـێک حـەزدەکات خـاوەن ڕێـز و شـکۆ و پێگـە و سـەربەرزی بێـت، جا ئـەوەش بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خـوای گـەورە -کە لـە قورئـان و فەرمـوودەدا هاتـوون- بـەدەسـت دێت: ﴿مَن كَانَ يُرِيـدُ ٱلۡعِـزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلۡعِـزَّةُ جَمِيعًـا﴾ [فاطر: ١٠] واتـە: ئـەوەی سـەربەرزی و پایەبڵندیـی دەوێـت، بـا بزانێـت کـە هەمـوو سـەربەرزی و پایـە بڵندیـەک هـەر بـۆ خوایـە، بـاش دڵنیابـە سـەربەرزی بـە پۆشـینی جلێـک بـە دەسـت نایـەت کـە بێبـاوەڕان دایانهێنـاوە و دروسـتیان دەکـەن و دەیانفرۆشـن چونکـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿أَيَبۡتَغُـونَ عِندَهُـمُ ٱلۡعِـزَّةَ فَـإِنَّ ٱلۡعِـزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًـا﴾ [النسـاء: ١٣٩] واتـە: ئایا دەیانەوێـت عیـززەت و دەسـەڵات و سـەربەرزییان لای بێبـاوەڕان دەسـت بکەوێـت؟! (ئەوانـە بەهەڵـەدا چـوون) چونکـە بەڕاسـتی عیـزەت و باڵادەسـتی و سـەربەرزیی هـەر هەمـووی بـۆ خوایـە، ﴿ لَقَـدۡ

أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ [الأنبياء: ١٠] واتە: سوێند بەخوا بێگومان ئێمە کتێبێکمان بۆتان ڕەوانە کردووە کە یاداوەریە و سەربەرزیی ئێوە لە شوێنکەوتنیایەتی، ئەوە بیر و هۆشتان ناخەنەکار و ژیر نابن؟

کەواتە کە سەربەرزیت لە حیجابدایە ئەزیزم پەلە بکە و بڕیار بدە ئەو جلە بپۆشیت کە خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی پێ کردوویت تا سەربەرزیی هەردوو دنیا بەدەستبهێنیت.

## ٢٢- هەشت دەرگاکەی بەهەشت بۆ تۆ ئامادەیە

بەهەشت بەو هەموو جوانی و ڕازاوەیی و بەخششە زۆرانەیەوە خوای گەورە بۆ باوەڕدارانی ئامادەکردووە، خۆی دروستی کردوون خۆشی بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون لە بەرامبەر باوەڕداریتی و ئەو چاکانەی لەپێناوی خوادا دەیکەن... پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : «صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَا أَرَهُمَا بَعْدُ: نِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ، مَائِلَاتٌ مُمِيلَاتٌ، عَلَى رُءُوسِهِنَّ أَمْثَالُ أَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لَا يَدخُلْنَ الْجَنَّةَ، وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِن مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا» واتە: دوو جۆر کەس هەن ئەهلی دۆزەخن کە من نەمبینیون، یەکێکیان ئافرەتانێکن پۆشتەن بەڵام ڕووتن، مەیلیان بەلای گوناح و شتە خراپەکان دەچێت و، مەیلی پیاوان بەلای خۆیاندا دەبەن و، مەیلی ئافرەتانی تریش بەرەو ناپۆشتەیی دەبەن، لەسەر سەریان شتێک هەیە و هاوشێوەی کۆپارەی وشتر بەرزبۆتەوە، ئەوانە بەهەشت نابینن و بۆنیشی

ناکەن، لەکاتێکدا بۆنی بەهەشت لە دوورییەکی زۆرەوە دێت! خوا پەنامان بدات هەڕەشەیەکی جددی و گەورەیە، خوشکەکەم تۆ لەوانە بە کە ئاسان پەند و ئامۆژگاری وەردەگرن، لە خۆت بپرسە باشە بۆ بچمە دۆزەخ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت؟ کە من ڕێگای چوونە بەهەشت بزانم بۆ نەیگرمەبەر؟ بۆچی هەشت دەرگای بەهەشت کراوە بن بۆم؛ بەڵام من نەبمە باڵاپۆش و ئەو بەخششە گەورە لە دەست خۆم بدەم؟!

باڵاپۆشی نهێنیی ڕزگاریی ئافرەتە

لە فیتنە و هۆکارە فریودەرەکانی دونیا

قەڵایەکی گەورەشە لەنێوان خۆی و ئاگری دۆزەخدا.

## ٢٣- دەتەوێت لە ڕۆژی دوایدا ڕێزلێگیراو بیت؟

پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: «سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ: ... وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ... »[1] واتە: لە ڕۆژی دواییدا (٧) کۆمەڵە کەس هەن لەو ڕۆژە گەرم و سەختەدا دەخرێنە ژێر سێبەری عەرشی خوای گەورە، یەک لەوانە گەنجێکە کە تەمەنی گەنجێتیی لە عیبادەتدا بەسەر بردووە و فەرمانەکانی خوای بەجێهێناوە و خۆی پاراستووە لە حەرامەکان، کە

(١) أخرجه البخاري (١٤٢٣)

ئەوانـەش دیـارە زۆر پایەبـەرز و ڕێزلێگیـراون، بۆیـە خـوای گـەورە لـەو ناڕەحەتییـەی قیامـەت ڕزگاریـان دەکات، جـا تـۆی ئافرەتیش دەتوانیت هـەوڵ بدەیت ئەمـە بەدەسـتبهێنیت سـەرەتا لەڕێگەی باڵاپۆشبوونت کە عیبادەتێکی گەورەیە، وازهێنانت لـە ناپۆشـتەیی کـە تەوبەیەکـی گەورەیـە.

## ٢٤- ئەگەر باڵاپۆش بیت میهرەبانیی خوا نزیکە لێت

خـوای میهرەبـان فەرموویەتـی: ﴿إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ [الأعراف: ٥٦] واتـە: بەڕاسـتی ڕەحمەتـی خـوا نزیکـە لـە چاکەکاران و چاکەخوازانـەوە، جـا ئایـا هەمـوومـان پێویسـتیمان بـە ڕەحـم و میهرەبانـی خـوا نییـە؟ ئەگـەر میهرەبانیی خـوا نەبێـت لـە هـەردوو دنیـا چیمـان بەسـەر دێـت؟ کەواتـە بـا چاکـەکار بیـن، هەمیشـە و بەپێـی توانا پەرستشـەکان ئەنجام بدەیـن، ڕات چییە تۆش ئەمڕۆ بڕیاری باڵاپۆشی بدەیت و خۆت نوقمی ڕەحمەتی الله ﷻ بکەیت؟

## ٢٥- باڵاپۆش بە و چاوەڕێی پاداشت بە

﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ [التوبة: ١٠٥] واتە: ئـەی محمـد ﷺ بڵـێ: ئێـوە هەرچـی دەتوانـن لـە کار و کـردەوە ئەنجامـی بـدەن، چونکـە خـوا و پێغەمبەرەکـەی هەمـوو کار و کردەوەکانتـان دەبینـن، هەروەهـا ئیماندارانیش لـە دونیا ئەیبینـن یا ئاسـەوار و دەرئەنجامی دەبینن، پاشـان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای

ئەو خوایەی کە زانایە بە نهێنی و ئاشکرا، ئەوسا ئاگادارتان دەکات لە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (کردەوەکانتان نیشانی خزم و کەسوکارتان دەدرێت لەناو گۆڕەکانیان، ئەگەر باش بێت پێی دڵخۆش دەبن و خراپ بێت دەڵێن خوایە مەیانمرێنە تا هیدایەتیان دەدەیت وەک هیدایەتی ئێمەت دا)[1].

﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ [النحل: ٩٧] واتە: ئەوەی کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت و، بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بە جوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.

ئەمە بەڵێنی خوایە و ﴿وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ﴾ [التوبة: ١١١] واتە: کێ هەیە بە قەدەر خوا بەوەفا و بەئەمەک بێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی؟

خوای گەورە بە بەهەشتیان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمۡ جَزَآءٗ وَكَانَ سَعۡيُكُم مَّشۡكُورًا﴾ [الإنسان: ٢٢] واتە: بەڕاستی ئەم پاداشتە شایستەی ئێوەیە و، کۆشش و کار و کردەوەی ئێوە شایانی سوپاس و ڕێزە، خوای گەورە بەم سوپاسگوزارییە بەهەشتییەکان دڵخۆشتر دەکات، هەروەها لەسەر کردەوەی

(١) تەفسیری ڕێبەر- مامۆستا صلاح الدين عبد الكريم.

کەم پاداشتی زۆرتر و جوانتر دەداتەوە، ئایا ئەگەر بیر لەو هەموو پاداشتە گەورانە بکەیتەوە زۆر بە ئاسانی بڕیاری باڵاپۆشی نادەیت؟

## ٣٦ـ خۆپارێزی لە گوناح و چاکەکاری هۆکاری سەرفرازییە

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [المائدة: ١٠٠] واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە خاوەن عەقڵ و ژیرین تەقوای خوای گەورە بکەن (کردەوەی چاک ئەنجام بدەن و خۆتان لە حەرام بپارێزن) بۆ ئەوەی سەرفرازی دونیا و قیامەت بن، ﴿فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلْمُفْلِحِينَ﴾ [القصص: ٦٧] واتە: جا ئەوەی تۆبەی کردووە و باوەڕی دامەزراوی هێناوە و کار و کردەوەی چاکی ئەنجام داوە، ئەوە بێگومان ئەوجۆرە کەسانە لە سەرفراز و بەختەوەران دەبن. کەواتە هەمیشە بیرت لای ئەوە بێت چاکەی زۆر ئەنجام بدەیت و خۆت لە هەموو تاوانێکی گەورە و بچووک بپارێزیت.

## ٢٧ـ حیجاب متمانەبەخۆبوونت زیاد دەکات

لەبەرئەوەی ان هەمیشە حەزیان لە جوانییە لە هەموو شتێکدا، هەمیشە گرنگی بە جوانی ڕووکەشیان دەدەن، هەر لە منداڵییەوە پێویستە لەلایەن دەوروبەرەوە متمانەبەخۆبوونیان بۆ دروست بکەن و وایان لێ بکەن متمانەیان بە جوانی و

ڕووکەشی خۆیان هەبێت و بزانن هەموو کەسێک بە شێوەیەکی سروشتی جوانییەکی تایبەت بە خۆی هەیە ئەگەر خۆشی نەڕازێنێتەوە بە جلی ناپۆشتە و میکیاج ئەوە هەر شتێکی ڕاستە و نەگۆڕە... بەڵام بە داخەوە لەم سەردەمەی ئێستاماندا نەک گەنجان نەوجەوانانیش دەستیان داوەتە خۆڕازاندنەوە بە ڕێگەیەکی ناشەرعییانە، ئەمەش وا دەکات کە متمانەی بە جوانی سروشتیی خۆت نەبێت، وای لێهاتووە زۆربەی کچان نەتوانن بێ خۆڕازاندنەوە بچنە بەردەم خەڵکی! یا کاتێ لە زانکۆن ئەوەندەی بیریان لای جل و میکیاج بێت بیریان لای زانست و فێربوون و داهێنان نەبێت! بۆیە هەر کچێک باڵاپۆشییەکی ڕاستەقینە بکات دوای ماوەیەک دەبینێت زۆر ئاسایی بێ خۆڕازاندنەوە بە متمانەبەخۆبوونەوە دەچێتە دەرەوە، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ لایەنی کەسێتی و دەروونیی کچان.

لە پۆشینی حیجابدا

پەرستشێکی زۆر بەرز و جوان هەیە

تەنها ئەو کەسانە هەست بەو جوانییە دەکەن

کە خۆیان باڵاپۆشن.

## ٢٨- ئایا ناتەوێت پێشەنگ بیت لە چاکەدا؟

هیچ کات بە نزمی ڕازی مەبە، هەمیشە هەوڵی پلە باڵاکان بدە، هەوڵ بدە لە جوانی و باشییەکاندا پێشەنگ بیت، با خەڵک شوێن تۆ بکەوێت لە ڕەوشت و دینداریدا نەک تۆ شوێن خەڵک بکەویت لە شوێنکەوتنی حەز و ئارەزوودا، هەموو کەسێک نابێتە پێشەنگ کەسانێکی کەم نەبێت، تۆ لەو کەمینەیە بە، ببە باڵاپۆش و ببە پێشەنگی چەندان ئافرەتی دیکە.

حیجاب بەبێدەنگی قسەدەکات

ئایەتێکی قورئانە و ئافرەتی باوەڕدار تەفسیری دەکات.

## ٢٩- باڵاپۆشی سرووتێکی گرنگی ئیسلامە

﴿ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ﴾ [الحج: ٣٢] واتە: بەو شێوەیە ئەوەی ڕێز دادەنێت بۆ دروشم و بەرنامەکانی خوا، ئەوە نیشانەی پارێزکاری و لە خواترسانی دڵەکانە، باڵاپۆشی یەکێکە لە شەعیرە گرنگەکانی ئیسلام، هەر ئافرەتێک باڵاپۆش بێت نیشانەی بەتەقوایی و لەخواترسییەتی بۆیە خۆی داپۆشیوە و خۆی دوورگرتووە لە جلێک کە خوا پێی ناڕازییە، کەواتە تۆش وەرە ڕێزی لەخواترسان و باڵاپۆش بە و چاکە لەگەڵ خۆت و خێزانت و کۆمەڵگەکەت بکە.

باڵاپۆشی

مارکەیەکی ئیمانی و خواییە

بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر

تەقوا و چاکەکاری و

ڕەوشت جوانی

## ٣٠- سروشتی ئافرەت داخوازی حیجاب و باڵاپۆشییە

ئافرەت واتە شەرم و حەیا و شکۆ، ئافرەت دڵخۆشە بەوەی جوانیەکەی تەنیا پیاوێک ببینێت، هەوڵی ڕازیکردن و دڵخۆشکردنی یەک پیاو دەدات، دەیەوێت تەنیا پیاوێکی خۆش دەوێت و خۆشی بوێت و هاوسەری بێت، هەروەها خۆداپۆشین لە سروشت و فیترەتی مرۆڤەوەیە، ئادەم و حەوا کە یەکەم مرۆڤن دروستکراون بێئەوەی کەسێک پێیان بڵێت کاتێک پۆشاکیان لەبەر نەما خۆیان بە گەڵا داپۆشی: ﴿فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِ﴾ [الأعراف: ٢٢] واتە: کاتێک تامی بەروبوومی درەختەکەیان چەشت، هەرچی عەیب و عاریان هەیە کەوتە دەرەوە، (ناچار بەپەلە) دەستیاندایە گەڵای درەختەکانی بەهەشت عەیب و عاری خۆیان پێ دائەپۆشی.

هەروەها شاژنە بەڵقیس کە لەناو گەلێکدا ژیاوە کە خۆریان پەرستووە و خۆی پاشایان بووە، کاتێک چوو بۆ لای پێغەمبەر سولەیمان و بەرەو کۆشک کەوتە ڕێ، ئاوێک لەبەردەم کۆشکەکەدا بوو، بە شووشە سەری گیرا بوو، ئەویش جلەکانی هەڵکرد تا تەڕ نەبێ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جلێکی داپۆشراوی لەبەربووە: ﴿قِيلَ لَهَا ٱدۡخُلِي ٱلصَّرۡحَۖ فَلَمَّا رَأَتۡهُ حَسِبَتۡهُ لُجَّةٗ وَكَشَفَتۡ عَن سَاقَيۡهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ صَرۡحٞ مُّمَرَّدٞ مِّن قَوَارِيرَ﴾ [النمل: ٤٤] واتە: پێی گوترا بچۆ کۆشکەکەوە، جا کە بەڵقیس بینی وای زانی ئاوێکی زۆرە و قاچی خۆی هەڵکرد تا تەڕ نەبێت، سولەیمان وتی: ئەو پانتاییە بە شووشە سەری گیراوە.

لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ﷺ ئافرەتان لەچکیان لەسەر بووە؛ بەڵام بە پشتەوەدا بەریانداوەتەوە، پاشان ئایەت دابەزی کە پێویستە بیهێننە پێشەوە و سینگ و ملی پێ داپۆشن. هەروەها ئەگەر بڕوانینە جلە کلتوریەکانی هەموو وڵاتان داپۆشراون، تەنانەت جلی پیاوانیش نەک تەنیا ئافرەتان هەر داپۆشراو بووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم ناپۆشتەییەی ئێستا لەکوێوە هاتووە! وەڵامەکەش ئەوەیە: بابەتەکە بەرنامە بۆدانراوە و دوژمنانی دین و ڕەوشت بە مەبەست دەیانەوێت ناپۆشتەیی بڵاوببێتەوە، کەواتە خۆداپۆشین جگە لەوەی ئەرکێکی ئاینییە سروشتی ئافرەتیش داخوازیەتی.

حیجاب تەماشاکردنی پیاو دەگۆڕێت بۆ چاوی ڕێز و شەرم

## ٣١- پۆشاک بەخششێکی خوایە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ﴾ [الأعراف: ٢٦] واتە: ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە بەڕاستی پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشە دەربکەوێت دای ئەپۆشێت، هەروەها جل و بەرگی جوانیش کە خۆتانی پێ بڕازێننەوە (بەڵام بیرتان نەچێت) کە پۆشاکی تەقوا و خواناسی چاکتر و خێردارترە، ئەو پۆشاکە (ماددی و مەعنەویانە) لە نیشانە و بەڵگەکانی خوای گەورەن بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و (یادی بەهەشت بکەن)، کەواتە جلوبەرگ بەخششێکە هەم بۆ داپۆشینی عەورەتە هەم بۆ جوانییە و، پێویستە سوپاسگوزار بین لەسەری نەک نەمانەوێت! بەڵکو پێویستە بە شانازییەوە ئەو پۆشاکە بپۆشین کە خوا پێی داوین و پێی ڕازییە.

باڵاپۆشیت جوانیتە بۆ بەهەشتیش هۆکارێکە.

## ٣٢- باشترین ئافرەت ئافرەتی چاکە نەک ڕووکەش جوان

ئازیزمـان فەرموویەتـی: « الدُّنيَـا مَتَـاعٌ وخَـيْرُ مَتَـاعِ الدُّنْيَـا الْمَـرْأَةُ الصَّالِحَـةُ»[١] واتـە: دونیـا چێـژ و خۆشـییە و چاکتریـن خێـر و خۆشیی دونیا ئافرەتێکی باش و چاکەکارە، با ئێمەش هەوڵدەین باشترین و جوانترین بین لە دینداری و ڕەوشت و کەسایەتی و پۆشینی حیجابدا نەک جوانترین بین تەنیا لە ڕووکەشدا یا لە دەرکەوتن و جلوبەرگدا، ئەویش بە جلێکی حەرام بێت، با هەم لای خەڵک هەمیش لای خودا جوانترین بین.

خۆشەویسـتترین خێزانـی ئازیزمـان ﷺ ئـەو خێزانانـەی بـوون کە بە ڕەوشتبەرزی و کەسایەتیی بەهێز و تەقوا و چاکەکاری و زانایی و داناییەوە بەناوبانگ بوون نەک جوانیی ڕووکەش، بەتایبـەت خاتـوو خەدیجـە و خاتـوو عائیشـە، هـەر لەبـەر ئـەم سـیفەتانەش لای پێغەمبەرمـان ﷺ خۆشەویسـت بـوون.

## ٣٣- ئەگەر دەتەوێت لە پیریدا تەندروست بیت ئەندامەکانت لە حەرام بپارێزە

زانـای عێراقـی (أبـو طیـب طبـري) تەمەنـی نزیکـی (١٠٠)سـاڵ بـوو، جارێکیان لەسـەر کەشتییەکەوە بازیدا کاتێک گەیشتنە کەناراوەکە، ئەوانـەی لـەوێ بـوون سـەریان سـوڕما بـوو لـەو بازدانـەی کـە گەنجـان ئەوەیـان پـێ نەدەکـرا، ئەویـش گوتـی: «ئـەم ئەندامانـە لـە لاویدا پاراستمانن لە حـەرام، ئیدی خوای گـەورە لـە گەورەییدا بـۆی

........................

(١) أخرجه مسلم (١٤٦٧)

پاراستین» ئێمەش وەک ئافرەت زۆر گرنگە جوانی و ئەندامەکانمان لە حەرام بپارێزین، سا بەڵکو خوای گەورەش ئەندامەکان لە زیان و نەخۆشی بپارێزێت و، لەو دونیاش لە دۆزەخ.

## ٣٤- لە بازنەی چاودێریی دروستکراوان وەرە دەرەوە بۆ بازنەی چاودێری خوایی

کاتێک خۆت ئامادە دەکەیت بۆ چوونەدەرەوە و دەتەوێت جلێکی ناپۆشتە لەبەر بکەیت، بیر دەکەیتەوە کام ڕەنگ لە ڕوخسارت دێتەوە، کام جلانە گونجاوە بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچیت، چ جلێک لەبەر بکەیت جوانتر دەردەکەویت.. من دەڵێم لەبری ئەوە بیر لەوە بکەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ [النساء: ١] واتە: بەڕاستی خوا (هەمیشە و بەردەوام) چاودێرە بەسەرتانەوە، بیربکەوە کە لەم دنیایەدا هەرچی بکەیت وەک ئەوەی بەردەوام کامێرایەکت لەسەر بێت هەموو کاروکردەوەیەکت تۆمار دەکرێت، ئەو کاتەی کە جلە ناپۆشتەکانت لەبەر دەکەیت هەمووی وەک ڤیدیۆیەک دەبینیتەوە، ئەم ڕەسم و ڤیدیۆیانەت تا قیامەت پارێزراون و پیشانت دەدرێنەوە، دڵنیابە جگە لە تەوبە و لێخۆشبوونی خوایی هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت کردەوەکانت لەناو ئەو میمۆرییەدا بسڕێتەوە کە دەفتەری کردەوەکانتە.

بەرزترین پلەی دینداری پێی دەڵێن: (إحسان) ئەویش ئەوەیە بەشێوەیەک خوا بپەرستیت وەک ئەوەی خوا ببینیت خۆ ئەگەر

تۆش ئەو نەبینیت، ئەوا ئەو تۆ دەبینێت، جا گەیشتن بەوەی هەست بکەیت خوا دەبینیت لەوانەیە ئاسان نەبێت، بەڵام هەموومان دەتوانین بگەینە ئەو ئاستەی هەست بە چاودێری خوایی بکەین و، ببێتە هۆکار کە چاکەکار بین و خۆمان لە تاوان بپارێزین، بەڵێ (ئەو دەتبینێت) کاریگەرترینە بۆ وازهێنان لە سەرپێچیکردنی خوای گەورە، ئایا چاودێری خوایی بەس نییە بۆ ئەوەی تۆش بڕیاری باڵاپۆشی بدەیت؟

## ٣٥- خوای گەورە بە باڵاپۆشبوونت دڵخۆش دەبێت

خۆشەویستمان فەرموویەتی ﷺ: «لَلَّـهُ أَشَـدُّ فَرَحًـا بِتَوْبَـةِ عَبْـدِهِ حِـينَ يَتُـوبُ إِلَيْـهِ مِـنْ أَحَدِكُـمْ كَانَ عَـلَى رَاحِلَتِـهِ بِـأَرْضِ فَـلَاةٍ فَانْفَلَتَـتْ مِنْـهُ وَعَلَيْهَـا طَعَامُـهُ وَشَرَابُـهُ فَأَيِـسَ مِنْهَـا فَـأَتَى شَـجَرَةً فَاضْطَجَـعَ فِي ظِلِّهَـا قَـدْ أَيِـسَ مِـنْ رَاحِلَتِـهِ فَبَيْنَـا هُـوَ كَذَلِـكَ إِذَا هُـوَ بِهَـا قَائِمَـةً عِنْـدَهُ فَأَخَـذَ بِخِطَامِهَا ثُـمَّ قَـالَ مِـنْ شِـدَّةِ الْفَـرَحِ اللَّهُـمَّ أَنْـتَ عَبْـدِي وَأَنَـا رَبُّـكَ، أَخْطَـأَ مِـنْ شِـدَّةِ الْفَـرَحِ»[١] واتە: خوای گەورە زۆر خۆشحاڵترە لە کەسێک لە ئێوە سەبارەت بە تۆبەی بەندەکەی -کاتێک تۆبە دەکات- کە کەسەکە لەسەر وڵاخەکەی بێت و، لە زەویەکی بیابان و چۆڵدا وڵاخەکەی لە دەستی دەردەچێت و دەڕوات، لەکاتێکدا خواردن وخواردنەوەکەی بەسەر پشتیەوەیەتی، ئەمیش نائومێد دەبێت لێی و، دەچێت بۆ ژێر دارێک و ڕادەکشێت لەژێر سێبەرەکەیدا بە نائومێدی گەڕانەوەی ئاژەڵەکەیەوە، جا لەو حاڵەتەدایە کە

(١) أخرجه البخاري (٦٣٠٨)

دەبینێت وا ئاژەڵەکەی لەلایدا وەستاوە ئەمیش ڕەشمەکەی دەگرێت و لە خۆشیدا دەڵێت: خوایە گیان تۆ بەندەی منی و منیش پەروەردگاری تۆم، ئەوەندە دڵخۆشە هەڵە دەکات، بەڵێ ئەو خوایە گەورە و بەدەسەڵاتە بێجگە لەوەی زۆر تەوبەوەرگرە بەو شێوەیە خۆشحاڵیش دەبێت بەوەی بڕیاری باڵاپۆشی بدەیت و فەرمانی بەجێبهێنیت و واز لە سەرپێچیکردنی بهێنیت، کەواتە ئەگەر دەتەوێت پەروەردگارت خۆشحاڵ بکەیت ببە بە باڵاپۆش و بەرگی ئافرەتانی مسوڵمان و شەرعی بپۆشە.

## ٣٦- کردەوەکانت بۆ لای خوا بەرزدەبنەوە

خوای گەورە دەفەرموێت: «وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥ» [ فاطر: ١٠] واتە: هەروەها هەموو قسەو ئاکارێکی چاک و پاکیش بەرەو لای خۆی بەرزی دەکاتەوە و وەری دەگرێت، جا کردەوەی ڕۆژانە بەیانیان و ئێواران و، کردەوەکانی هەفتە دووشەممان و پێنج شەممان و، کردەوەکانی هەموو ساڵیش پێش ڕەمەزان واتە لە مانگی شەعباندا بەرز دەبنەوە، دیارە کە پۆشینی جلوبەرگی شەرعیش یەکێکە لە کردەوە چاکەکان و هەر ئافرەتێک ئەنجامی بدات ڕۆژانە یان هەر کاتێک جلێکی پۆشتە لەبەر دەکات ئەو کردەوەیەی بۆ دەنوسرێت و بەرز دەکرێتەوە، جا خوشکی ئازیز کاتێک کەمەری جلەکانت تەسک ناکەیتەوە لەبەر خوا، یان کاتێک ناهێڵیت تاڵێک لە پرچت دەرکەوێت، کاتێک هەموو جۆرە جل و قوماشێک ناکڕیت تەنانەت ئەگەر زۆریش پێت جوان بێت... ئەمانە بە کەمان مەزانە و دڵنیابە

هەموو ئەمانە بەزایە ناچن و بۆت دەنوسریێت لە پەڕاوی کردەوە چاکەکانت، چونکە خوا بەڵێنی داوە هەموو چاکەیەک وەردەگرێت تەننەت ئەگەر زۆر بچووکیش بێت: {فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ}[الزَّلۡزَلَةِ: ٧] واتە: جا هەر کەسێک بەکێشی گەردیلەیەک کردەوەی چاک بکات، پاداشتەکەی لە ڕۆژی دواییدا وەردەگرێت...

ئەمە پێچەوانەکەشی ڕاستە، بۆ نموونە ئەگەر ئافرەتێک ڕۆژانە بچێتە قوتابخانە یا کارەکەی و جلێکی ناپۆشتە بپۆشێت، ئەوا ڕۆژانە ئەم کردەوەیەی بۆ دەنوسرێت و بەرزدەبێتەوە بۆ لای پەروەردگار، ئایا تۆ دەتەوێت ڕۆژانە کردەوەیەکی چاکت بەرزببێتەوە یا خراپ؟

## ٣٧- گوێڕایەڵی نیشانەی خۆشەویستییە

هەموومان دەڵێین: خوای گەورەمان خۆشدەوێت، کەچی زۆر لە کردەوەکانمان پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدەن، جا ئەگەر بڵێیت باوەڕت بە خوا هەیە و خۆشت دەوێت، پێویستە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی خۆشەویستەکەت بکەیت لەترسی لە دەستدان و زویرکردنی؛ چونکە گوێڕایەڵی لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئایا دەکرێت باوەڕت بە قورئان هەبێت -کە ئەو خوایە ناردوویەتی کە خۆشت دەوێت- و باوەڕت بەو ئایەتە نەبێت کە فەرمانت پێ دەکات باڵاپۆش بیت؟! یان باوەڕت پێی هەبێت بەڵام جێبەجێی نەکەیت؟ خوای گەورە

بـە جوولەکـەکان دەڵێـت: ﴿أَفَتُؤۡمِنُـونَ بِبَعۡـضِ ٱلۡكِتَـٰبِ وَتَكۡفُـرُونَ بِبَعۡـض﴾ [ البقرة: ٨٥] واتـە: چـۆن دەبێت باوەڕتـان بـە بەشـێکی کتێبەکەتـان (تـەورات) هەبێـت و باوەڕتـان بـە بەشـێکی تـری نەبێـت؟ بـا ئێمـەش هەڵـەی ئـەوان دووبـارە نەکەینـەوە، ئیمامـی شـافعی دەڵێـت:

تَعْصِي الإِله وَأنْتَ تُــظْهِرُ حُـبَّهُ

هذا مـــــحالٌ في القـــياس بديعُ

لَوْ كانَ حُــــــبُّكَ صَادِقًا لأَطَعْتَهُ

إنَّ الْمُحِبَّ لِمَنْ يُحِبُّ مُطِيعُ

واتـە: سـەرپێچیی خـوا دەکەیـت و بەڕووکاریـش خۆشەویسـتی خـوا نیشـان دەدەیـت و، دەڵێیـت: خـوام خـۆش دەوێـت، ئەمـە مەحاڵـە و بـە عەقـڵ و نەقـڵ پێچەوانـەی کردەوەکانتـە، ئەگـەر خۆشەویسـتییەکەت ڕاسـت بوایـە گوێڕایەڵیشـت دەکـرد؛ چونکـە بەڕاسـتی هـەر کەسـێک کەسـێکی خۆشـویسـت گوێڕایەڵـی دەبێـت.

٣٨- کردەوە چاکەکان ئەنجام بدە تا بگەیتە دیداری خوا

پـەروەردگار دەفەرموێـت: ﴿فَمَـن كَانَ يَرۡجُـواْ لِقَـآءَ رَبِّـهِۦ فَلۡيَعۡمَـلۡ عَمَـلٗا صَٰلِحٗـا وَلَا يُـشۡرِكۡ بِعِبَـادَةِ رَبِّـهِۦٓ أَحَـدَۢا﴾ [الكهـف: ١١٠] واتـە: جـا ئـەوەی دەیەوێـت بـە دیـداری پـەروەردگاری شـادببێت، بـا بەخۆشنوودیەوە کار و کردەوەی چاکە ئەنجام بدات و بە هیچ

شێوەیەک لە پەرستندا هیچ کەسێک نەکاتە هاوەڵ و شەریک بۆی، ئەگەر شەوق و حەزێکی زۆرت هەیە بۆ دیداری خوا ئەوە سەرەتا بە باڵاپۆشی دەست پێ بکە.

## ٣٩- باڵاپۆشی پارێزەرە

لە ئیسلامدا جۆرەکانی ئەمانەت زۆرن، لەوانە جەستەت ئەمانەتە و موڵکی مرۆڤ خۆی نییە، ئەم جەستەیەش پێویستی بەوەیە بیپارێزیت لە زیانی ماددی و مەعنەوی، بیپارێزیت لە زیان و نەخۆشییەکانی دنیا و ناخۆشییەکانی قیامەت، ئایا دەزانیت باڵاپۆشی پارێزەرێکی زۆر گرنگە لە تیشکی خۆر؟ ئایا دەزانیت دەتپارێزێت لە شێرپەنجەی پێست و سووتان و زوو چرچبوونی پێست بە خۆر؟ ئایا دەزانیت لە وڵاتە مسوڵمانەکاندا زیاتر پیاوان تووشی شێرپەنجەی پێست دەبن؟ چونکە هەندێ لە پیاوان ئیشی زۆر دەکەن لەبەر خۆر و داپۆشراو نین، بەڵام ئافرەتان داپۆشراون، هەروەها لەڕووی مەعنەویشەوە پارێزەرە، خۆشەویستمان فەرموویەتی: «الْعَيْنُ حَقٌّ»[1] واتە: بەچاوەوە بوون ڕاستە، بۆیە ئەگەر خۆت دانەپۆشیت و هەموو جوانییەکانت دەربخەیت، تەنانەت ئەگەر تەنیا لای ئافرەتانیش بیت زۆر نزیکە کەسێک ئیرەییت پێ ببات و چاوت لێ بدات و زیانێکت پێ بگەیەنێت، وەک ئەو هاوەڵەی کە هاوەڵێکی دیت، گوتی: پێستت وەک پێستی کچە، مەبەستی ئەوە بوو سپی و جوانە، ئیدی ئەو هاوەڵە بەڕێزە نەخۆش

(١) أخرجه مسلم (٢١٨٨)

کەوت، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەبێت ئەو کەسەی چاوی لێ داوە خۆی بشوات بە ئاوێک و، ئاوەکە کۆبکەنەوە و بیدەن پێی خۆی پێ بشوات، ئیدی وای کرد و چاک بۆوە.

## ٤٠- دیدارێکی خوایی!

خوای گەورە بەو گەورەیی و دەسەڵاتەی خۆیەوە پەیامێکی پیرۆزی بۆ ناردووین و، لەناو ئایەتەکانیدا ئێمە دەدوێنێت و ڕێبازی ژیانی بۆ دیاری کردووین، هەندێ شتی واجبکردووە لەسەرمان، هەندێ شتیشی لێ قەدەغە کردووین، جا دەمەوێت ئێستا بیهێنیتە پێش چاوت کە خوای گەورە ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ و بەتەنیا دەتدوێنێت و پێت دەفەرموێت: ئەی بەندەکەم پێویستە لەسەرت باڵاپۆش بیت، ئەوە فەرمانی منە و بەو شێوەیە بڕیارم داوە هەموو ئافرەتێک پێویستە باڵاپۆش بێت، ئایا فەرمانەکەی جێبەجێ ناکەیت؟ ئایا دەتوانیت سەرپێچیی بکەیت؟ ئایا بەبێ وەستان و ڕاستەوخۆ جێبەجێت نەدەکرد؟ ئایا دەتتوانی بە حەزی خۆت و شەیتان بکەیت؟ بەدڵنیاییەوە لەم حاڵەتەدا سەرپێچیکردنی خوا ئەستەمە، جا خوشکی شیرین فەرمانەکانی ناو قورئانیش بەهەمان شێوەیە، خوای گەورە لەڕێی قورئانەوە قسەمان لەگەڵ دەکات و فەرمانمان پێ دەکات بە شتانێک و، شتانێکیشمان لێ قەدەغە دەکات، لەوانەش باڵاپۆشییە، بۆیە هەست بەوە بکە کە خوای گەورە خۆی فەرمانی پێ کردوویت و نابێت فەرمانەکەی جێبەجێ نەکەیت، هەروەها ئەو ئایەتانەی باسی باڵاپۆشی

دەکەن بە شێوەیەک بیانخوێنەوە و لێیان تێبگە وەک ئەوەی خوای گەورە ڕاستەوخۆ قسەت لەگەڵ بکات و داواکاریی لێت ئەوە بێت بالاپۆش بیت.

## ٤١- دیدارێک لەگەڵ خۆشەویست ﷺ

بیهێنە پێش چاوت ئەو پێغەمبەرە ﷺ گەورە و ئازیزە بە میهرەبانییەوە دەتدوێنێت، هەروەک چۆن قسەی لەگەڵ ئافرەتەکانی دەوروبەری خۆی دەکرد، پێت دەڵێت: کاتێک ئافرەت گەیشتە تەمەنی باڵغبوون پێویستە بالاپۆش بێت و نابێت جگە لە دەست و دەموچاوی دەربکەوێت، پێویستە جلێکی تەواو داپۆشراو بپۆشێت، یان فەرمووبای: ئەمڕۆ ئایەتی حیجاب دابەزیوە، ئیدی پێویستە ئافرەتان بالاپۆش بن... خەیاڵ بکە ئەگەر پێغەمبەر گیان زیندوو بوایە و بەو شێوەیە تۆی دواندبایە دەتتوانی قسەکەی بشکێنیت و هەر بە حەزی خۆت بکەیت؟ بۆ نمونە پرسیبای هۆکار چییە تا ئێستا بالاپۆش نیت؟ چەند شیرینە ئەم خەیاڵە، ئەگەر ئەمە خەون و خەیاڵیش بێت زۆر شیرینە، جا ئێستاش فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ هەر بەم شێوەیە ڕوو لە هەموومان، پێویستە لەگەڵ بیستنیان هەست بەوە بکەیت گفتوگۆکە و داواکارییەکە لەگەڵ تۆیە و، بەگرنگییەوە لێیان بڕوانیت و، بڕیاری جێبەجێکردنیان بدەیت.

## ٤٢- بچیتە سەر ڕێگاکە خوا دامەزراوت دەکات

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ﴾ [محمد: ١٧] واتە: هەروەها ئەوانەیش کە ڕێگای هیدایەتیان گرتۆتەبەر و هاتوونەتە سەر ڕێگای ڕاستی خوای گەورە، خوای گەورە زیاتر هیدایەتیان ئەدات و دامەزراویان دەکات لەسەری و تەقوایان پێ ئەبەخشێ، کەواتە بڕیاری باڵاپۆشییەکەت بدە و، داوا لە خوای گەورەش بکە دامەزراوت بکات، بەدڵنیاییەوە وەڵامت دەداتەوە.

## ٤٣- ویستی خوا پێش حەزی خۆت بخە، تا خوا خۆشی بوێت

هەمیشە کاتێک مرۆڤ کەسێکی بەڕاستی خۆشبوێت حەزەکانی ئەو پێش حەزەکانی خۆی دەخات، بۆ نموونە وەک خۆشەویستیی هاوسەر بۆ هاوسەر، خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ ڕۆڵەکەیان... جا خوای گەورە زۆر لەپێشترە تا ویست و حەزەکانی پێش حەزی خۆمان بخەین؛ چونکە هەم ئەگەری زۆرە ئێمە کارێک بکەین کە زیانی دنیا و قیاتمانی تێدابێت و نەزانین قازانجمان لە چیدایە، هەم خوای گەورە زۆر دڵسۆزی ئێمەیە هەم باشیش دەزانێت چی باشە بۆ ئێمە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا بەوە دەبینە خۆشویستی خوای گەورە.

جارێک پیاوێک لە هاوەڵانی بەڕێز وەفاتی کرد، هاوەڵانی دیکەش باسی چاکە و عیبەدەتەکانی ئەو پیاوەیان دەکرد، زۆر

وەسفیان کرد کە چەند کەسێکی باش بووە... پێغەمبەریش ﷺ لەو کاتەدا بێدەنگ بوو، کاتێک ئەوان بێدەنگ بوون فەرمووی: «هل كان يكثر ذكر الموت ؟ قالوا : لا. قال: فهل كان يدع كثيرا مما يشتهي؟ قالوا: لا. قال: ما بلغ صاحبكم كثيرا مما تذهبون إليه»[١] واتە: ئایا زۆر یادی مردنی دەکرد؟ گوتیان: نەخێر، فەرمووی: ئایا زۆر خۆی دەگرتەوە لەو شتانەی حەزی لێ بوون؟ گوتیان: نەخێر، فەرمووی: کەواتە نەگەیشتۆتە ئەو پلە بەرزەی کە ئێوە واتێگەیشتوون پێی گەیشتووە، کەواتە تۆش ئەگەر پلەی بەرز و خۆشەویستیی خوات دەوێت، پێویستە واز لەو جلە ناپۆشتانەت بهێنیت هەرچەندێک حەزت لێیان بێت.

## ٤٤- باڵاپۆش بیت پەڕینەوەت بەسەر پردی سیراتدا ئاسانترە

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا * ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾ [مريم: ٧١-٧٢] واتە: خەڵکینە کەستان نییە بەسەر دۆزەخدا -بەسەر پردی سیراطدا- تێپەڕ نەکات، ئەمە بڕیاردراوە هەر جێبەجێ دەکرێت، پاشان ئەوانە ڕزگار دەکەین کە پارێزکار و خواناس بوون، ستەمکارانیش لەناو دۆزەخدا بەچۆکدا دەهێنین، ئەمە بڕیاری خوای باڵادەستە و هەڵوەشانەوەشی نییە؛ جا کاتێک بەسەر پردی سیڕاتدا دەڕۆیت پێویستیت بە ڕوناکی هەیە هەروەها بەوەی ڕێگاکە فراوان بێت و خۆشت

---

(١) ئەم فەرموودەیە بە لاواز دادەنرێت بەڵام فەرموودە لاوازەکان لە ئامۆژگاریکردندا بەکاردێن، بەڵام حوکمیان لێ وەرناگیرێت.

بەخێرایی ڕێبکەیت، ئەمانەش بەوە دەست دەکەون کە زۆرباش خۆت ئامادەبکەیت بۆ ئەو ساتە و، زۆر خۆت بپارێزیت لە سەرپێچیی فەرمانی خوای گەورە و، چاکە و پەرستشی زۆر ئەنجام بدەیت، جا بێگومان پێویستە لەو شتانەوە دەست پێبکەیت کە گرنگن وەک واجبەکان پێش سوننەتەکان، هەروەها تەوبەکردن لەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدەیت و گیرۆدەیان بوویت، بۆیە ئەگەر باڵاپۆش بیت پردی سیڕات فراوانتر و ڕوناکترە بۆت و، ئاسانتر بەسەریدا دەپەڕیتەوە.

## ٤٥- داوای فیردەوس بکە، بە کەم ڕازی مەبە

خۆشەویستمان فەرموویەتی: «الجنةُ مائَةُ دَرَجَةٍ ما بينَ كُلِّ درجتَيْنِ كما بينَ السماءِ والأرضِ، والفردوسُ أعلاها درجَةً، ومِنْ فوقِها العرْشُ، فإذا سألتُم اللهَ فاسألُوهُ الفِرْدَوْسَ»[1] واتە: بەهەشت سەد پلەیە، نێوانی هەر پلەیەک هێندەی ئاسمان و زەوییە، فیردەوس بەرزترین شوێن و پلەیە تێیدا، عەرشی خوای گەورەش لە سەروو فیردەوسەوەیە ، جا کە داوای بەهەشتتان کرد داوای فیردەوس بکەن. خوێنەری بەڕێز شوێنێک لەناو بەهەشت بێت و بەرزترین پلە بێت و نزیکترین شوێن بێت لە خوای گەورەوە دەبێت چ شوێنێکی ناوازە بێت؟! هەندێ لە مسوڵمانان کاتێ گفتوگۆدەکە لەبارەی بەهەشت و قیامەت دەڵێن: بە بەر دەرگاکەشی ڕازیین، تەنانەت -بە داخەوە- هەندێ کەس دەڵێن: بەخوا من فلان گوناحم هەیە، پیاسەیەکی

(١) أخرجه الترمذي (٢٥٣١) وأحمد (٢٢٦٩٥)

دۆزەخ هەر دەکەم!! بێئاگا لەوەی ئازیزمان داوای لێ کردووین کە هیممەتبەرز بین و داوای بەرزترین و خۆشترین شوێنی بەهەشت بکەین و کاریشی بۆ بکەین، بۆیە خوشکی ئەزیز تۆش یەکێک بە لەو بەندە چاک و نزیکانەی کە خوا بە شایەنی ئەوەیان دەزانێت بیانخاتە ناو فیردەوس، بۆ ئەمەش پێویستە لە باڵاپۆشییەکەتەوە دەست پێ بکەیت.

✿ ✿ ✿ ✿ ✿

فليقولـــــــوا عن حجابي.. إنه يفني شبابي

فليـــقولوا عن حجابي.. لا وربي لن أبالي

ولـــيغالوا في عتـــابي.. إن للديـــــن انتسابي

لا وربـــــي لن أبالي.. همـــتي مثل الجبال

با بڵێن حیجابەکەم گەنجێتیم لەناو دەبات

با وابڵێن سوێند بەخوا گوێی پێ نادەم

با لە لۆمەکردنمدا ڕۆبچن، دڵی من پەیوەستە بە دینەکەم

گوێی پێ نادەم، ورەم بەرزە وەک شاخەکان.

✿ ✿ ✿ ✿ ✿

## ٤٦- ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە سوپاسگوزار بیت؟

ئایا تا ئێستا کاتێکت تەرخان کردووە و دابنیشیت ئەو بەخششانە بژمێریت کە (الله ﷻ) پێی بەخشیویت؟ هەرچەندە هەر یەکێکمان ئەگەر بمانەوێت نیعمەتەکانی خوا بەسەرمانەوە بژمێرین، ناتوانین؛ بەڵام پێویستە لەسەرمان هەندێ جار بیریان لێ بکەینەوە و پێیان بزانین و هەست بە هەبوونیان بکەین و سوپاسگوزار بین لەسەریان. بەڵام پەیوەندیی سوپاسگوزاری بە باڵاپۆشییەوە چییە؟

لەڕاستیدا سوپاسگوزاری دوو جۆرە: بە قسە و بە کردەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە باسی جۆری دووەم بکەم، کاتێک تۆ کردەوەیەکی چاک ئەنجام دەدەیت بۆخوا بە کردەوەیەک سوپاست کردووە، لێرەدا بۆیە باسی سوپاسگوزاری دەکەین؛ چونکە باڵاپۆشی کردەوەیەکی چاکە و بە کردەوە سوپاسکردنی خودایە، بەپێچەوانەشەوە باڵاپۆشنەبوون تاوانێکە و سوپاسگوزار نەبوون و پێنەزانینە بەرامبەر ئەو هەموو نیعمەتە بێشومارەی پەروەردگارت پێی داویت، لەوانە: دایک و باوک، خوشک و برا، هاوسەر و منداڵ، خۆشەویستی و گرنگیپێدانیان بۆت، ساغی و تەندروستیی تاک بە تاکی ئەندامەکان و دەروون و عەقڵی خۆت و خۆشەویستانت، جوانیت، ماڵ و سامانت، پێویستی و ناوماڵی جوان، جل و پۆشاکی زۆر، خواردنی زۆر و بەچێژ، ئاسایش، خوێندن و بڕوانامە، ئاسانکارییەکانی سەردەم وەکو مۆبایل و ئۆتۆمبێل و ئینتەرنێت... هتد، کەواتە بیربکەوە پەروەردگار

ئـەو هەمـوو نیعمەتـەی پێداویـت بـێ داواکـردن، لەوانەیـە بـە داوای خۆشـت زۆر شـتی دیکـەی پـێ بەخشـیبیت، ئیـدی کاتـی سوپاسـگوزاریی تۆیـە بـە زمـان و بەکـردەوە چاکەکانـت، یـەک لەوانـەش ئەوەیـە بڕیـار بدەیـت ببیتـە باڵاپـۆش تـا ئـەو کاتـەی دەگەڕێیتـەوە لای خاوەنـی نیعمەتـەکان.

## ٤٧- ماوەیەک جلی داپۆشراو بپۆشە

مـن دڵنیـام ئەگـەر ماوەیـەک بـۆ هەمـوو شـوێنێک تەنیـا جلـی داپۆشـراو بپۆشـیت حـەز و خۆشـەویستی و ڕاهاتنێکـت بـۆ دروسـت دەبێـت، مـاوەی ٣ هەفتـە بـۆ مانگێـک لەسـەر خۆتـی واجـب بکـە بەبـێ جلـی شـەرعی تەنانـەت نەچیتـە بـەر دەرگای ماڵەکەشـت و هیـچ کەسـێک بـە ناپۆشـتەیی نەتبینێـت، بەدڵنیاییـەوە ئاسـانتر دەتوانیـت بڕیـاری یەکجـاری بدەیـت و بـەردەوام بیـت لەسـەر ئـەم پەرستشـە جـوان و بـەرزە. خـوای میهرەبانیـش یارمەتیـدەرت دەبێـت لەسـەر پابەندبـوون و دامەزراویـت بـە ویسـتی خـوا.

**ئێستا کە بڕیارت دا ببیتە باڵاپۆش**

**پێویستە بزانیت کام جلە بپۆشیت:**

ئایا بەرگی شەرعی بۆ ئافرەت کامەیە؟

وتەیەکی زۆر جوان هەیە دەڵێت کە پێویستە هەمیشە لەبیرمان بێت: (الحجاب ستر وليس غلاف) حیجاب خۆداپۆشینە نەک تەنیا کیف و بەرگێک بێت کە لە جەستە بپێچرێت!

هەندێ بابەت لە قورئاندا کە باس کراون بەشێوەیەکی تەواو ڕوون و ئاشکرا باس نەکراون و بوونە جێگەی ڕاجیایی لەناو زانایان؛ بەڵام لە باسی حیجاب و خۆداپۆشیندا خوای گەورە بەڕوونی دەفەرموێت ئافرەتان پێویستە لەسەریان جوانییەکانیان دەرنەخەن و ئەو کەسانەش بەڕوونی دیاری دەکات کە مەحرەمن و ئاساییە ئافرەت لەلایان تەواو باڵاپۆش نەبێت لەگەڵ هەندێ وردەکاری دیکەش، ئەمەش گرنگی و پێویستی بابەتەکە دەردەخات، خوا دەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ أَوۡ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآئِهِنَّ أَوۡ أَبۡنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ إِخۡوَٰنِهِنَّ أَوۡ بَنِيٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوۡ نِسَآئِهِنَّ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيۡرِ أُوْلِي ٱلۡإِرۡبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ [النور: ٣١] واتە: بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن (لە تەماشاکردنی نامەحرەم) و، داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناه و، جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە (دەم و چاو و دەست)، با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینە و

ملیانـدا و، جوانـی و زینەتـی خۆیـان دەرنەخـەن بـە تـەواوی بـۆ هاوسـەرەکانیان نەبێت، یـان باوکـی خۆیـان، یـان باوکـی مێردەکانیـان، یان کوڕی خۆیان، یان کوڕی مێردەکانیان، یان بۆ براکانـی خۆیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان، یان ئافرەتێـک کـە پەیوەندیـان هەیـە پێکـەوە، یـان ئەوانـەش کـە خزمەتیـان ئەکـەن لـە ماڵـەوە، یان ئەوانـەی کە لـە ماڵەکانتانـدا دەژیـن و پێویسـتیان بـە ئافـرەت نـی یـە (لـە بـەر پیـری، یـان نەخۆشـی... هتـد) یاخـود ئـەو منداڵانـەی کـە هێشـتا شـارەزاییان لەبـارەی ئافرەتـان نیـە و (ئـارەزووی جنسـیان بـۆ دروسـت نەبـووە...)، نابێـت ئافرەتانـی ئیمانـدار قاچیـان دەربخـەن و پێیـان بـدەن بـە زەویـدا (تـا دەنگـی خشـڵ و پاوانەکانیـان بێـت) و بزانرێـت کـە زینەتـدار و خشـڵدارن، کەواتـە هەمووتـان ئـەی ئیمانـداران بـەرەو لای خـوا و بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی ئـەو بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەوەی ڕزگار و سـەرفراز بـن.

لـە کۆتاییدا فەرمووی (لعلکم تفلحون) کەواتـە باڵاپۆشـبوون و گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا هـۆکاری سـەربەرزی و سـەرکەوتنە.

بەڵام دەستەواژەی (الا ما ظهر منها) ڕای جیاواز لەبارەیەوە هەیە و، هەریەکەشیان بەڵگەی خۆی هەیە، بەڵام ڕای پەسند ئەوەیە دەست و دەموچاو دەگرێتـەوە و، ڕای زۆرینـەی زانایانی مسوڵمانی لەسـەرە کە داپۆشینی دەست و دەموچاو واجب نییە، بەڵام گەر ئافرەتێک شێوە و جوانییەکـەی بە شێوەیەک بوو ببێتـە هـۆی فیتنـە و خراپـەکاری بـۆ خـۆی و دەوروبـەری ئـەوا پێویسـتە دەموچـاوی داپۆشـێت.

# مەرجەکانی حجاب

## ئافرەت پێویستە چەند لە جەستەی داپۆشێت؟

لە ئیسلامدا عەورەتی مرۆڤی مسوڵمان -واتە: ئەوەندەی کە پێویستە داپپۆشریێت لە جەستە- بۆ هەردوو ڕەگەز لای کەسانی نامەحرەم و تەنانەت مەحرەمەکانیش دیاریکراوە؛ چونکە ئیسلام دینێک و بەرنامەیەکی گشتگیرە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕێکدەخات؛ بۆیە وردترین بابەتەکانیش لە ئیسلامدا باس کراون و بە جوانترین و ڕێکوپێکترین شێوە ڕێکخراون.

ئەم بابەتە لەناو زانایاندا ڕای جیاوازی لەسەرە، بەهۆی تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ ئەو دەقانەی باسی حجاب دەکەن لە قورئان و فەرموودەکاندا، بەڵام ئەوەی ڕای زۆرینەی زانایانی لەسەرە ئەوەیە: ئافرەت لای کەسانی نامەحرەم پێویستە هەموو جەستەی داپۆشێت تەنیا دەست و دەموچاوی نەبێت. لای پیاوە مەحرەمەکانیش وەک باوک و برا و...هتد دەتوانێت هەندێ لەو شوێنانەی دانەپۆشراو بن کە لەکاتی ئیشکردندا دەردەکەون وەکو پێیەکان و سەر و مل و باسک، لای ئافرەتانیش بە هەمان شێوەیە یاخود لە ناوکەوە بۆ ئەژنۆیە، بەڵام ڕای یەکەم باشتر و پەسندترە، هەروەها لەسەر پیاو پێویستە لە ناوکەوە تا ئەژنۆی داپۆشراو بێت.

پۆشاکی شەرعیی ئافرەت:

لـە قورئانـدا لـە باسـی حیجـاب و خۆداپۆشـینی ئافرەتـدا ئـەم دوو وشـەیە هاتـووە: وشـەی (خُمُـر) کـە کـۆی وشـەی (خِمار)ـە لـە [النـور: ٣١] لەگـەڵ وشـەی (جَلابِیـب) کـە کـۆی وشـەی (جِلبَاب)ـە لـە [الأحـزاب: ٥٩].

ئەمانـە ڕای هەنـدێ لـە زانایانـە لەبـارەی تەفسـیر و مانـای وشـەی (جِلبَـاب):

ئیبن مەسـعود: عەبا یان عەبای سـەر شـانە ئافرەت لەسـەر جلەکانـی لەبـەری دەکات و هەمـوو جەسـتەی دادەپۆشـێت.

تەبـەری: جلێکـە هەمـوو جەسـتە دادەپۆشـێ لەسـەر جلـی ماڵـەوە لەبـەر دەکرێت.

ئەلبانـی: جلێکـی داپۆشـەر و بەرینـە لـە سـەر تاکـو پێیـەکان دادەپۆشـێت، جیـاوازە لـە لەچـک (خِـمار) کـە تەنیـا سـەر و مـل دادەپۆشـێت.

ئیبـن ئەثیـر: بریتییـە لـە (إِزار) و (رِداء) واتـە دوو پارچـە جـل یەکێـک بـۆ سـەرەوەی لـەش یەکێکیش بـۆ خـوارەوە، کـە تـەواو جەسـتە دابپۆشـن، یـان شـتێکە کـە لەخـۆی دەپێچێـت، یاخـود مەقنەیەکـە سـەر و پشـت و سـنگ دادەپۆشـێت.

بە کورتی:

(خِـمار) واتـە سـەرپۆش لەچـک کـە سـەر و مـل و سـینگ دادەپۆشـێت.

(جِلبَـاب): واتـە جلێکی یـەک پارچـە یا دوو پارچـەی داپۆشـەر لـە هەمـوو ڕوویێکـەوە کە سـەرتاپای جەسـتە دادەپۆشـێت.

ئەمانـەی سـەرەوە هەنـدێ لـە ڕای زانایانـن لـە باسـی پۆشـاکی شـەرعیی ئافـرەت بەپێـی تێگەیشـتنیان بـۆ دەقـەکان، ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە باسـی بکەیـن ئەوەیـە ئـەم ڕایانـە پێمـان دەڵێـن کـە مەبەسـت لـەو فەرمانـە خواییـە تەنها داپۆشـینە نـەک جلێکی دیـاری کـراو؛ بـەڵام بـە چەنـد مەرجێـک، ئیـدی نـاوی جلەکـە هـەر شـتێکە جلی کوردییـە یاخـود جلێکی سـەردەمییە یـا جلی کلتوریـی وڵاتێکـی دیکەیـە... هەمـووی دەکرێـت شـەرعی بێـت، گرنـگ ئەوەیـە مەرجەکانـی تێدابێـت و داپۆشـەر بێـت، پێش هەموو کەسـیش ئافـرەت خـۆی بـاش دەزانێـت چ جلێـک داپۆشـراوە و چ جلێکیـش سەرنجڕاکێشـە و ناشـەرعییە، بۆیـە دوای وەرگرتنـی زانیـاری لەبـارەی پۆشـاکی شـەرعی و مەرجەکانـی ئافـرەت دەتوانێـت ڕای دڵـی زینـدوو و بەئیمانـی خۆیشـی وەرگرێـت، هـەروەک پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: «الْـبِرُّ مَـا سَـكَنَتْ إِلَيْـهِ النَّفْـسُ وَاطْـمَأَنَّ إِلَيْـهِ الْقَلْـبُ»[1] چاکـە ئەوەیـە کـە دڵ و نەفس پێـی ئـارام و ئاسـوودەن. هـەروەک جارێـک ئەسـمائی کچـی ئەبوبەکر دوای

(١) أخرجه أحمد (١٧٧٤٢)

ئەوەی بینایی لەدەستدابوو مونزیری کوڕی زوبەیر قوماشێکی بۆ هێنابوو لە عێراقەوە، ئەویش دەستی لێدا و گوتی: ئۆف! ئەوە کەی قوماشە، بۆی ببەنەوە، مونزیریش ئەمە زۆر لەسەر دڵی قورس بوو و گوتی: دایە گیان خۆ ئەمە تەنک نییە، ئەویش گوتی: (إنها إن لم تشف فإنها تصف)[1] واتە: ڕاستە تەنک نییە، بەڵام ئەم جۆرە قوماشە شێوە و قەبارەی لەش دەردەخات؛ چونکە پێیەوە دەلکێت[2].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ...الخ﴾ [النور: ٣١] واتە: بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن (لە تەماشای نامەحرەم) و داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناح و جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە (وەک دەموچاو و دەست) با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیاندا و، جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بە تەواوی بۆ هاوسەرەکانیان نەبێت، یان باوکی خۆیان، یان ... هتد.

کەواتە ئەو پۆشاکەی خوای گەورە واجبی کردوە پێویستە:

....................

(١) جلباب المرأة المسلمة في الكتاب والسنة، محمد ناصرالدين الألباني، رقم الحديث: ١٢٦

(٢) فەلسەفەی باڵاپۆشی- ئیکرام کەریم، لاپەڕە (٢٥).

١- جەستەی ئافرەت جگە لە دەست و دەموچاوی بەتەواوی دابپۆشێت.

٢- پێویستە فراوان بێت، واتە تەسک نەبێت کە شێوەی جەستەی دەرخات، تەنانەت نابێت بەشێکیشی تەسک بێت، بۆنمونە تەنیا کەمەری جلەکە تەسک بێت.

٣-ئەستوور بێت، واتە ئەوەندە تەنک نەبێت پێستی یا پرچی دیاربێت.

٤- پۆشاکەکە تا پێیەکانی درێژ بێت، بۆ نمونە ئەوەندە کورت بێت قاچی دەربکەوێت، یا پانتۆڵێکی لەبەر بێت کراسێکی کورتی لەسەر لەبەرکردبێت، تەنانەت ئەگەر بەرینیش بێت، چونکە هاوشێوەی جلی پیاوان دەبێت.

٥- هاوشێوەی جلی پیاوان یاخود ئافرەتانی بێباوەڕ نەبێت.

٦- پۆشاکەکە خۆی لەخۆیدا زۆر سەرنجڕاکێش و ڕازاوە و باقوبریق نەبێت، بەڵام ڕەنگ هەمووی ڕێگەپێدراوە: ڕەش، سپی، سور...

٧- جلێک نەبێت کە بۆ ناوبانگ دەرکردن بیکاتە بەر. بۆنموونە لەڕاددەبەدەر گرانبەها بێت یا زۆر تاک و شاز بێت کە بەهۆیەوە دەربکەوێت و بەهۆیەوە شانازی بەخۆیەوە بکات.

٨- بۆندار نەبێت ئەگەر بۆ ناو پیاوان لەبەری بکات.

ئەمانە نمونەی ڕاستەقینەی باڵاپۆشی نین هەریەکەیان لەبەر هۆکارێک



ئەمانە باڵاپۆشیی ڕاستەقینەن



هەروەها بابەتێکی دیکەی گرنگ لەپاڵ باڵاپۆشبووندا ئەوەیە کە ئافرەت ئاگای لە دەنگ و ئاوازی قسەکردنی بێت لای پیاوانی نامەحرەم: ﴿فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا﴾ [الأحزاب: ٣٢] واتە: وە نابێت کاتێک کە لەگەڵ پیاوانی بێگانەدا قسەتان کرد بە نەرمی و ناسکی قسە بکەن ئەو کاتە کەسێک کە نەخۆشی نیفاق یان نەخۆشیی شەهەوات و ئارەزوو لە دڵیدا بێ لەوانەیە تەماح و نیازێکی خراپ بکات، وە کاتێک کە لەگەڵ پیاوانی بێگانە و نامەحرەمدا قسەتان کرد قسەی جوان بکەن با قسەکانتان دوور بێت لە نەرمی و ناسکی و گومانەوە و وەکو پیاوی خۆتان قسەیان لەگەڵ مەکەن، (ئافرەت دەبێت لەگەڵ پیاوی خۆی بە نەرمی و ناسکی قسە بکات، وە لەگەڵ پیاوی بێگانە و نامەحرەم بە مەعقولی و زبری قسە بکات، نەک بە پێچەوانەوە). بۆیە ئافرەتی باڵاپۆش دەبێت ئاگای لەم لایەنە بێت و خۆی تاوانبار نەکات[١].

(١) تەفیسری ڕێبەر- مامۆستا صلاح الدین عبد الکریم.

# بەسەرهاتی باڵاپۆشیی جەنان تورک

## حەوت ساڵ ئازارم چەشت تا بووم بە باڵاپۆش!

ئەکتەری میسری -حەنان تورک- لە باسی بەسەرهاتی باڵاپۆشییەکەیدا دەڵێت: چووم بۆ لای مامۆستایەک -خوای گەورە پایەداری بکات- لێم پرسی: باڵاپۆشی بەهەشت و دۆزەخە یان پلەکانی بەهەشتە؟ پێم گوت ئەگەر باڵاپۆشی هۆکاری چوونە بەهەشت و دۆزەخی منە، ئەوا من ئەم یارییە مەترسیدارە ناکەم، من بەرگەی دەنکە شقارتەیەک یا گەرمیی تیشکی خۆر یا مۆمێک ناگرم، ئەگەر هۆکارێکیشە بۆ بەرزبوونەوەی پلەم لە بەهەشتدا، ئەوا من بە بەر دەرگاکەش ڕازیم -ئەو کات وا بیرم دەکردەوە- مامۆستاکەش پێکەنی و گوتی: تەماشاکە خوشکە حەنان هەر شتێک واجب بێت بەهەشت و دۆزەخە، هەرچی سوننەتیشە پلەکانی بەهەشتە، گوتم باشە باڵاپۆشی چییە؟ باڵاپۆشی واجبە و بە کردنی دەچیتە بەهەشت و بە نەکردنی دەچیتە دۆزەخ یان سوننەتە و بە کردنی پلەت بەرز دەبێتەوە لە بەهەشتدا؟ ئەویش گوتی: زۆرباشە، تۆ مسوڵمانیت؟ گوتم: بەڵێ سوپاس بۆ خوا بە مسوڵمانی لەدایک بووم، گوتی: کەواتە تۆ زەویی خۆت هەیە، گوتم: زەوی؟! گوتی: بەڵێ، زەوییەکت هەیە لەسەری نوسراوە: ئەمە موڵکی (حنان حسن محمد عبدالکریم)ـە، گوتم زۆرباشە، سوپاس بۆ خوا، گوتی: ئەی باوەڕت بە پایەکانی ئیسلام هەیە؟ گوتم: بەڵێ بەدڵنیاییەوە باوەڕم پێیانە ٥ دانەن و... گوتی: زۆرباشە مادام ئەو پایانە لە زەوییەکەتدا دابنێ، لە

دڵی خۆمدا دەمگوت: سوپاس بۆ خوا بالآپۆشییان تێدا نەبوو، بەوە خۆم دڵنیا دەکردەوە، پاشان گوتی زۆرباشە ئێستا برۆ تێیدا بژی، گوتم چۆن؟ ئاوا ماڵ دروست ناکرێ، پێویستە سەقف هەبێت، کەلوپەلی تێدا بێت، زۆر پێویستی دیکە ماوە... مامۆستا گوتی: ئێستا پێویستت بە پایەکانی باوەڕە، باوەڕت بە (اللە) هەیە؟ گوتم: بە دڵنیاییەوە، ئێستا بۆ ئەوە هاتوم تا (اللە) لە خۆم ڕازی بکەم.

- باوەڕت بە فریشتەکان هەیە؟

- بە دڵنیاییەوە باوەڕم پێیانە.

- باشە باوەڕت بە کتێبە ئاسمانییەکان هەیە؟

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە.

- باشە باوەڕت بە قورئان هەیە؟

- بەڵێ باوەڕم پێی هەیە.

- باشە قورئان بکەوە، سووڕەتی نور بخوێنەوە.

قورئانم کردەوە و خوێندمەوە: {سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا} [النور: ١]، واتە: ئەمە سورەتێکە ئێمە ناردومانەتە خوارەوە و (گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەم سوڕەتەمان) واجب کردووە.

- ئەمە مانای چییە؟

- ئەم سوورەتە واجبە؟

- بەڵێ، ئەی سوورەتەکانی دیکەی قورئان؟

- کەواتە ئەوان واجب نین.

بە زەردەخەنەوە گوتی: خوا هیدایەتت بدا خوشکە حەنان، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ﴾ [القصص: ٨٥] واتە: بەڕاستی ئەو زاتەی کە قورئانی لەسەر تۆ پێویست کردووە ئەی پێغەمبەرﷺ سەرەنجام دەتگێڕێتەوە بۆ قیامەت. قورئان هەمووی واجبە.

- باشە کە دەفەرموێت: (ئەم سورەتە واجبە) مانای چییە؟

- وەک ئەوەی کاتێک نوسراوێکت پێ دەدەن دەڵێن: چل خەت لە ژێر ئەم دێڕە بدە، مانای ئەوەیە ئەم دێڕە زۆر گرنگە، لەبارەی ئەم سورەتەش لە سەرەتای سورەتەکەدا نوسراوە (واجبمان کردووە) چونکە گرنگە و ئەحکامی شەرعیی زۆری تێدایە.

ئنجا گوتم: باشە حیجاب لە کوێی ئەم سورەتەدایە؟ گوتی: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ [النور: ٣١] واتە: با ئافرەتان سەرپۆشەکانیان بدەن بە سینگ و بەرۆکیاندا. گوتم: ئۆی نا ئەوە هەو نییە، خۆ نەنوسراوە ئەم خیمارە ئەو بالاپۆشییەیە کە واجبە، من چۆن بزانم؟ خوای گەورە دەیتوانی ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی بڵێت، یان بڵێت سەر و پرچتان داپۆشن... من

لەو کاتەدا خەریکی کێبڕکێیەک بووم تا نەفسم ڕازی بکەم!

مامۆستا گوتی: با لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم وشەیەت بۆ ڕوون بکەمەوە، وشەی (خمار) لە (خمر)ەوە هاتووە، کە لە عەرەبیدا واتە داپۆشینی عەقڵ، باشە ئەی شوێنی عەقڵ لە کوێیە؟ لە ئانیشکدایە یا ئەژنۆ یا دەست یا قۆڵ؟ گوتم: لەناو سەردایە، گوتی: کەواتە خیمار داپۆشەری کوێیە؟ بەتووڕەیی و ناڕەحەتییەوە گوتم: سەر، کەواتە حیجاب واجبە! کەواتە حیجاب هۆکاری چوونە بەهەشت و دۆزەخە! لا إلە إلا اللە... مامۆستا گوتی: ئارام بگرە خاتوو حەنان، تۆ پێشتر زۆر توند بوویت و لەسەر حەقیش نەبوویت وایە؟ گوتم بەڵێ وایە، گوتی: تۆ پێشتر حیسابێکت هەبووە لای خوا، ئێستاش حیسابێکی دیکەت هەیە، ئێستا بەڵگەت لەسەرە؛ چونکە گەڕاویت بەدوای ڕاستیدا و زانیت و دڵنیابوویت و باوەڕت هێنا کە حیجاب واجبە، بۆیە پەلە بکە.

خوای گەورە چەند قسەیەکی خستە سەر زاری ئەو مامۆستایە کە سوودی هەبێت بۆ من، بەڕاستی شێوازێکی زیرەکانە و سوودبەخش بوو، من پێویستم بەوە بوو قەناعەتم بۆ دروست بێت.

من حەوت ساڵ لەگەڵ خۆم لەجەنگدا بووم، بیرم دەکردەوە خوای گەورە داوای نوێژ و زەکات و حەج و هەرشتێکی کردووە ئامادەم و دەتوانم ئەنجامیان بدەم، بەڵام ناتوانم حیجاب بکەم!

زۆر خەفەتم دەخوارد و حاڵم زۆر خراپ بوو کە نەمدەتوانی لەچکێک بکەم!... دوای ئەوەی بوومە باڵاپۆش شتەکە زۆر ئاسان بوو و دەمگوت: ئەم (٧) ساڵ نارەحەتییە بۆچی بوو ؟!

جا بەڕاستی من دەمەوێ بە کردەوە سوپاسی خوای گەورە بکەم لەسەر تەندروستیی ئەندامەکانم و هەمو ئەو بەخششانەی پێی داوم.

من لەسەر بڕیاری باڵاپۆشییەکەم -جیاواز لە کارە دنیاییەکانی دیکەم- بەخششێک، خەڵات و ڕێزلێنانێکم وەرنەگرت و لەبەر خوا بڕیارم دا.. لە ئێستادا خەونی من ئەوەیە وەک چۆن لە دنیادا خوای گەورە منەتباری کردم کە کەسێکی بەناوبانگ بم، ئاواش یەکێک بم لە کەسە بەناوبانگەکان لە ئاسماندا، لە دونیادا نازناوی زۆرم هەبوو: هونەرمەند، پەپولەکە، ... ئێستا ئامانجم ئەوەیە نازناوێکم هەبێت لای (اللە ﷻ): ئافرەتە ڕاستگۆکە، ڕۆژووگرەکە، شەونوێژکارەکە، بەتەقواکە، چاکەکارەکە...

هەر ئافرەتێکی دیکەش وەک ئەم ئافرەتە دڵتەنگ بێت بە تاوانەکانی و دڵسۆزانە هەوڵ بدات بۆ تەوبەکردن و گەیشتن بە ڕاستی و نزیکبوونەوە لە خوا بەدڵنیاییەوە خوای گەورەش هیدایەتی دەدات و ئاسانکاریی چاکەکردنی بۆ دەکات و دووری دەخاتەوە لەو تاوانە.

شەرم

سیفەتێکی زۆر جوانی ئافرەتە،

شەرمی تەواوی ئافرەتیش لە باڵاپۆشییەکەیدایە.

ڕەوشتی باڵاپۆشان

ئافرەتانی باڵاپۆش بەو پێیەی کە باڵاپۆشن یەکێک لە باشترین پەرستشەکانیان ئەنجام داوە و واجبێکی گەورەیان جێبەجێکردووە؛ بۆیە پێویستە لەناو خێزان و کۆمەڵگاشدا نموونەیەکی جوان و بەرز بن و ئەوەندەی دەتوانن جێبەجێکاری قورئان و سوننەت بن و، خۆیان بڕازێننەوە بە ڕەوشتە بەرز و چاکەکان و، دووربکەونەوە لە ڕەفتارە خراپەکان؛ بۆئەوەی نەبادا ناوی باڵاپۆشی لای کەسانێک ناشیرن بکات و لەناخی خۆیاندا گشتاندنێک بکەن و ئەم بیروباوەڕانە بۆ خۆیان و خەڵکیش دروست بکەن: (هەموو باڵاپۆشێک هەر ئاوایە!) (باڵاپۆشیم لەبەرچاو کەوتوە لەبەر فلان کەس!) (فلان کچە ئاوای کردووە، هەرچی کچی حیجابە هەمووی ئاوایە...)، بەڵکو پێویستە باڵاپۆشییەکەیان هۆکارێک بێت کە هەوڵ بدەن ئەوەندە ڕەفتار جوان و بەڕێز بن کە ببنە هۆکاری جوانکردنی لەچک و باڵاپۆشی لای خەڵک و کاریگەریی باشیان لەسەریان هەبێت و، بەبێ ئەوەی قسەیەکیش بکەن بانگخوازی ئەم حەقیقەت و پەرستشە جوانە بن.

جا بۆیە هەندێ لە ڕەوشتە باشەکان باس دەکەین کە پێویستە ئافرەتی باڵاپۆش هەوڵ بدا خۆیانی پێ بڕازێنێتەوە لایەنی کەم ئەوانەی دیارن لای دەوروبەر، لەو ڕەوشتە جوانانەش وەکو:

١- هەڵگری ئەتەکێت و ئادابە ئیسلامی و قورئانیەکان بێت و زانیاری وەربگرێت لەبارەیانەوە و هەوڵ بدات جێبەجێیان بکات.

٢- مەبەست و نیەتی لە کارەکانیدا تەنیا بۆخودا بێت. هەرچەندە نیەت لەدڵدایە، بەڵام زۆرجار لای خەڵکیش دەردەکەوێت و پێی دەزانن!

٣- نەرمونیان بێت، ئازیزمان ﷺ دەفەرموێت: نەرمونیانی لە هەر شتێکدا هەبێت جوانی دەکات[١].

٤- بەسۆز و میهرەبان بێت بۆ کەسانی نزیک و دوور لە مسوڵمانان؛ بەڵام بە تایبەت بۆ کەسە یەکەمەکانی ناو خێزانەکەی.

٥- ڕاستگۆیی سیفەتی هەمیشەیی بێت.

٦- ڕێزدار بێت بەتایبەت بەرامبەر کەسە نزیکەکان وەک: دایک و باوک و هاوسەر و مامۆستا و هاوڕێ و خزمان.

٧- دڵپاک بێت و ویستی چاکەی بۆ هەموو کەسێک هەبێت بەبێ جیاوازی.

٨- تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر تەنیا بە پێی پێویست و بە سنووردانان بێت.

٩- لە ئاشکرا و نهێنیدا ترس و تەقوای خوا لە دڵیدا بێت؛ ئەگەر دوور لە چاوی خەڵک ترسی خوای لە دڵدا نەبوو، ئەوا خودا بەڵێنی داوە ئەم کەسانە ئاشکرا بکات ئەگەر لەناو ماڵی خۆشیاندا بن.

.......................

(١) پێغەمبەرمان ﷺ فەرمویەتی: (إنَّ الرِّفْقَ لا يَكونُ في شيَءٍ إلاَّ زانَهُ، ولا يُنْزَعُ مِن شيَءٍ إلَّا شانَهُ). أخرجه أبو داود (٢٤٧٨)، وأحمد (٢٤٩٣٨).

١٠- ئەگەر ئامۆژگاریی خەڵکی کرد بە لێزانی و بەڕێزی و ڕۆخۆشییەوە بێت، لەبەرچاوی خەڵک نەبێت. ئەگەر ئامۆژگاریش کرا بە خۆشحاڵییەوە وەری بگرێت.

١١- باش و چاکەکار بێت لەگەڵ هەموو کەس بەتایبەت کەسە نزیکەکانی.

١٢- گرنگیدان بە پەروەردەکرنی منداڵ بە دانایانە و لەسەر ئیسلامەتی و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ.

١٣- گاڵتەکردنی سەنگینانە و لەکات و شوێنی گونجاودا.

١٤- پارێزگاریکردن لە بەها خێزانی و کلتوورییە باڵاکان، وەک: ڕێزگرتن لە گەورەکان، خزمەتکردنی هاوسەر و منداڵ یا دایک و باوک، خۆی نەچوێنێت بە پیاوان بە ڕووکار و بە ڕەفتار، کلتووری خۆی لا گەورەتر بێت لە کلتووری وڵاتان بەتایبەت بێباوەڕان... هتد.

هەروەها هەندێ ڕەوشتی دیکەش وەک:

خاکی بێت

ئارامگر بێت بەتایبەت لەسەر حەرام و لەسەر هەڵەی دەورووبەر.

خاوەن ڕۆشنبیری و زانیاری بێت سەبارەت بە پێویستەکانی ژیان.

خـۆی هەڵنەقورتێنێـت لـەوەی پەیوەندیـی پێـوە نییـە و بـە قسـەکردن تێیـدا سـوودێک ناگەیەنێـت.

بوونی خۆشەویستی لەدڵدا بۆ خـودا، پیرۆزییـەکان، نیشـتیمان، چاکە، فێربـوون...

کاتەکانی بە شتی بەسوود و بەرهەمدار و حەڵاڵ بەسەربەرێت.

لـە ڕەوشـتە خراپەکانیـش دەکرێـت بڵێیـن پێچەوانـەی ئـەو ڕەوشـتە باشـانەی باسـمان کـردن.

ئافرەتە باڵاپۆشە جوان ڕەفتارەکەمان پێویستە دوور بێت لە:

١- حەزکـردن لـە ناوبانـگ و ڕووپاماییکردن، واتـە نیەتـی دڵـی بـۆ خوداکـەی نەبێـت لـە ئەنجامدانـی کارە چاکەکانـدا.

٢- خۆنواندن و مەدحی خۆ کردن لای خەڵک.

٣- بێڕێزی و ئازاردان؛ چونکە ئەگەر خوانەخواستە ئەم سیفەتەی هەبێـت تاهەتایـە ئـەم سـیفەتەی لەیـادی بەرامبـەر ناچێتـەوە. لەوانەشـە کەسـەکە بیبەسـتێتەوە بـە باڵاپۆشـییەکەی.

٤- گرژومۆنیی بەبێ هۆ، یان بەهـۆی کێشـەیەکی تایبەتی خۆتەوە. ئەمـەش وادەکات ئـەم خوشکە باڵاپۆشـەمان نەچێتە دڵی خەڵکی.

٥- دڵڕەقی و قسـەڕەقی بەتایبەت بەرامبەر ئـەو کەسـانەی باشـن بـۆی.

٦- کینە و ڕقی کۆن هەڵگرتن.

٧- خۆدەرخستن بەشێوەیەکی جیاواز لە سروشتی خۆت تا خۆشەویستتر یا ڕۆشنبیرتر یا زیرەکتر یا شارەزاتر ... دەربکەوێت.

٨- جنێودان یا زمانێکی ئازاردەر.

٩- غەیبەت و عەیبگرتن و بە کەم سەیری خەڵک کردن و ناووناتۆرەی ناشیرن لە خەڵک نان.

١٠- خۆبەگەورەزانین، کە تەواو مرۆڤ لەپێش چاوی خەڵک دەخات.

١١- نەزانی و دواکەوتوویی.

١٢- حەسوودی، جگە لەوەی ئافرەتی باڵاپۆش ناشرین دەکات کردەوە چاکەکانیش دەسووتێنێت وەکو ئاگر، واتە لای خوا دەسڕێنەوە.

هەموو باڵاپۆشێک مولتەزیم نییە

بـــــــەڵام بـــــەدڵــــــنـــــیـــــایـــــیـــــەوە

هەموو ناپۆشتەیەک نامولتەزیمە

ئـــــافــــــرەتانی بـــــاڵاپـــــۆش و ڕەوشتـــــــجوان

بەبێـــــــدەنگی بانــــــگخوازی دەکـــــــەن

هەم بۆ باڵاپۆشبوون هەم بۆ ڕەوشتبەرزی

جــــــلەکانت زمــــــانە، پەیـــــامە، ناسنـــــامەیە

(د. جاسم المطوع)

# پێڕست


پێشکەشە بە ٦

سوپاس و پێزانین ٧

پێشەکی ٨

بۆچی خوای گەورە باڵاپۆشیی واجب کرد؟ ١١

زیانەکانی تاوان و سەرپێچیکردنی پەروەردگار ١٧

هۆکارەکانی نەکردنی حیجاب و چارەسەریان ٢٤

(٥٣) خاڵ بۆ وازهێنان لە ناپۆشتەیی ٣٥

چۆن دەزانیت خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتوویت؟ ٩٦

٤٧ خاڵ بۆ بوون بە باڵاپۆش و بەردەوامبوون لەسەری ٩٨

ئایا بەرگی شەرعی بۆ ئافرەت کامەیە؟ ١٤٨

بەسەرهاتی باڵاپۆشیی حەنان تورک ١٥٨

ڕەوشتی باڵاپۆشان ١٦٥